# چەند وانەیەك لە ژیانم

# چەند وانەیەك لە ژیانم

نووسینی: د. ئەحمەد تووتنچی

وەرگێڕانی: د. حسێن محەمەد

# چەند وانەیەك لەژیانم

له بڵاوكراوەكانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی ژمارە (٩٠)

- نووسینی: د. ئەحمەد تووتنچی
- وەرگێڕانی: د. حسێن محەمەد
- بابەت: بیرەوەری
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەكەم ـ ٢٠٢٠ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان
ژمارە (٦٧٦)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# پێڕست


دەستپێک ........................................................ ٧
پێشەکی ........................................................ ٩
بۆخودابوون (الربانية) ........................................................ ١٧
لە بارەی مامەڵەکردن لەگەڵ نامسوڵمانانداندا ........................................ ٢٢
ڕێککەوتن و ڕاجیایی ........................................................ ٢٤
ڕاستکردنەوە و فراوانکردنی کاری خۆبەخشی ........................................ ٢٩
کاری بەکۆمەڵ ........................................................ ٣٤
هاریکاریی مسوڵمانان لەناو یەکتردا ........................................................ ٤٠
هونەری گفتوگۆ ........................................................ ٤٤
مسوڵمان و خێزان ........................................................ ٤٧
کڕنووشبەر لەپێش دروستکردنی شوێنی کڕنووش ........................................ ٥١
هۆکار (الوسائل)ە خۆبەخشییەکان ........................................................ ٥٣
لە بارەی میتۆد (منهج)ەوە ........................................................ ٥٥
لە بارەی ڕێزگرتن لە یاسا فەرمییەکانەوە ........................................ ٥٩
بۆنەکان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ........................................................ ٦١
ڕوونی و زەلالی (الشفافية والوضوح) ........................................ ٦٣
لەنێوان هزر و جێبەجێکردنیدا ........................................................ ٦٥
لێکۆڵینەوە لە ئەزموونەکانی پێشوو ........................................................ ٧٣
شارەزاییەکان (الخبرات) لە نەوەوە بۆ نەوە ........................................ ٧٦

لەنێوان گەورەکان و گەنجانەوە ........................................ ٧٨
سەرکردە هەڵکشاوەکان ........................................ ٨٢
ئەرکی پێشەنگ (القدوة) ........................................ ٨٣
هەڵوێست بەرامبەر نەیارەکانمان ........................................ ٨٦
ئامۆژگاری و ڕاوێژکردن ........................................ ٨٨
خۆبەڕێوەبردن (إدارة الذات) ........................................ ٨٩
بۆ قوتابیانی زانست ........................................ ٩٢
بۆ ئەوانەی سەرپەرشتیی فێرکردن دەکەن ........................................ ٩٥
لە بارەی لێهاتوویی و وریایی سەرکردەوە ........................................ ٩٦
ڕاهێنان و ئامادەکردنی سەرکردە ........................................ ٩٩
چاندنی خەمی کاری خۆبەخشی ........................................ ١٠١
فیقهی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا ........................................ ١٠٣
مسوڵمانان و سەروەت و سامان ........................................ ١٠٦
کاری خۆبەخشی و هاوکاریی ماڵی ........................................ ١٠٨
وەقفی خێری و کاری خێرخوازی ........................................ ١١١
کێشەکانی کاری خۆبەخشی ........................................ ١١٣
هەندێ ڕێکاری داهێنەرانەی ناتەقلیدی ........................................ ١١٥
کارە لەپێشینە خۆبەخشییەکان ........................................ ١١٧
کۆتاییەک سەبارەت بە میتۆد ........................................ ١١٩

## دەستپێک

ڕوانین لە ژیان لەدوا بەسەربردنی بەشی زۆری تەمەن و گوشینی وانەکان لێی کارێکی گرنگی بیرمەند و کەسە سەرکەوتووەکانە، لەهەمانکاتدا خوێندنەوەی ئەو جۆرە کتێبانەی باس لە ژیاننامە کەسییەکان و هەوراز و نشێوەکانی ژیانی کەسایەتییەک دەکات لەگەڵ ئەوەی کە چێژێکی تایبەتی هەیە لە هەمانکاتدا سوودێکی زۆریشی هەیە بۆ هەنگاونانی مرۆڤ بۆ نەکردنی ئەو هەڵانەی کە کەسانی تر ئەنجامیانداوە.

ئەم کتێبەی بەردەست کێبێکی چڕکراوەی زۆر بەسوودە لە کاروانی کاری خێرخوازی و بانگخوازی کەسایەتییەکی گرنگی جیهانی، کە هەموو تەمەنی لەڕێگای خزمەتکردن بە کاری خێرخوازی و بانگخوازییەوە بەسەر بردووە، ئێستاش بەردەوامە و لە لوتکەی بەڕێوەبردنی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامیدا پۆستی ئەمینداری گشتی ئەو ڕێکخراوەی هەیە.

ئەم کتێبە وەک نووسەر بۆ خۆی لە دیدارێکدا ئاماژەی پێدا: چڕکراوەی کتێبێکی گەورەیە کە ژیاننامەی کەسێتی خۆی لەگەڵیدا هاوپێچە، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکار تەواوی کتێبەکەی بڵاو نەکردۆتەوە، تەنها پەند و ئامۆژگارییەکانی لێرەدا تۆمار کردووە، کە لە ڕاستیشدا پاڵفتەکراوێکی جوان و شایستەیە بۆ هەموو بانگخوازێک و دەکرێت بەرنامەی ڕێگا بێت بۆ هەموو کاروانێکی بانگخوازی و خێرخوازی.

لەسۆنگەی دڵسۆزی سەنتەری زەهاوی و گرنگی ئەم بابەتە بۆ گەنجان و بانگ خوازە تازەپێگەشتووەکان بەپێویستمان زانی کە لەزمانی عەرەبییەوە وەریبگێڕینە سەر زمانی شیرینی کوردی، بە هیوای ئەوەی سودێکی باشی ببێت بۆ هەموان و وانەکانی ژیانی ئەم کەسایەتیە سەرکەوتووە ببێتە هەوێنی چاکسازی پاکخوازی هەڵسوکەوتمان.

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری**

**٢٠٢٠-٨-٢٧**

**إزرع جميلا ولو في غير موضعه**
**فلا يضيع جميل أينما زرعا**

واتە:

جوانی بچێنە با لە شوێنی خۆشیدا نەبێت
بە زایە ناچێت هەر جوانییەک لە هەر جێیەک ڕوابێت

# پێشەکی

ئەزموونی کرداری و زانستیی سەرکردە "دکتۆر ئەحمەد تووتنچی"، نموونەیەکی تایبەتە کە شایانی لێوردبوونەوەیە. ئەو گەنجە عێراقییەی کە سەرکەوتنی بواری خوێندن گەیاندیە بەریتانیا لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، لە سەرەتادا جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە هەڵکەوتوویی و سەرکەوتنی لە زانکۆ کۆ بکاتەوە لەگەڵ لێهاتوویی لە مەیدانی کاری ئیسلامیدا. لە بەریتانیا قۆناغی بەکالۆریۆسی تەواو کرد لە ئەندازیاریدا، هەر لەوێش کاری کرد لەسەر دروستکردنی چەند دامەزراوەیەک، لەوانە بە نموونە: کۆمەڵەی قوتابیانی مسوڵمان لە شانشینی یەکگرتوو و باکووری ئێرلەندا، پاشان کۆمەڵەی خوێندکارانی مسوڵمان لە ئەورووپا، پاشان پلەی دکتۆرای بەدەست هێنا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەر لەوێش یەکێتیی خوێندکارانی مسوڵمان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدای دامەزراند، هەر لەوێ لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ڕەوڕەوەی وشیارکردنەوە و بەگەڕخستنی کاری مسوڵمانانی ئەمەریکای دەست پێ کرد (لەدوای ئەوەی کە وەک سەرۆکی یەکێتییەکە سەرکەوتوو بوو لە ڕێکخستنی پەیوەندیی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیار و قورسی ئەمەریکیی ئەو کاتە، وەک: ئەلیجا محەمەد و مالکۆم ئەکس) لە قۆناغێکی یەکلاکەرەوەی مێژووییان کە

ناسرابوو به "بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان و داواکردنی کۆتاییهێنان بە جیاکاری لەگەڵ ڕەشپێستەکان".

پاشان پڕۆژە و ئەزموونەکانی زیاد بوون و بەدوای یەکدا هاتن و فراوان بوون لە تەواوی جیهاندا، لەسەر ئاستی زانستی وەک: "کردنەوەی بەشەکانی لێکۆڵینەوەی نەوتی و پترۆکیمایی لە لیبیا و سعودیە"، لەسەر ئاستی بانگەواز وەک: دامەزراندنی "نەدوەی جیهانی بۆ گەنجانی ئیسلامی". بە وتەیەکی گشتیتر بڵێین: توانیی بەشدار بێت لە دامەزراندنی ڕێژەیەکی زۆر لە دامەزراوەی زانستی و بانگخوازی لە چەندین وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و دەرەوەی جیهانی ئیسلامی، بەناوبانگترینیان: پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی، کە لە ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ هاوڕێیەکانی؛ مامۆستایان ئیسماعیل فارووقی و ئەنوەر ئیبراهیم و عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان و هیشام تالیب و جەمال بەرزنجیدا هەستان بە دامەزراندنی.

ئەم ئەزموونە لە پڕۆژەیەکی لۆکاڵییەوە بوو بە پڕۆژەیەکی جیهانی، لە ڕووی کات و شوێنەوە ڕێڕەوێکی تایبەتی داتاشی کە ئەم کتێبەی بەر دەستمان پوختەی هەندێک لە وانەکانیمان پێ دەبەخشێت.

ڕاستە تەکنیکی ئاسان و ڕاستەوخۆی ئەم کتێبە ڕێگە دەدات بەوەی کە ڕێژەیەکی فراوان لە خوێنەران و ئەو کەسانەی گرنگی دەدەن بەم بوارانە؛ سوودمەند بن، بەڵام چونکە ئەم کتێبە گوزارشتە لە ئەزموونی لایەنی کرداریی کەسایەتییەک کە بۆ ماوەی پتر لە نیوسەدە کاریگەریی داناوە لەسەر تەواوی ئاوەدانیی مسوڵمانان، ئەمە بێگومان وا لەم کتێبە دەکات خەمی ڕۆژانەی زۆرینە بجووڵێنێت، چونکە کتێبەکە بابەتی گریمانەیی و خەمڵاندن و بنیاتنانی فیکریی تیۆری باس ناکات، بەڵکوو

پاڵفتەی ئەزموونی کرداریی کەسایەتییەک دەنەخشێنێت کە ڕووی داوە بەپێی دید و پابەندییەکی دەستپێکییانە و بەردەوام بووە لە گەشەکردن بە گوتار و پەیڕەوەکانی لە ڕێی لەسەنگدانی لە مەیدانی کارکردندا، واتە لە ڕێی تاقیکردنەوە و فراوانکردن و بەهەرێمایەتیکردنی.

لێرەدا دوو چەمکی سەرەکی، ئەم کتێبە ئاڕاستە دەکەن: ئەزموون لەگەڵ دید. بە دەربڕینێکی تر: ئەزموون وەک دیدێکی زیندوو. بەڵێ، ئەزموونێکی هەڵقوڵاو لە دید، چونکە دیدگا هەموو کات ئەزموون وەگەڕ دەخات و هەر کاتێک ڕوون بووەوە بە شێوەیەکی بەرجەستە، ئەوا فراوانی دەکات، هەروەک چۆن ئەزموون؛ دید و دیگا دەوڵەمەند دەکات و جوان و ساغی دەکات. لە ڕاستیدا لێرەدا ئەزموون و دیدگا لە لایەنی ڕۆحییەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک چرایەکی ئەخلاقییانە لە پەیوەندیی تاکی لەگەڵ خوددا، واتە لەگەڵ ئاسۆی بەهایی ئامادە لە وەعی مرۆڤدا بە مانا قووڵەکەی، بەو پێیەی کە لە جەوهەری ئیمانییەوە دەردەچێت، واتە لە پەیوەندیی بە خوداوە دەردەچێت، پاشان لە بنەما ڕۆحییەکانی دامەزرێنەری کیانە قووڵەکەی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە پەیوەندی بە ئەوانی تریشەوە لە جۆراوجۆرییاندا.

لەم باسوخواسەدا کە لە سەرەتاوە هەتا ئێرە باسمان کرد، ئەوە تێدەگەین کە ناکرێت دانەر لە بورجێکی عاجی بەرزدا لە لێوردبوونەوە بوەستێت کاتێک باسەکان پەیوەستن بە بەهاکانەوە. بۆ ئەوەی بکرێت تێبگەین و لێی ورد بینەوە، پێویستە بەرجەستەیان بکەین و تاقییان بکەینەوە، بزانین تا چەند توانای ڕەنگدانەوەیان هەیە بەو بەهایانە لە ژیانیدا و لە درێژەی وردودرشتی ژیانی ڕۆژانەیدا.

تێگەیشتن لە هەر بەهایەک و وردبوونەوە لێی؛ تەواو نییە، هەتا بە قۆناغی پاڵفتەکردنی کرداری و کاریگەردا لە بواری ژیانی دەروونی و ماددیی خەڵکدا تێنەپەڕێت، بۆ ئەوەی لایەنە ڕوون و دیارەکانی ژیان و ڕەچاوکردنی دەرکەوتە وابەستەکانی بە واقعی بینراوەوە دەربکەون. ئەم بابەتە پەیوەستە بەوەی کە لە ڕووی فەلسەفییەوە ناسراوە بە عەقڵی کرداری، واتە بە پاڵفتەکردنی قووڵی بەهاکان و ئیمان کە هەردووکیان بەرجەستە دەکەین لە ڕێی کاریگەرییان لەسەر ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە.

لەم ڕەچاوکردنانەی باسمان کرد، بەڕوونی بەش و باسەکانی ئەم کتێبە لە ڕووی بنیاتنانی میتۆدیانە و پەروەردەییانەوە ئاشکرا دەبێت، بەڕاستی وانەیەکی گەورەیە لەو ژیانەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەوانی تر، کە ڕوونی و ڕاستگوییەکەی دەرخەری دیوەکەی تری ناخیەتی کە گونجاوی و ئاشتەواییە لەگەڵ خودی ناخی خۆی، واتە گونجاو و ئاشت لەگەڵ ژیانە ڕۆحی و ئەخلاقییەکانی، بە دەربڕینێکی تر: لەگەڵ ئیمان بە خودادا.

ئەمەش هەر ئەو هۆکارەیە کە وای کردووە یەکەم بابەتی ئەم کتێبە بریتی بێت لە پەیوەندیی مسوڵمان لەگەڵ ئەوانی تردا کە هاوبەش نین لە هەمان ئەو بیروباوەڕەی کە هەمانە، ئەو مسوڵمانانەی کە هەر لە سەرەتاوە ڕێگە بە خۆیان دەدەن کە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تری مرۆڤ لە ئاسۆ گشتی و میعیارییەکەیەوە تاقی بکەنەوە. سەبارەت بە تاک -هەر کەسێک بێت-، پێویستە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر کە جیاوازن لەگەڵیدا؛ لە ناخیدا ڕەگی داکوتابێت و باوەڕی تەواوی پێی هەبێت، تا ئەو ڕادەیەی کە بگاتە ئەو ئاستەی کە ئەوان بە هاوبەشێکی باوەڕپێکراوی خۆیانی بزانن، چونکە پەیوەندیبەستنەکەی لە ڕووی پێگە

مرۆڤایەتی و ڕۆشنبیرییە چەسپاوەکەوەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی توانای کرانەوەی لەگەڵ ئەوانی تردا، لەگەڵ بوونی هەموو ئەو ڕاجیاییانەی کە دەکرێت هەیبن لەگەڵیدا و ئەو جیاوای و ڕاجیاییانەی کە ئەوان هەیانە لەگەڵیدا.

بەرمەبنای ئەم بناغە مەعریفییە بەهاییانە، چەقیەتیی پەروەردە و میتۆد؛ جێگیر و دیار دەبن. بۆیە هەر ژیانێکی هەڕەمەکیی بێ بەرنامە، هەر دیدێکی ناجێگیر؛ پێویستە تێپەڕێنرێن، کە ئەمەش ئەستەمە پێی بگەین بەبێ ئەو دوو سیستەمە ڕێکخەرە: پەروەردە و میتۆد. بە دەربڕینێکی تر: پێویستە بینای تاک بکەین و پێداویستییە مەعریفییە پێویستەکانی پێ بدەین، تا ئەو کاتەی دەتوانێت پەیوەندییەکانی بە خودی خۆی و بەوانی ترەوە ڕێک بخات بە ڕوونترین شێوە. چوونە جەوهەری پەروەردە لە پەیوەندی بە خود و پەیوەندی بەوانی ترەوە سەرچاوە دەگرێت، بەدەستهێنان و دروستبوون و دامەزراندنی لەو پەیوەندییەدا سەرچاوە دەگرن، هەر لەویشدا میتۆد دەوڵەمەند دەبێت و تاقی دەکرێتەوە. لەپێش هەموو شتێکدا لەناو خێزاندا دروست دەبێت، چونکە لە باوەشی خێزاندا بۆ یەکەم جار هەموو تاکێک پەیوەندی بەوانی ترەوە تاقی دەکاتەوە، بە جۆراوجۆری (التنوع)، بە کاری بەکۆمەڵ، هەر لەوێشدا ئەو شتانە فێر دەبێت کە دروستن کە بکرێن، یان ئەوانەی کە پێویستە بکرێن، یان ئەو شتانەی کە پێویست نین و یان نابێت بکرێن.

لە سەرەتاییترین ئەو بەهایانەی کە مرۆڤ فێریان دەبێت و ڕەگ دادەکوتێت تیایدا و پەیوەست دەبێت پێوەی لە ژیاندا، ئەو بەهایانەن کە لە ڕێگەی پێشەنگی جوانەوە فێریان دەبێت، لە ڕێگەی نموونەی

زیندووی بینراوی بەرجەستەوە، چونکە پەروەردە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەو کۆششە پەیوەست بە یەک و یەکلەدواییەکانەن کە ڕێگە بە گواستنەوەی شارەزاییە مرۆییەکان دەدەن کە دەگوازرێنەوە و فراوان و دەوڵەمەند دەکرێن لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بە پێشەنگی جوان. کەواتە پەروەردە؛ فێربوونە لە دامەزراوەوە، لە کۆمەڵگاوە، لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر، لە بەجێهێنانی کاروباری گشتی لە ڕووی پلاندانان و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەوە... هتد.

هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ لێکۆڵینەوە لە بەها ئەخلاقییەکان لە دوورگەیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگا و مرۆڤ، بۆیە وەرگێڕانی بۆ سەر واقعی ژیان؛ پێویستی بە ئاستێک لە جێبەجێکردن و پراکتیزەکردنی خودهاوڕێزی "البینذاتیة"[١] هەیە، لە ژیان لەگەڵ ئەوانی تردا، لە ژیانی هاوبەشدا، زۆر کات ئەمەش مەبەستە لە دەربڕینی "جێنشینی سەر زەوی" لە بابەتی "وەبەردەستخستنی زەوی بۆ مرۆڤ و ئاوەدانکردنەوەی لەلایەن مرۆڤەوە" (التسخیر والتعمیر)، ئەم کارەش لە یەک کاتدا بەناچاری کاری تاک و کاری کۆمەڵیشە، پێویست دەکات کە

[١] هەردوو وشـــەی (بـــین+ ذات)ەوە وەرگیـــراوە کە لە وشـــەی (intersubjuctivity) کە ئەویش لە دوو بەش (inter+ subjuctivity) کە سەبجەکتیش بەواتای (ذات)ە لە بەرانبەر (موضـوع یـان خـارجی ذات)ە... مەبەسـتی فەلسـەفی زاراوەکەش بـریتییە لە پاراسـتن و مـانەوەی ذاتەکـان و هاوکـات ڕێزدانـان و پاراسـتنی ذاتەکـانی تـریش لە پەیوەندییەکانـدا، کەواتە دەتوانین بڵێین (ڕێزگرتن لە خـود و هاوکـات داننـان بە بـوونی کەسـانی تریشـدا) واتاکەیەتی، ئەو وشە عەرەبییە گەرچی زۆر دەقیق نییە، بەڵام تا ڕادەیەک جێی گرتووە و هەردوو وشـــەی (بـین) و (ذات)یـش پشـتیوانی زاراوەکەیە، لە کوردیـدا وەک وشـــەیەکی دەقاودەقیش وشەی (خود هاوڕێزی)م بۆ بەکارهێناوە، چونکە یەکانگیرە لەگەڵ ئەو واتایە.

هاوکاری هەبێت لەنێوان تاکەکاندا و ڕێز لە بنەماکانی دەستبارگرتنی یەکتر بگرن.

بەم ئامانج و مەبەستەوە، دکتۆر ئەحمەد تووتنچی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە "بنەمای یەکەم لە کاری بەکۆمەڵدا، بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر بنیاتنان". لایەنی ئەرێنیی ئەم بنەمایە ئەوەیە کە دوو جەمسەرە، چونکە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا؛ لایەنی کرداری لە کاری بەکۆمەڵدا دیاری دەکات، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. کەواتە ئەم پەیوەندییە دووانەییە (مرکبة)؛ پەیوەندیی بنیاتنانە و عیمڕانییە، نەک پەیوەندیی پێکەوەبوونێکی نەرێنی یان تەنبەڵی. ئەمە لە ڕووی لۆجیکی و پراکتیکییەوە کۆمەڵێک ئەنجام دەخوازێت، وەک تەرکیزکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و لایەنە پچڕاوەکان، پاشان قەبووڵکردنی باکگراوند و ڕاو و بۆچوون و ڕادۆزییە جیاوازەکان، بە شێوەیەک کە ئەم بنەما کردارییە ڕێگە دەدات بە تێگەیشتن لەو جیاوازییانە بە شێوەیەکی ئەرێنی و سوودوەرگرتن لێی و وەبەرهێنانی لە ڕووی کردارییەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە ئاستی دوای ئەمەدا؛ دانانی گرنگترین بنەما و ئامادەسازییە دامەزرێنەرەکان، یان کاری دامەزراوەیی بە ڕێکخستنی یاساکانی کارکردنی بەکۆمەڵ بە شێوەیەک دژ نەوەستێت لەگەڵ جۆراوجۆریی باکگراوەندی تاکەکانی ئەم کارە و بیروبۆچوونەکانیان، بەڵکوو ڕێگە بدات بە سوودوەرگرتن لەو جۆراوجۆریی جیاوازییە و چەسپاندن و وێناکردنی بە شێوەیەک کە بنەمای دابەشکردنی کارەکان و تەواوکاری تێیاندا پشتی پێ ببەستێت.

بەڕاستی کتێبی "دروس من حياتي" لەو دەلاقەیەوە کتێبێکە لە بارەی بەهاکانەوە، وەک چۆن کتێبێکە لە بارەی میتۆدەوە، واتە ئەم کتێبە چەند

وانەیەکـە لـە وردبوونـەوە لـە ژیـان و ڕێکخسـتنی. بەڕاسـتی پوختـەی کارێکی بەردەوام و جددییە لە کات و شـوێندا، بـۆ ئـەوەی بنـەما و بـەها جوانەکان ڕەگ دابکوتن لە ژیاندا، بۆ ئەوەی بەهاکان هەمیشە زینـدوو و بەرجەسـتە و بـەرز و پـەتی و بێ مـەرج بـن، بـۆ ئـەوەی ژیـان؛ ئیمـان و کـردار بێـت و نموونەیـەک بێـت لـەوەی کـە دەبێـت ژیـان بـەو شـێوەیە بەرجەستە بێت.

**بەددی ئیبنو**
**٢٦ی نۆڤەمبەر/٢٠١٨**
**برۆکسل**

# بۆخودابوون (الربانية)

**باوکم (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) وەسێتی بۆ کردم کە هەمیشە خودام لەپێش چاو بێت، بۆ ئەوەی بتوانم دوای بکەوم، چونکە ڕۆیشتن بەدوای ڕێنموویی خودادا؛ ئاوات و ئامانجی مسوڵمانە.**

وا فێر بووم چێژ وەربگرم لە ئارامیی ڕۆژهەڵاتنی بەیانیان زوو، لەگەڵ ئەو هەموو قورساییەی هەستانی بەیانیدا، بەڵام ئەو کەسەی کە بتوانێ بەیانیان زوو هەڵبستێت، ئەوە لەگەڵ جوانیی هەناسەدانی سپێدەدا دەژیەت و گیانی پڕ دەبێت لە عەزیمەت، بۆیە لافاوی وزەبەخشین تیایدا هەڵدەستێت، ئەمەش لایەنێکە لە لایەنەکانی گرنگیی نوێژی بەیانی.

تەقوا و هیچ یەک لە بەها ئیسلامییەکانی تر وەک ناسینێکی تیۆریی ڕووت لە قووڵبوونەوە لە هەستە مرۆییەکان ناناسم، بەڵکوو بەها ئیسلامییەکان وا دەبینم کە گواستنەوەیە لە ژیانی مرۆڤانەی ڕووت بۆ ژیانی مرۆڤانەی کرداری، بۆیە ئەوکات هەست بە گرنگیی بەها ئیمانییەکان دەکەم و کاریگەرییەکانیان دەبینم لەسەر ژیانی خەڵک.

پێویستە لەسەر مسوڵمان کە نموونە بێت، خودا لە خۆی ڕازی بکات، پێویستە پێشەنگ بێت بۆ ئەوانی تر لە پەیوەندیبەستن لەگەڵ جیهانی

سەردەم بە هەموو دەرهاویشتە و ئاستەنگەکانیەوە، بەم کارەشی ڕەزامەندیی خودا و جێنشینی لەسەر زەوی کۆ دەکاتەوە.

ئەگەر یەکێک لە ئێمە نیوسەدە لە تەمەنی خۆی بەسەر بەرێت لە لێکۆڵینەوە لە قورئانی پیرۆز، لێکۆڵینەوەیەکی مەعریفیی تیۆری، بەڵام دوور لە هەستوسۆزی دەروونی و بەرجەستەیی لە ژیاندا، دوور لە تەسلیمبوون و ملکەچیی ڕاست و دروست بۆ خودا، ئەوە سوود لە قورئان وەرناگرێ مەگەر زۆر کەم نەبێت! بۆیە گرنگیی قورئان لە بەرجەستەبوونەکەی لەسەر ژیان، ڕەنگ دەداتەوە.

مسوڵمان چاودێری خۆیەتی لە هەموو ئەو شتانەی کە شەرم دەکات ئەنجامیان بدات لەبەردەم خەڵکدا، یان لەبەردەم ئەو کەسانەی ڕێزی لێ دەگرن، یان ڕێزیان لێ دەگرێت، دیارە نابێت ئەو کارانە ئەنجام بدات لەبەر چاوی خەڵکدا و لەژێر چاودێریی خەڵکدا، لە ڕاستیدا گرنگترە کە ئەو جۆرە کارانە بە هیچ جۆرێک ئەنجام نەدات بەنهێنی و لەژێر پەردەشدا، چونکە خودای گەورە لە هەموو کەس جوانتر و بەبەردەوامی و لە هەموو کاتێکدا سەیرمان دەکات و دەمانبینێت.

پەلە بکە لە چاکەکردن چەندە دەتوانیت، پارە و توانات ببەخشە لە ڕێگای چاکەدا چەندە بتوانیت، کۆشش بکە بۆ ئەوەی کەس پێشت نەکەوێت بۆ نزیکبوونەوە لە خودا، کارە چاکەکان پشتگوێ مەخە و خاوەخاو مەکە تیایاندا، بە هەردوو باڵی لەخواترسان و ئاسوودەیی یەقینەوە ڕێگەکەت ببڕە.

بە ئاگایی و زیندووییەوە چاودێریی ئیمانت بکە و بەدوایدا بگەڕێ لە قووڵایی دەروونتدا، بەبەردەوامی چاودێریی پلەی ئیمانت بکە و حاڵەتی زیادبوون و کەمبوونی بخوێنەوە، بۆ ئەوەی زیاد بکات نەک

کەم، گەشە بکات و گوڵ بکات لە دڵتدا، بۆ ئەوەی بەروبوومی کردەوەی چاک بەرهەم بێنێت، گلەیی لە خۆت بکە لەسەر هەموو کەمتەرخەمییەکت لە ئیمانداریتدا و سوور بە لەسەر پاراستنی کەرامەت و دەستگرتن بە ڕەوشتبەرزییەوە.

هەردەم مسوڵمانێکی لەخواترس و پاک بە لە هەموو کاروبارەکانی ژیاندا، کار بکە لەسەر پشتبەستن بە حەق و ئارامگرتنەوە، وەک چۆن ئیسلام فێری کردوویت. فێر بە کە خۆڕاگر بیت لەبەردەم بەڵا و کارە قورسەکاندا، ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەکان و میحنەت و ناخۆشییەکان ببیتەوە بە ئیمان و ئومێدەوە و پشت بە خودا ببەستە لە هەموو کات و زەمانێکدا، ئەوەش بزانە کە هێنانەکایەی ئامانجەکان پەیوەستە بە ئارامگرتن و خۆڕاگرتن لەسەر ناڕەحەتییەکان.

کارکردن لە بواری ڕێنماییکردنی خەڵک بۆ ئیسلام و بوارەکانی دڵخۆشیی دەروونی و ئیرەیی و ئاسوودەیی دڵ دەستەبەر دەکات، ئەوەش لە تاموچێژی ئیمانەوەیە و لە نیعمەتی بەخشینە لە پێناوی خودادا، هەر بۆیە بۆ کاری خۆبەخشی؛ دڵخۆشییەکی تایبەتی هەیە وەک چۆن بۆ سەرکەوتن لە کاری پیشەییدا بەم شێوەیەیە و لە هاوشێوەکانیشیدا لەزەت و جوانیی تایبەت بەدی دەکەین.

لە سادەترین ڕەوشتەکانی مرۆڤی مسوڵمان ئەوەیە کە نموونەیەکی جوان و بەرز پێشکەش بکات بە کۆمەڵگا، نموونەیەک کە خەڵک چاوی لێ بکات، واز لە بەشی نەفس بهێنێت، خۆی بێنیاز بکات لە مافەکانی خۆی و قوربانی بدات بەبێ زۆرلەخۆکردن و منەتکردن.

زانستی تیۆریی خەزنکراو لە ئەندێشەدا هیچ بەهایەکی نییە ئەگەر کارپێکردن و پراکتیزەکردنی لەگەڵ نەبێت لەسەر زەوی، جێبەجێکردنی

لەگەڵدا نەبێت لەسەر ڕایەخی واقیع و ڕێگاکانی ژیان، هەر بۆیە زۆر پێویستە سوور بین لەسەر کۆکردنەوە لەنێوان زانست وەک بەهایەکی فیکری و کارکردن پێی بە شێوەیەک کە خزمەتی خەڵک بکات و لە واقیعدا ڕەنگ بداتەوە.

نییەتت ساف بکە بۆ خودا، چەندە دەتوانیت ئەوەندە کۆشش بکە و خزمەت بکە، شایستە بە بۆ وەرگرتنی نیعمەتەکانی خودا و گەیاندنیان بەو کەسانەی کە پێویستیانە و شایستەن بۆ ئەو نیعمەتانە، بەم کارەت؛ خێروبێرێکی زۆر و ئەمینی و دڵنیاییەکی زۆر بەدەست دێنیت، خودا خەڵکانێکیشت بۆ نەرم دەکات کە یارمەتیت بدەن و کارەکانت بۆ ئاسان بکەن، ڕێگرییەکانت لە بەردەمدا لا بەرن، ئەمەشە بەروبوومی ئیخلاس و کاری بەردەوام و دڵسۆزانە.

هەموو مسوڵمانێک گەوهەرێکی بەقیمەتی هەڵگرتووە لە یەقینەکەیدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە یەکخواپەرستییەکەی و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەم دینە گەورەیەدا، بەڵام خەتەرناکیی گوناهـ و ئارەزووە نابەجێیەکان و کەمتەرخەمی و ناچالاکبوون لە کاردا؛ چەند نەخۆشییەکن تووشی مرۆڤ دەبن، ئەم گەوهەرە بەقیمەتە دەشارنەوە لەژێر تاواندا و خەڵتانی دەکەن بە گوناهەکان، بەڵام ئەمە کۆتاییەکەی نییە، بەڵکوو مرۆڤ دەتوانێت هەڵبستێتەوە بەوەی ترووسکەی ئیمان و تەقوا و تۆبەکردن بگەشێنێتەوە لە خۆیدا و بە هەوڵ و کۆشش و گەڕان دەتوانێت ئەم گەوهەرە بەقیمەتە شاراوەیە پاک بکاتەوە لەو شتە زیاد و بێکەڵکانەی بوونە هۆی شاردنەوەی، بیکاتەوە بە گەوهەرە پاکە درەوشاوە بێگەردەکە.

بــاوەڕبوون بــە خــودا و تەســلیمبوون پێــی؛ ئامــانج و ئــاواتی ڕاستەقینەیە، ئەو ڕێگە زامنەیە بۆ گەیشتن بە پاکی و ڕێنمایی دروست و دڵئارامی. نهێنیی گرنگیی ئیخلاس و تەنها بۆ خودایی لەوەدایە کە ئەو ترپــەی لێــدانی ویســتن و خۆشەویســتیی خودایــە، لــەودا نــەجاتبوون فەراهەم دێت و دڵەکان ئارام دەبن. بۆیە هەر کردەوەیەک تەنها بۆ خودا بێت؛ بەردەوام دەبێت و کاری تری بەدوادا دێت، هەر کردەوەیەکیش بۆ خودا نەبێت؛ دەپچڕێت و بەردەوام نابێت.

لـە هـەموو بەختـە باشـەکانی ژیـان باشـتر ئـەو بەختەیـە کـە تەمـەنی مرۆڤ درێژ بێتـەوە لـە گوێڕایـەڵی خـودا و کـردەوەی چاکدا. لـە ڕێگـەی تەمەنـدرێژی و کـردەوەی چاکـەوە، مـرۆڤ چەنـد فرسـەتێک لـە فرسـەتە چاکەکان دەدۆزێتـەوە بـۆ ئـەوەی بەندەیـەکی سوپاسـگوزار بێت لەسـەر چاکەکانی خودا بەسەریەوە.

# له بارەی مامەڵەکردن لەگەڵ نامسوڵماناندا

**پێویسته کاتێکی تەواو بدەیت به ئەوانی تر له نامسوڵمانەکان، بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە و ئـەو بیروبۆچوونانـەی تـۆ پێـت داون؛ لــه خۆیاندا ڕێکی بخەن، ورده ورده تێیبگەن و دەستی پێوه بگرن.**

لەسەر مرۆڤی مسوڵمان پێوسته کاتێک پەیوەندی دەبەستێت لەگەڵ کەسێکی نامسوڵماندا، هەموو ئەو شتانەی له ئەندێشەی خۆیدایە؛ بەتاڵی نەکات به یەک جار بۆ هاوڕێکەی، هەموو زانیاری و ئەرکه ئایینییەکان نەدات به ملیدا و له بەیەکگەیشتنی یەکەمدا؛ ئەرکانەکانی ئیمان به شێوەیەکی دوورودرێژ و وردەکار نەدات به گوێیدا، به شێوەیەک مامەڵه نەکات وا بزانێت ئەوه کۆتا فرسەته بۆی و هەمبانەکەی هەموو بۆ هەڵبڕێژێت، چونکه نامسوڵمان ناتوانێت له ئیمان تێبگات بەقەدەر تێگەیشتنی مسوڵمان بۆی، ڕەنگه زانیارییەکانی لەلا تێکەڵ ببێت یان ون ببێت له بیرۆکه ئاڵۆزەکانیدا و مەبەستەکەی پێ نەگات و هیچ سوودێک نەبینێت.

هەڵوێستی ڕاست و هەڵسوکەوتی پێکاو له بانگکردنی نامو‌سڵمان بۆ ئیسلام، بریتییه له هەنگاوبەهەنگاوی چوونه پێشەوه لێی به حیکمەت و مۆڵەتدان پێی، هەوڵ بده یەکەم جار گوێ بکره له بەرامبەرەکەت و گرنگییەکی تایبەت بده بەوەی لای ئەو هەیه و ئەوەی که ئەو دەیڵێت،

ئەو کاتە تۆ دەتوانیت خۆپارێزی و ترسەکانی تێبگەیت و ئاشنا بیت بە دەرگاکانی چوونە ناو دڵ و دەروونیەوە و دەرک بکەیت بە خاڵی لاواز و گومانەکانی لە تێگەیشتنیدا، بەم شێوەیە سەرکەوتوو دەبیت لە شیکردنەوەی گوتارەکانی و لە قسەکانی تێدەگەیت و ڕێگەکەت لەلا ڕوون دەبێتەوە و زمانت دەکرێتەوە، بەم ڕێگەیە سەرکەوتوو دەبیت کە هاوکێشەی کڕین پێش فرۆشتن پیادە دەکەیت.

باش لەبیرت بێت هەرگیز هیچ گڵۆپ یان دارێکی سیحری نییە لە ڕێگەیەوە ئامانج و مەبەستەکانت بهێنێتە دی، هەموو ئەوەی کە دەتوانیت بیچنیتەوە لە وەرزی چنینەوەدا؛ ئەوەیە کە لە وەرزی ڕواندندا ڕواندووتە. بۆیە جوان شت بڕوێنە، زامنی چنینەوە و وەرزی دوورینەوەی جوان دەکەیت. پێویستە جوان دەرک بەوە بکەیت کە کات کاریگەریی زۆری هەیە لە پێشکەوتن و پێگەیشتنی بیر و ئەندێشەی خەڵکیدا، هەرگیز بیردۆزی پلەبەپلەیی پێشکەشکردنی بەڵگەکان لەیاد مەکە، چونکە پلەبەندی سوننەتێکی گەردوونییە، بۆیە پێویستە کاتێکی پێویست بدەیت بە بەرامبەر بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە و گفتوگۆ بکات و ئەو بیروبۆچوون و قەناعەتانەی کە دەیانخاتە ڕوو؛ ڕاست بکاتەوە، بە شێوەیەکی پلەبەپلەیی تێیاندەگات و دەستیان پێوە دەگرێت. لە کاتێکدا کە ئەوەمان زانی کە کات بەشێکە لە یارمەتیدان بۆ گۆڕینی بیروبۆچوون و قەناعەتەکان، لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەوە بزانین کە کەمتەرخەمی و دواخستن بەتەنیشت یەکەوە لەگەڵ کاتدا دەڕۆن، لەبەر ئەوە لەسەر مسوڵمان پێویستە لە پلان و حیساباتی خۆیدا کاریگەریی کات وەدەرنەنێت و گرنگییەکەی لەبەرچاو بگرێت. تۆ ناتەوێت دینی ئەوانی تر بگۆڕیت، بەڵکوو دەتەوێت خزمەتیان بکەیت و دڵنیاییان پێ ببەخشیت.

# ڕێککەوتن و ڕاجیایی

کاری بانگخوازی جێگەی زۆرێک لە ڕاوبۆچوون و ڕادۆزی جیاجیای تێدا دەبێتەوە، لەمەشدا سوودێکی زۆر هەیە لە بنیاتنانی پەیوەندی و بەڵێنبەستنی برایانە و لێکتێگەیشتن لەنێوان هەموو مسوڵماناندا.

یەکەم بنەمای سەرەکی لە کاری بەکۆمەڵدا؛ تەرکیزکردنە لەسەر بنیاتنان، بۆیە هەمیشە بگەڕێ بەدوای ڕێگەکانی لێکنزیکبوونەوە و وابەستەبوون و گونجان، لەبریی داهێنانی شەڕی لاوەکی و خۆسەرقاڵکردن پێوەی، هەمیشە یەک دەنگی و وابەستەبوون زاڵ بکە بەسەر ڕاجیاییدا، جەخت بکەرەوە لەسەر زۆرنەکردن لە ئەوانی تر و ڕەشەرمنەخستنیان، واز بێنە لە گەڕان بەدوای خاڵە جیاوازەکان بەوەی ڕابردوو تێپەڕێنە و بگەڕێ بەدوای خاڵە گونجاوەکان و ئەو شتانەی نزیکی و خۆشەویستی زیاد دەکات.

ئیسلام ئایینی یەکگرتووییە، پێویستە تەرکیز بکەین لەسەر هەموو ئەو شتانەی خەڵک لە عەقیدە و بۆچوونەکانیاندا کۆ دەکاتەوە، ئەوانەی دڵەکانیان وابەستە دەکات، چونکە هۆکارەکان زۆر دەبن، بەڵام ئامانجەکە یەک شتە، بەم کارە ئەنجامەکە ئەوە دەبێت کە مسوڵمانان هەموویان دەبن بە برا، پەیوەندییەکی پتەوتر لە پەیوەندیی برایەتیی خوێن؛ کۆیان دەکاتەوە، ئەویش پەیوەندیی برایەتیی ئیمانییە.

ئەوەی کۆبوونەوە لەسەر ئیمان بەهێز دەکات، بریتییە لە تێپەڕاندنی فیتنە و ئاژاوە، دوور بکەویتەوە لە وروژاندنی دەمارگیری و ڕقوکینەکان. ژیان پڕاوپڕە لە ئەو شتانەی کە ئەرێنی و باش و بنیاتنەرن، با جەخت بکەینەوە لەسەر ئەم ڕووە گەشە، چونکە کۆبوونەوە لەسەر ئیمان؛ ئازارمان لێ دوور دەخاتەوە و یارمەتیمان دەدات لەسەر تێپەڕاندنی فیتنە.

ئیمانی ڕاست؛ سیفەتی جیهانیی گشتگیری هەیە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی زۆر جوان و چاکە کە هەیەتی، لە مەیدانی کاری بەکۆمەڵیشدا چەندین شتی بچووک و جوزئی هەن کە هەندێکیان جێگەی ڕاجیایین، ئەم ڕاجیاییەش لێرەدا قەبووڵ و ئاساییە، بەو ڕەچاوکردنەی کە ئایینی ئێمە جۆراوجۆرییەکی فراوانی بەخۆوە گرتووە و تەواوکارییەکی لۆجیکیی تێدایە کە گونجاوە لەگەڵ جیهانیبوونەکەی لە ڕوویەک و لەگەڵ مرۆڤ لە هەموو شوێنێک لە ڕوویەکی ترەوە.

زۆر پێویستە لێکتێگەیشتن لە نێوانماندا هەبێت، بەو سیفەتەی کە هەموومان مسوڵمانین، پێویستە هەموو ئەو شتانە تێپەڕێنین کە سەر دەکێشن بۆ ناکۆکی و جودایی، چونکە بازنەی ئیمان هەموو نەوەکانی لەخۆ دەگرێت لە شوێنکەوتووانی قیبلە، هەروەها ڕووکردنە خودا بە

عەقیدەی دروست و کاری چاک مسوڵمانان یەک دەخات، هەموو ئەو ڕا دۆزییە بچووکە ڕێپێدراوانە و جیاوازی لە بابەتە جوزئییەکاندا دەبێتە مایەی خێر و فراوانی، بۆیە مسوڵمانان بەمانە یەکتر تەواو دەکەن و ناکۆک نابن. چەند جوانە دڵەکان یەک بن لەدەوری ئامانجێکی بەرز و پیرۆز و فیکرەکان بگەنەوە یەک و باسکەکان یارمەتیی یەکتر بدەن و ببنە یەک هێز!

بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەرکی ئێمە؛ تێپەڕاندنی گوتاری تەقلیدییە بۆ گوتاری سەرەکیی یەکلاکەرەوەی گرنگ و خۆسەرقاڵنەکردن بە بابەتە لاوەکییەکانەوە، با گرنگی بدەین بە بابەتە چارەنووسسازەکان، چونکە ئێمە لە هەموو شت زیاتر پێویستمان بە کۆکبوون و هۆگربوون بە یەکترەوە هەیە، ئەمەش یارمەتیمان دەدات لەسەر یەکبوون لە ڕووی ئیمانییەوە و هاوخەمبوونمان لە بابەتە سەرەکییەکاندا.

ڕاجیاییە فیقهییەکان هۆکاری ناکۆکی و دوورکەوتنەوە نین، بەڵکوو بەرهەمی سەرقاڵکردنی ئەندێشەن بۆ گەیشتن بە چاکتر، بەڵگەن لەسەر ڕۆشنیی عەقڵی مرۆڤی مسوڵمان و فراوانیی شەریعەتی ئاسانکار و ئەوپەڕی نەرمی و میهرەبانی تیایدا، هەر بۆیە ڕاجیاییەکان گفتوگۆ دەبزوێنێت و نابێت ببنە ڕێگر لە کاروانی کاری خۆبەخشی.

زۆرن ئەو برا دینییانەمان کە ئیسلامیان بەتەواوی نەناسیوە، لە هەموو کەس زیاتر پێویستییان بە زیادکردنی زانیارییەکانیان و قووڵبوونەوەیە کە لە ناوەرۆکیدا هەیە، بریا هەموومان لامان کردبایەتەوە بە ڕووی فێرکردنی زیاتری خۆمان بۆ ئەو زانیارییە پێویستانەی کە پێویستە بیزانین بۆ تێگەیشتن لە ئیسلامی ڕاست و ڕەوان، ئەوکات بۆخۆی بەناچاری کێشمەکێشمە تایفی و

مەزهەبییەکانمان لە نێوانماندا نەدەما. کەواتە فێربوون ئەو هۆکارە سوودبەخشەیە بۆ نەمانی جیاوازی و ڕاجیایی.

پاشان دەبێت ئەوە بزانین کە کاری ئیسلامی؛ گەلێک زۆر لە ڕای جیاواز دەگرێتە خۆ، زۆرێک لە ڕادۆزی (إجتهاد)ی جودا هەڵدەگرێت، کە ئەمانە زۆر سوودبەخشن بۆ یارمەتیدانی هۆگری و بنیاتنانی ڕایەڵەی برایەتی و چەسپاندنی هۆکارەکانی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەموو مسوڵمانانندا، بە شێوەیەک کە بڕژێتە خزمەتی ئایینەوە و سوود و قازانجەکەی بگەڕێتەوە بۆ تەواوی مسوڵمانان.

زۆرترین ڕاجیایی لەنێوان ئەو کەسانەی کە لە بواری کاری خۆبەخشیدا کار دەکەن، پەیوەندیی هەیە بە شێواز و ئامرازەکانی کارکردنەوە، نەک بە بنەما و سەرگە (منطلق) ئیمانییەکانەوە، بۆیە پێویستە ئەم ڕاجیاییانە نەبنە ناکۆکی، نەبنە هۆکاری دووبەرەکی و پارچەپارچەبوون.

ناکرێت گریمانەی نەمانی ڕاجیایی بکرێت لە ژیانی مرۆڤەکاندا، چونکە ڕاجیایی سوننەتێکی خوداییە لە بووندا، ئەگەر خودا بیویستبایە هەموو خەڵک و گەلانی دەکرد بەیەک ئوممەت، بەڵام گێڕاونی بە چەندین گەل و کۆمەڵ بۆ ئەوەی یەکتر بناسن و هۆگری یەکتر ببن.

بۆیە پێویستە بە ئەدەب و هەستبەرزییەوە ڕووبەڕووی ڕاجیایی ببینەوە، خۆمان کۆک بکەین لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە هەمانن پێکەوە، گەشەیان پێ بدەین و خۆمان و کۆمەڵگاکەمانی پێ چاک بکەین، لەسەر خاڵە ناکۆکەکانیش پۆزش بۆ یەکتر بێنینەوە، ئەمەیە ئەدەب و ڕەوشتی ڕاجیایی و هۆگری، چونکە بوونی ڕاجیایی؛ بابەتێکی ئاساییە و ئامانج لێی چاکسازییە نەک ڕووخاندن، هەر بۆیە پێویستە ڕەخنە لەو

کەموکورتییانە نەگرین کە ئەوانی تر دەیخەنە ڕوو و پیادەی دەکەن و بە چاوی کەم سەیری کارەکانیانان نەکەین، چونکە چەند ڕەوشتێکی ڕەخنەگرتن هەن پێویستە پابەند بین پێیانەوە، چەند سنوورێک هەن لەو بوارەدا؛ نابێت بیانبەزێنین و دەبێ ڕێزیان بگرین.

ئەگەرچی ڕاجیایی لە سروشتی کاروبارەکانی ژیان و هەڵسوکەوتنەکانیەتی، بەڵام پێویستە چەند ڕێگایەک بگرینە بەر بۆ نەهێشتنی و پەکخستنی زیانەکانی، بەم کارەمان یاسای "ڕێککەوتن لەسەر ئەو بابەتانەی کە کۆکین لەسەری و وازهێنان لە گەڕان بەدوای خاڵە جیاوازەکان"؛ بنیات دەنێین.

لە لایەکی ترەوە پێویستە تەواوکاری و لێکتێگەیشتن بەدی بهێنین لەنێوان ئەو کۆمەڵانەی کاری خۆبەخشانە دەکەن، ئەمەش مانای برەودانە بە میتۆدێک کە هەموو مسوڵمانان کۆ دەکاتەوە و هاوکاریی یەکتر دەکەن لەو بابەتانەی کە لەسەری کۆکن و ئەوانەش کە ڕاجیان تیایدا؛ تێیدەپەڕێنن مادام لە بابەتە لاوەکییەکاندا بێت. ئەرکی مسوڵمانان ئەوەیە کار بکەن لەسەر کۆکردنەوەی کۆششی هەموو مسوڵمانان و بەنرخدانانی. کۆمەڵگای مسوڵمان هیچ چارەیەکی تری نییە تەنها ئەوە نەبێت کە دەبێت کۆمەڵگەیەک بێت وەک یەک لاشە، کۆمەڵگەی هۆگربوون و برایەتی بێت.

# ڕاستکردنەوە و فراوانکردنی کاری خۆبەخشی

**پێشـکەوتن نایەتـە کایـەوە هـەتا ئـەمڕۆ باشـتر نـەبێت لـە دوێنـێ، هەر کەس ئەمڕۆ و دوێنێی وەک یەک بێت؛ ئەوە زەرەرمەندە.**

هەرگیز کارێکی باش نییە کە کـارە خۆبەخشـەکانمان بـە زۆر بزانین، ئەگەرچی بۆخۆشـیان زۆر بـن، بـەڵکوو پێویسـتە هـەموو کـات بـەردەوام بین. ڕەنگە نەمانتوانیبێت لە کارکردنماندا باشترین ڕێگا هەڵبژێرین، بەڵام هەمیشە دەبێت لە هەوڵدا بین، چونکە تەواوی هەر بۆ خودایە.

کاتێــک هـــەوڵی فراوانکـــردن و پێشـــکەوتن و چـــاکترکردنی دەستکەوتەکانمان دەدەین لە کارەکانماندا، هەست بە ڕەزامەندی دەکـەین لە کارەکانماندا، پێویستە کۆڵ نـەدەین و واز نـەهێنین، بـەڵکوو بـەردەوام بـین لــە هەوڵــدان و خۆمانــدووکردن و چــاککردن و تونــدوتۆڵکردنی هونـەری گەشەسـەندنی کـار، بەردەوام سـوور بـین لەسـەر وەرگرتنـی بیرۆکـەی جـوان و نـوێ و سوپاسـکردنی ئەوانـەی کـە ئـەو بیرۆکانـە پێشکەش دەکەن، پاشان ئەو بیرۆکانـە فـراوان بکـەین و پێشـیان بخـەین، پاشان کەسی گونجاو بدۆزینەوە بۆ جێبەجێکردنیان، لەگەڵ سـووربوون لە چاودێریکرنی قۆناغەکانی جێبەجێکردن.

گەشـەپێدانی بیرۆکـەکان و پـڕۆژە پێشـنیارکراوەکان و کـارکردن لەسەر بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ؛ پێویستی بە زانین و ئاگایی زۆر و دووربینی هەیە، ئامانجیش لێی چاککردن و فراوانکردنی ئەوەی کە لە بەردەمماندا فەراهەمە، هەروەها هەوڵدانە بۆ داهێنانی چالاکی و پڕۆژەی کار بەپێی پێداویستییەکان.

هەروەها پێویستە پشت ببەستین بە کەسانی پسپۆڕ لە تەواوی بەشە جیاجیا مەعریفییەکان و بەشدارپێکردنیان لە گفتوگۆکاندا بۆ گەیشتن بە باشـترین دەرئـەنجام. لـە کۆتاییـدا پێویسـتە وەڵامـی تـەواوی هـەموو شـێوازەکانی پەیوەندیبەسـتن لەگـەڵ کەسـی وەرگـر بدەینـەوە و هـەموو دەرهاویشتەکانیشی پەرە پێ بدەین.

گەشەسـەندن لـە کـاری ئیسـلامیدا لـەخۆوە دروسـت نابێت، بـەڵکوو پێویسـتە کـاری لەسـەر بکـەین بـە کۆششـکردن و سـووربوون. ئەگـەر بشمانەوێت ئـەو مەرجانـە بژمێرین کـە کـاری ئیسـلامی پێویسـتیەتی بۆ فراوانبـوون و گەشەسـەندن، دەتـوانین بڵێـین یەکـەم مـەرج بریتییـە لـە کرانـــەوەی فیکـــر و ئەندێشـــە و بەنـــەرمی وەرگرتنـــی داهێنـــان و بیرۆکەکانیـەتی، مـەرجی تریشـی دەخرێتـە پاڵ، لەوانـە: بەرزکردنـەوە و برەودان بە هۆکارەکانی بەیەکگەیشتن، لەگەڵ هەموو ئەو شتە نوێیانـەی کـە دێنـە کایـەوە لـە بوارەکـانی زانسـت و زانـین و گـەڕان بـەدوای چاکتریندا، هەروەها داهێنانی چالاکیی نوێ بەپێی پێداویستییەکان.

پێشکەوتن نایەتـە دی هـەتا ئـەمڕۆمان باشـتر نـەبێت لـە دوێنـێ، هـەر کەسـێکیش ئـەمڕۆ و دوێنێـی وەک یـەک بێـت؛ ئـەوە قـەرزدار و زەرەرمەندە. جێگەی سەرسوڕمانیش نییە، چونکە بەجێهێنانی ئـەم کـارە؛ بە پلاندانان و خۆئامادەکردن دەکرێت و بـە فراوانکردنـی کـار و چـالاکی

و گەشەپێدان و ئامادەکردنی توانا خودییەکان و بەهێزکردنی هیممەت و داواکردنی سەرخستن لە خودای پشتیوان دەبێت، چونکە بەخشینی مسوڵمانان وەک ڕۆژ وایە، هەموو بەیانییەک دەبێت نوێ ببێتەوە.

پێویستە لەسەر مسوڵمان کە فێر ببێت و بەوردی سوود لەو شتانەی کە لەبەر دەستدان؛ وەربگرێت، هەروەها سوود لەو شتانە وەربگرێت کە لەبەر دەستدان بۆ سەرکەوتن، ئەویش بە وەبەرهێنان تیایاندا هەریەک لە بواری خۆی، دانانی هەریەکێکیان لە شوێنە ڕاستەکەی خۆیدا، خۆپاراستن لە بەهەدەردانی یان پشتگوێخستن و گەڕانی بەردەوام بەدوای بەدیل بۆ هەڵویستە جیاجیاکان.

هەروەها سووربوون لەسەر سەرکەوتن وا پێویست دەکات کە پلانی بەدیل دابڕێژین کاتێک پلانە سەرەکییەکانمان سەری نەگرت، چونکە گەیشتن بە ئاستێکی بەرز لە سەرکەوتن لە کاری ئیسلامیدا کارێکی ئاسان نییە، هەروەها ئەستەمیش نییە، پەیوەندیی هەیە بە چۆنێتیی ئەنجامدانی ئەو کارەوە: سەرەتا پێویستە سوود لە لێهاتوویی هەموو یەکێک وەربگیرێت لە تەواوی پسپۆڕییە جیاوازەکاندا و گرنگی بدرێ بە ڕاهێنانی کادری کارکردن، جا لە خۆبەخشەکان بێت یان ئەوانی تر.

پێویستە لەسەر مسوڵمان سوپاسی هەموو کۆششێک بکات کە لە پێناوی خودادا دەکرێت و قەدری بزانێت، جا کۆششی تاکی بێت کە مسوڵمانێک بەتەنها ئەنجامی دابێت یان کۆششێکی بەکۆمەڵ بێت، چونکە هەر چەندە هەموو کۆششێک لە پێناوی خودادا بە کەم دادەنرێت، بەڵام بەهەندوەرگرتنی کۆششەکان؛ خاوەنەکانیان هان دەدات لەسەر زیاترکردنی بەخشین و خزمەت. ئەمەش لەبەر ئەوەی پێویستە گەشەسەندن لە بواری مرۆییدا لە کارە سەرەکییەکانی مسوڵمان بێت،

هەر بۆیە پێویستە کار بکات لەسەر گەشەپێدانی تواناکانی ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستێت، کەواتە پێویستە مامەڵە نەکات لەگەڵ پێکهاتەی دەرەکی و ڕووکەشی شتەکان، بەڵکوو پێویستە بچێتە قووڵاییەوە و بەرەو پێش هەنگاو بنێت، چونکە پەرەپێدان و گەشەسەندنی مرۆیی؛ ناونیشانێکی سەرەکییە لە ناونیشانەکانی سەرکەوتن.

پێویستە لەسەرمان وەک مسوڵمانان، کار بکەین بە هەموو گرنگی و وردەکارییەکەوە لەسەر ڕاهێنانی کادیرەکانمان و ئامادەکردنی دامەزراوەکانمان و پشتیوانیکردنیان بەپێی توانا، چونکە ئەمە ئامادەمان دەکات بۆ پێشکەشکردنی پڕۆژەگەلێک کە ڕادێت لەسەر بنەمای توێژینەوەی زانستی و لە ڕێگەیەوە چەندین سوود و قازانجی زیندوو بۆ گەلە مسوڵمانەکانمان بەدەست دێنین.

کاری خۆبەخشی تەنها وتە و ڕێنمایی نییە، بەڵکوو پێویستە لەسەرمان کۆشش بکەین و وەریبگێڕین و بیسەلمێنین بە کردەوە، گرنگی بدەین بە بەدواداچوونی مەیدانی بۆ هەموو کارێک و لەسەر ئاستەکانی هەڵوێستە بکەین لە ئەلفەوە تا یێ، نەک کۆڵ بدەین بە بەدواداچوون لە ڕێی ڕاپۆرتەکان و تەلەفۆن، چونکە بەدواداچوونی کاری خۆبەخشی؛ تاکە ڕێگایە بۆ بەئەنجامگەیاندنی بە شێوەیەکی ورد و خێرا.

کاری خۆبەخشی لەسەر یەک بنەما ڕاناوەستێت، بەڵکوو بنەماکان و ڕێکارەکانی جۆراوجۆرن بەپێی سروشتی هەریەک لە پڕۆژەکان و کات و شوێنەکانی، هەروەها پێویستە کارەکە و قۆناغەکانی بخوێنرێنەوە و ئەو هەڵسوکەوتانەی پشتیان پێ دەبەسترێت و ئەو دەرئەنجامانەی لێی

دەکەونەوە؛ بەتەواوی شی بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بگەین بە هەڵسەنگاندنی کارە خۆبەخشییەکە لە ڕووی ئەو کۆششەی بۆی دەکرێت و ئەو دەرئەنجامەی لێی پەیدا دەبێت، بە شێوەیەک سوودەکانی بێنێتە دی و ببێتە مایەی وانەوەرگرتن بۆ کارەکانی دوای خۆی، ئاسۆ بکاتەوە لەبەردەم بچووککردنەوەی کێشە و کارە قورسەکانی بەردەم کاروانی پرۆژەکانی داهاتوو و بەجێهێنانی کاری باشتر، چونکە ئەمڕۆ کاری ئیسلامی زۆر پێویستی بە کۆششی ورد هەیە بۆ گەیشتن بە ئەو دەرئەنجامانەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێت.

کاری خۆبەخشییش هەڵسوکەوتێکی بێ پلان و سەرپێیی نییە، بەڵکوو پێویستی بە پلانی باش و ڕێزگرتن لە یاساکانی بەڕێوەبردنی هەیە، پێویستی بە سووربوون لەسەر بەدیهێنانی ڕێکوپێکی و بەدواداچوون هەیە.

لەو سۆنگەیەوە پێویستە پشت ببەسترێ بە زانستی بەڕێوەبردن وەک زانستەکانی تر، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی تەندروست کادیری مسوڵمان و نوخبەی ئیشکەر لە بوارە ئیسلامییەکە بەرهەم بهێنین و خشتێکی گرنگ لە دیواری پێکهاتە فیکری و کردارییەکەی دابنێین.

زانستی بەڕێوەبردن گرنگییەکی زۆری هەیە لە کاری خۆبەخشدا، چونکە پایەیەکی سەرەکییە بۆ هاوهەماهەنگی لەنێوان کار و توانا بەردەستەکان بۆ گەیشتن بە دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکان.

# کاری بەکۆمەڵ

**کـوڕ و کچـە گەنجـەکانمان؛ پیـاو و ژنـانی داهاتوون و سەرکردەی داهاتوون، ئەو توانا زۆرەن کە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان هەمیشـە ئامـادەن... کچـە گەنجـەکان، ژنـانی داهاتوون و پەروەردەکەری نەوەکانمانن.**

وتنـــەوەی وانـــەکان، یەکترناســـین، ئـــاڵوگۆڕکردنی لێهاتووییـــەکان، گرنگیـدان بـە نوخبـە، هانـدانی خـاوەن تواناکـان، یەککخسـتنی ڕیزەکـان، پەروەردەکردن لەسـەر مانـا ئایینییەکان، ئامـادەیی عەقڵیـەتی زانسـتی لـە پلانـدانان و کـاری خۆبەخشـی...؛ ئەمانـە هـەموویان بابـەتی گرنـگ و سـەرەکی و بیرۆکە و خۆزگەن، تێکەڵکێش دەبن بە یەکتر و یەکتر تـەواو دەکــەن لــە دەروونــی کەســی ئیمانــداردا، بــۆ ئــەوەی ئامانجــەکانی دەسـتەیەکی ئیشـکەر بێننـە دی لـە بازنـەی هاوکـاریی بەکۆمـەڵ و پلانـی پێشوەختەدا. کاری بەکۆمەڵ بە دیدێکی پلانبۆداڕێژراوی درێژخایەنـەوە ئـەنجام دەدرێـت، بـەوەی کـە هەریەکـە بڕیـار دەدات تواناکـانی سـەرف بکات و لەو شوێنەوە دەست پێ بکات کە ئـەوانەی پێش خۆی دەسـتیان لێ هـەڵگرتووە، چونکـە ڕۆڵـی ئێمـەی مسـوڵمان ئەوەیـە کـە دیدگاکـەمان

تەواو بکەین، جوان تێبگەین لە گرنگیی کۆبوونەوەی لێهاتوویەکان و زانینەکان بەیەکەوە کە لە مەیدانی کاری خۆبەخشیدا چەند بەهرەدارە.

ناکرێت بیر لە کارێک بکەینەوە کە بوونێکی کاریگەری هەبێت و داهاتوویەکی ڕۆشنی ببێت، بەبێ ئەوەی ڕۆحی ئەو کارە لە دەمارەکانی گەنجانی کوڕان و کچانماندا نەبزوێت، چونکە ئەوانە پیاو و ژنی سبەینێ و سەرکردەی داهاتوون و ئەو وزە زۆر ئامادەیەن کە دەست دەدەن بۆ بەدیهێنان و جێبەجێکردنی کاری گەورە.

کاری مسوڵمان وا پێویست دەکات کە خەڵکی هان بدات لەسەر هاوکاریکردنی یەکتر لە پێناوی خوادا و بنیاتنانی کاری بەکۆمەڵ لە پێناوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کۆمەڵگاکەی، هەروەها لە کاری لەپێشینەش هاوکاریکردنی مسوڵمانانە بۆ یەکتری لە پێناوی چاکە و لە ڕێگەی تەقوا و کارکردن بەیەکەوە لەو شتانەدا کە خێر و سوودی گشتیی تێدایە.

زۆر کاتیش لە کاری بەکۆمەڵدا خودای گەورە وا دەکات کە کەسێکی بەرزی بەتوانا شان دەداتە بەر نارەحەتییەکان و بەدواداچوون دەکات بۆ کاری هەمووان، هەمووان کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی یەکتر بناسن و ئامۆژگاریی یەکتر بکەن و ڕێنمایی بدەن بە یەکتر و هاوکاریی یەکتر بکەن و ببنە یەک دەست لە پێناوی کاری خێر و چاکە.

کاری بەکۆمەڵ ڕێڕەوێک دەگرێت لەنێوان وابەستەبوون بە ناوەندیبوون (المركزية)دا -لە کاتێکدا کە لە بازنەی دامەزراوەییدا بێت و پەیوەست ببێت بە دامەزراوەوە- و لەنێوان کرانەوەی بێسنووردا کاتێک کە جووڵەیەکی تاکڕەوانە بوو، زۆریش گرنگە ڕەچاوی جیاوازییەکان بکەین لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدا بۆ زامنکردنی

دەرەنجامێکی باشتر. ناوەندیبوون لە کاری بەکۆمەڵدا بەهایەکی گەورەی هەیە، ئەم بەهایە کاتێک دروست دەبێت کە تەواوکاری دروست دەبێت لە کۆششەکانی هەمووان، زۆریش پێویستە کە تاکڕەوی تێپەڕێنێت کە زۆر کات دەبینین دەبێتە هۆی خۆخواردنەوەی کۆششەکانمان، تووشی نەخۆشییەکانی خۆویستی و غیرەمان دەکات، ئەم تێپەڕاندنە سەرەتای دەرچوونمانە لەسەر ڕێڕەوی کاری بەکۆمەڵ کە ئاواتەکان دێنێتە دی و سوودەکان چەند هێندە دەکاتەوە.

زۆر گرنگیشە کە بەها ئیمانییە بەرزەکان بچەسپێنین، بە کۆکبوونمان و دەستگرتن بە یەکڕیزییەوە؛ یارمەتیی یەکتر بدەین، لەسەر چاکە و تەقوا و جیاوازی؛ دووبەرەکی دروست نەکەین، چونکە بەهای بەیەکەوەبوون و خستنەپاڵیەکی کۆششەکان؛ یەکێکە لەو بەهایانەی کە سەرکەوتن دێنێتە کایەوە.

کارە تاکەکەسییەکان سوودبەخشن، بەڵام ئەمانە کۆششێکن کە پەیوەستن بە شوێنێکی تایبەتەوە، کاریگەریی کەمە و سوود و قازانجیشی دیاری کراوە، بۆیە وا چاکە کە جەخت بکرێتەوە لەسەر کاری بەکۆمەڵ لە دیدێکی دووربینانەی گشتگیرەوە، هەروەها گرنگیدانێکی زۆر باش بدەین بە تاکەکان و کارەکانیان، گرنگیدانێکی بەردەوامیش بە کاری دامەزراوەیی و بەدواداچوون بدەین و بە شێوەیەکی میتۆدیانە و گرنگ و بەردەوام کاری لەسەر بکەین.

دامەزراوەکان هۆکارێکن بۆ کاری بەکۆمەڵی زۆر باش، بۆیە کار بکە بە هاوکاری لەگەڵ هاوڕێکانت لەسەر دروستکرنی دامەزراوەکان و سوور بە لەسەر چەسپاندن و بەکارخستنیان و پاشان سپاردنیان بەو

کەسانەی کە بەرپرسیارێتییەکەی هەڵدەگرن و هەڵدەستن بە کارەکانی و چاودێریی وردی بەڕێوەچوونیان دەکەن.

پێویستە ئەو کەسەی کە لە بواری کاری خۆبەخشیدا کار دەکات، باوەڕی تەواوی بەوە هەبێت کە کاری بەکۆمەڵ زۆر کەم هەڵەترە و بەروبوومی زیاترە لە کاری تاکڕەوانە، ئەمەش مەسەلەیەکی بەدیهییە و پێویستی بە گفتوگۆ نییە، ڕاستە کۆمەڵیش پێک هاتوون لە تاک تاکی مرۆڤەکان، بەڵام بوونیان بەیەکەوە لە کارێکدا، بە هەموویانەوە کاریگەرییان زۆر زیاترە لە تاکەتاکەیان ئەگەر هەمان کار بکەن.

کاری دامەزراوەیی ڕێکخراو، وشەی نهێنییە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ببەخشن و بەرهەمیان هەبێت، ئەمەش سیرەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) و سوننەتە پاک و بێگەردەکەی شایەتییان لەسەر داوە. ئەوەی پێویست و گرنگە، باڵادەستیی ڕۆحیەتی کاری یەک تیمییە لە مەیدانی کاری دامەزراوەییدا و هاوکاری و هەماهەنگیی بەکۆمەڵە، ئەمەش دەبێت ئەو ڕۆشنبیری و هەستە جوانە بێت کە باڵادەست و بەرجەستە بێت لە کاری خۆبەخشیماندا. بەم شێوەیە هەریەکە لە سفرەوە دەست پێ ناکاتەوە، بەڵکوو لەو شوێنەوە دەست پێ دەکاتەوە کە هاوڕێکەی پێش خۆی تەواوی کردووە، بەم شێوەیە یەکتر تەواو دەکەین و کولتووری دیواری تێکەڵکێش بەرجەستە دەکەین، چونکە کاتێک دەستەکان بەتوندی یەکتر دەگرن و هیممەتەکان بەرز دەبن و کۆششەکان بەئیخلاسەوە بەئەنجام دەگەن، ئەو کاتە ئەو کۆمەڵە لە ماوەی ساڵێکدا بەرهەمێک دێننە کایەوە کە تاک تاکەی خەڵکی تر ناتوانن بە دە ساڵ بەرهەمی بێنن.

دەبێت فێـر بـین چـۆن بـەچاکی سـوود لـە کاتـەکانمان وەردەگـرین، سـوود لـە هــەموو چرکەیـەک وەربگـرین، ئـەویش بـە پشتبەسـتن بـە بیرۆکەی (١ + ١ = ١١) لە کاری بەکۆمەڵدا، نەک بە ئەنجامە تەقلیدییەکە کـە (١ + ١ = ٢)، ئـەوەش بـە ڕەچـاوکردنی یاسـای کـاری بەکۆمـەڵ کـە کاتێــک تاکــەکانی کۆمەڵەکــە کارەکانیــان دابــەش دەکــەن، ئــەوا بەرهەمەکانیشیان باشتر و زیاتر دەبێت.

ئێمە پێویستمانە ڕاهێنان بکەین لەسەر چۆنیەتیی هەسـتان بە کـاری خۆبەخشیی ڕێکوپێک و بەکۆمەڵ، بە شێوەیەک کە کۆششـەکانمان وەک کارێکی تاکەکەسـیی نـەزۆک نەمێنێتـەوە کە هـەر کـەس بۆ خـۆی بیکـات بەبێ ئەوەی لە بازنەیەکی کۆکەرەوەدا ڕێک بخرێت، پێویستە لـە بازنـەی کــاری تاکەکەســیی ســنووردار دەربچــین بــۆ پلــە بــەرزەکانی کــاری بەکۆمەڵی پڕ فەڕ و بەخشش، ئەم شێوەیەش ئاسانتر و سوودبەخشترە.

زۆر ئاساییە و زۆر باشیشە دان بنێین بە کۆششی مسوڵمانانی تر و سوپاسـیان بکـەین لەسـەر کارەکانیـان و لـە شـوێنە ڕاسـتەکەی خۆیـدا دایبنێین، بە شێوەیەک خودپەرستی و چاوچنۆکییە کەسییەکانی خۆمـان تێپەڕێنین، چاو نەبڕینە خزمەتی خـەڵک لەلایـەن هـەر کەسـێکەوە ئـەنجام بدرێت.

بۆ کاری دامەزراوەیی؛ کۆمەڵە درووشمێک هەیە کە پێویسـتە بکرێنـە چـرا و پێشـەنگ بـۆ کەسـی مسـوڵمان لـە کارەکانیـدا، بکرێنـە منارەیـەک ڕێگـەی ڕاسـتیی پـێ بدۆزرێتـەوە، بۆیـە لـە سـەرەتادا پێویسـتە بـاوەڕی چەسپاومان بە گرنگیی ئەو کارە هەبێت کـە هـەوڵی ئەنجامـدانی دەدەیـن، پێویستە بە گەرموگوڕی و هیممەتبەرزییەوە دەست بۆ کارەکـان بـەرین. لەگەڵ بەردەوامیی کارکردنـدا، لێهـاتوویی و ئـەزموونمان زیـاد دەکـات و

پاڵنەرە جددییەکانمان بەهێزتر دەبن و بەمەش سەرکەوتن بەدوای یەکدا دێن لە کارەکانماندا. ئەوەی کە بەهاوبەشییش هەوڵی بەئەنجامگەیاندنی دەدەین، هیی هەمووەمانە و جێگەی شانازیی هەمووەمانە، لە ئەرکی هەمووەمانە ئێمەی مسوڵمانیش کە سوور بین لەسەر پشتیوانیی یەکتر و یەکتر تەواو بکەین، بە شێوەیەک کە جیاوازی ڕێگەی نەبێت بگاتە لامان و بەشداریکردنی هەر کەسێک لەگەڵماندا لە کارکردندا کە بەپێی توانا ئەنجامی داوە؛ بەڕێزەوە وەریبگرین، ئەگەر ئامادەبوونێکیش بووبێت بۆ ماوەیەکی کەم. لە کاتی کارکردنیشدا پێویستە لەسەر هەریەکەمان خۆی بە بەرپرسی یەکەم بزانێت، دۆزەکە بە دۆزی خۆی دابنێت، دۆز و ئامانجی یەکەمیش نزیکبوونەوەیە لە خودای گەورە، هەموو کەسێکیش بە ئیخلاسی بۆ خودای گەورە؛ جیا دەکرێتەوە.

# هاریکاریی مسوڵمانان لەناو یەکتردا

**لەسەر مسوڵمان پێویست نییە هەموو کارەکان بەتەنها ئەنجام بدات، بەڵکوو پێوستە هەندێک لە کارەکان بە دەوروبەری بسپێرێت و پشتیان پێ ببەستێت.**

لە کاتێکدا کە زۆرێک لە کاروباری موسڵمانان لە وڵاتی غەریبی ئەنجام دەدرێت، ئەوا پێویستە پشت بە کۆمەڵێک بەهای ئەخلاقی و ڕەفتاری ببەسترێت کە کارەکان ڕێک بخات بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت و سەرخستنی خودایی لەگەڵ بێت، بەدیهاتنی سەرکەوتوویی کاری مسوڵمانان دێتە کایەوە لە ڕێگەی هاوکێشەیەکی لێکدراوەوە، بەڵام ئاسان و ڕوون:

سەرخستنی خودایی = گەیشتنی ڕۆحەکان بە یەکتر + گەیشتنی بیروبۆچوونەکان بە یەکتر

ئەمەش کارێکی قورس نییە، چونکە شتێکی بەدیهییە کە دەبێت سۆزی برایەتیی ڕاستەقینە لەنێوان ئەوانەی کار دەکەن لە بازنەی یەک دیندا؛ هەبێت.

ئەمەیە برایەتیی ئیسلامی و خۆشەویستی لەبەر خودا و ئاکاری چەسپیو و بەبەهان لەسەر دڵی موسڵمانان، ئەمەش هاوکێشەی سەرکەوتنە لەنێوان ئەو کەسانەی کاری بەکۆمەڵ دەکەن، چونکە کاتێک نییەتە باشەکان و عەزیمەتەکان کۆ دەبنەوە، دەستکەوتی گەورە دێننە کایەوە کە ڕەنگە قورس بێت دامەزراوەی گەورە پێی هەڵبستن، بەڵام لەلای ئەو موسوڵمانانەی کە هۆگری یەکتر بوون و بڕیاریان داوە برای یەکتر بن؛ ئاسانە.

برایەتیی مسوڵمانان پێویستە بەری بێت لە هەموو غەرەز و ئامانجێکی تاکەکەسی، مەحکوم نەبێت بە بابەتە مادديیەکان و پێداویستییەکانی ژیان، لەم جۆرە برایەتییەشدا هەستکردنێکی زۆر هەیە بە ئارامی و دڵخۆشی کە عەزیمەتمان توند دەکاتەوە لە بەردەوامبوون لە کارەکاندا، بەردەوام دەبێتە پاڵنەر بۆ بەرەو چاکترکردنی کارەکانمان.

کاتێک مسوڵمان دوور دەکەوێتەوە لە وڵات و شوێنی لەدایکبوون و منداڵی خۆی، ئەوکات هەست بە نارەحەتیی غەریبی دەکات، بەڵام کاتێک لەنێوان برا ئایینییەکان و هاوڕێی کارەکانیدا دەبێت و کاتەکانی بەردەوام پڕ دەبێت لە کارکردن تەنها بۆ خودای گەورە، لەو کاتانەدا دەرفەت نییە بۆ هەستکردن بە غەریبی و تەنهایی، چونکە هەردەم کاری چاکە ئارامی دەبەخشێت بە مرۆڤەکان.

لەسەر مسوڵمان پێویست نییە کارەکان بەتەنها ئەنجام بدات، بەڵکوو دەتوانێت کەسانی چواردەوری ڕابسپێرێت بە هەندێک لەو کارانە و دەستوالایان بکات بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵوێستە پێویستەکان، ڕێڕەوی کارەکان بۆ خۆی ڕێک بخات و هەر کات پێویست بوو؛ ڕاستی بکاتەوە.

مسوڵمانان یەک دەستن و یەک دڵن، هاوکاریی یەکتر دەکەن و یەکتر تەواو دەکەن و بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن سەبارەت بە ڕاوبۆچوونە ئیسلامییەکان، لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە خودی خۆیان و ڕێزگرتن لەوانی تر، هەریەکەیان ڕەخنە لە خودی خۆیان دەگرن و بەپێی توانا کار دەکەن لەسەر سوودوەرگرتن لە ڕەخنەی ئەوانی تر لێیان.

بە پشتیوانیی یەکتر و کۆکبوون و ئولفەتگرتن؛ تێکەڵی و ئاوێتەبوون دێتە کایەوە، یەکتر تەواوکردن دروست دەبێت، مسوڵمانان لەناو خۆیاندا بابەتە بەردەستەکان دابەش دەکەن، کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن یەک یەک و کۆمەڵ کۆمەڵ و دامەزراوە و دامەزراوە، بەم ڕۆحیەتە بێخەوشەوە بۆ خودای گەورە هاوکاری یەکتر دەبن و یەکتر تەواو دەکەن.

بە نەرمونیانییەکی تەواوەوە مامەڵە دەکەن لەناو خۆیاندا، کۆشش دەبەخشن و سوپاسی یەکتر دەکەن و ڕەچاوی خۆشەویستی بۆ یەکتر دەکەن، بە شێوەیەکی ئەرێنی مامەڵە دەکەن لەگەڵ خاوەن بیروبۆچوونە بەرز و گەشەکان لە تاک و دامەزراوە ئیسلامییە جیاجیاکان بەبێ هیچ دوودڵی و ڕەشەرمخستنێک. چەند جوانە مرۆڤ لەگەڵ براکانی گونجاو بێت و دەستەیەکی گونجاو پێک بهێنن بۆ بەجێگەیاندنی کارێکی ئیسلامیی باش، ببنە خێزانێک سەرقاڵییەکانی کاری خۆبەخشی و خەم و خەفەتەکانی و بابەتەکانی پەیوەست پێیەوە پەیوەستیان بکات بە یەکترەوە و کار بکەن لەسەر چاکسازی لەنێو خۆیاندا، پاشان خێر و ئیسلاح پێشکەش بکەن بە دەرەوەی خۆیان.

مسوڵمان هیچ کارێکی برا مسوڵمانەکەی لەبیر نامێنێت تەنها کارە ئەرێنییەکانی نەبێت، بەڵام کارە نەرێنییەکانی کە پێویستە لەبیریان بکات،

ئەوە نابێت بڵاویان بکاتەوە و قووڵ بێتەوە لە ڕەخنەگرتن لێیان، چونکە ڕەخنەگرتن دەبێت پێویست و بونیاتنەر بێت و لە کاتی گونجاوی خۆیدا بێت، بۆیە پێویستە لایەنە نەرێنییەکان لەگەڵ خاوەنەکانیان بە نەرمی و ڕاستەوخۆ باس بکات، بۆ گەیشتن بە خاڵی هاوبەش لە بارەیانەوە و ڕەچاوی ماف و چاکسازی بکات، ئەمەش ڕێگەی گونجان و توانەوەیە بۆ یەکتر.

ئیماندار بۆخوی کۆمەڵێک وزەی خاوەن ڕەوشت و بەهایە، بەڵام نابێت بەوەندە واز بێنێت، بەڵکوو پێویستە لەسەری ئەمە تێپەڕێنێت، ببێتە سەرچاوەی وزە بۆ بەها و ڕەوشتە بەرزەکان بۆ ئەوانی تریش، تیشکی خۆی بڵاو بکاتەوە لە چواردەوریدا و چواردەورەکەشی هان بدات لەسەر بەخشین و خزمەتکردن، ئەو پێداویستییانەشیان بۆ ساز بکات کە یارمەتییان دەدات لەسەر جێبەجێکردنی ئەم کارە.

لەگەڵ ئەمەشدا مسوڵمان دەبێت ئەوپەڕی ملکەچ و خاکی بێت، بەڵام لەگەڵ نەفسبەرزی و عیززەتدا، یارمەتیدانی خەڵک بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت و هەست بە بەهای هاوکاریکردن و گرنگییەکەی بکات، بزانێت چۆن قەناعەت بە خۆی دێنێت بەوەی کە کۆشش سەرف بکات لە کاردا و هانی ئەوانی تریش بدات بۆ هاریکاریکردنی یەکتر لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلانی مسوڵمان.

# هونەری گفتوگۆ

**ئەو کەسەی کە گفتوگۆی لەگەڵ دەکەیت و ڕاجیایت لەگەڵیدا، لە ڕووی هزرییەوە پێویستە بە شێوەیەک نەرمی بنوێنی لەگەڵیدا کە وا هەست بکات تۆ سوودت لە زانیارییەکانی و بۆچوونەکانی وەرگرتووە.**

گفتوگۆ، پەیوەندیبەستنێکی هزری و زمانەوانییە. بەشداربووەکانی؛ هزر و ڕا و بۆچوونەکان و پلانە داڕێژراوەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، بە مەبەستی چاککردن و دەوڵەمەندکردن و ڕاستکردنەوەی نەشازەکانی. گفتوگۆ هیچ پەیوەندییەکی بە توندوتیژی و زۆرلێکردنەوە نییە، چەکی گفتوگۆ بریتییە لە هزرێکی ڕۆشن و گوفتارێکی جوان و خاوێن.

گفتوگۆی جوان و ئامانجدار ئەو ڕێگەیەیە کە پێویستە بیگرینە بەر بۆ پەیوەندیبەستن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر، پردی پەیوەندیی لەگەڵ بنیات بنێین، نابێت گفتوگۆ بۆ تۆڵەسەندنەوە بێت و ببێتە هۆی پچڕاندنی پەیوەندی پێوەی، چونکە گفتوگۆ بۆ بنیاتنانە نەک ڕووخاندن.

پێویستە مسوڵمان لە گفتوگۆدا تەرکیز بکاتە سەر بابەتێکی گرنگ و جددی، یەک ئامانج بەتەنها -زیاتر نا- بە ئامانج بگرێت، بۆ ئەوەی کۆششەکان پەرت نەبن، هەروەها پێویستە پشت بە نەرمونیانی و پاکی

ببەستێت لە کاتی گفتوگۆدا، بۆ ئەوەی بە ئەوپەڕی ئەدەب و ڕەوشتبەرزییەوە هەڵەی بەڵگەکانی ئەو کەسەی گفتوگۆی لەگەڵ دەکەیت؛ ڕوون بکەیتەوە و پاشان بۆچوونە ڕاستەکەی خۆت بخەیتە ڕوو بە پشتبەستن بە بەڵگە و ئەدەبەوە. نابێت مسوڵمان لە کاتی گفتوگۆدا تەنگ بە کەسی بەرامبەری کە ڕاجیایە لەگەڵیدا؛ هەڵبچنێت، ناچاری بکات بە زۆر دان بە هەڵەکەیدا بنێت، بەڵکوو ئەوەندە بەسە کە بەڵگەکانی بۆ ڕوون بکەیتەوە بەبێ ئەوەی هەستوسۆزی بریندار بکەیت.

ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە نابێت پردی پەیوەندی بپچڕینین بۆ بەردەوامبوون لە گفتوگۆ، تەنانەت ئەگەر نەگەین بە خاڵی هاوبەشیش دەبێت دەرگاکان بەوالایی بەجێ بێڵین، بەم شێوەیە دەکرێت فرسەتی دووبارە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ بدەین بە بەرامبەر لەدوای ماوەیەکی تر.

لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسەی کە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەیت و لە بواری فکردا ڕاجیای لەگەڵیدا؛ پێویستە نەرمی بنوێنیت، بە شێوەیەک کە وا هەست بکات سوودت لە زانیاری و بۆچوونەکانی وەرگرتووە، هەروەها پێویستە بەئەدەب بیت لە کاتی مامەڵە و گفتوگۆکردن لەگەڵیدا، ئەمە نزیکی دەکاتەوە لێت و متمانەی بە تۆ گەشە پێ دەدات و لایەنی نزیکبوونەوە و خۆشەویستی بەهێز دەکات، ئەمە پردی پەیوەندی و گفتوگۆ لە نیوانتاندا بەهێز دەکات.

هەندێ کەس حەز دەکات گفتوگۆکە بگەیەنێتە دەمەدەمێ و مەبەستی نییە کە بگاتە ئەنجام، یاخود سوورە لەسەر ئەوەی کە ڕا و هەڵوێستی خۆی سەر بخات بە دەمارگیری و لووتبەرزییەوە، بەبێ گوێدانە هیچ بەڵگەیەکی عەقڵی. لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی ئەم جۆرە حاڵەتانەدا،

ڕاگرتنی گفتوگۆ دەبێتە ئەرک و دەبێت بەردەوامیی پێ نەدرێت، بە مەرجێک کشانەوەکە لە گفتوگۆ بە شێوەیەکی گونجاو و بێ بریندارکردن ئەنجام بدرێت. زۆر پێویستە لە کاتی پێویستدا گفتوگۆ کۆتایی پێ بهێنرێت، بەڵام بەوپەڕی لەسەرخۆیی و ڕەوشتبەرزییەوە، بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی ڕەوشتبەرزانە نەدۆڕێنین، بەم شێوەیە هەلێک دەهێڵینەوە بۆ دووبارە گفتوگۆکردنەوە ئەگەر هەندێک هەڵوێست و شتی ئەرێنیی نوێ کەوتەوە نێوانمان.

# مسوڵمان و خێزان

**مسوڵمان بە کردارە باشەکانیەوە دەژیەت، دڵخۆش و گەش دەبێتەوە بەو کارە باشانەی کە ئەنجامی داون، نەوەک بە کەلوپەل و ناوماڵە تازەکەی. بەهای خێزان لەوەدایە کە ئەنجامی دەدات، نەوەک لەو شتانەی کە پەیدای دەکات.**

مسوڵمان ناتوانێت ئەرکەکانی بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات لە کاتێکدا مێشکی سەرقاڵ بێت بە کێشەکانی ماڵ و خێزانەوە، هەر بۆیە دامەزراوی لە ژیانی خێزانیدا بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ مرۆڤی مسوڵمان، کارئاسانیی بۆ دەکات بۆ ئەوەی بە مێشکێکی سافەوە بەبێ ڕێگری بۆ کارە خۆبەخشییەکانی؛ خۆی یەکلا بکاتەوە.

مسوڵمان بە کردارە باشەکانیەوە دەژیەت، دڵخۆش و گەش دەبێتەوە بەوەی کە لە کاری باش ئەنجامی داوە، نەوەک بە کەلوپەل و ناوماڵە تازەکەی. بەهای خێزانەکان لەوەدایە کە ئەنجامی دەدەن، نەوەک لەو شتانەی کە پەیدای دەکەن.

لە ڕوویەکی ترەوە وا باشە بنەمای بەیەکەوەبوون و لێکتێگەیشتن بۆ گەیشتن بە سازان لەناو پێکهاتەی خێزاندا ڕەچاو بکرێت، بنەمای

ڕاوێژکــردن بــە یــەکتر بەرجەســتە بێــت، وەک چــۆن لــە کاروبــارە گشتییەکانی تری سیاسەت و ئابووری... هتد؛ ڕەچاو دەکرێت.

خودای گەورە مرۆڤایەتیی بە پێکهاتە و یاسای خێزانەوە بنیات ناوە، باوک و دایک منداڵیان دەبێت و ئەوانیش نەوەی سێهەم دێننە بوون و ئەوانیش نەوەی تر...، ئەم ڕێکخستنە خوداییە دەرفەتی داوە بە هەر نەوەیەک کە سوود لە تاقیکردنەوەکانی نەوەکانی پێش خۆی وەربگرێت، بەم شێوەیە ڕۆژبەڕۆژ ئەزموونەکان کەڵەکە بوون، تەنانەت ڕەنگە نەوەکان خەونی باوک و باپیرەکانیان بهێننە دی کە ئەوان نەیانتوانیوە بگەن پێی، بەم شێوەیە ژیان لە پێشکەوتنی بەردەوامدا دەبێت. ئەم بابەتە پێویستە ئێمەش لە لێهاتوویی و ئەزموونەکانماندا سوودی لێ وەربگرین، پێویستە نەوەی ئێستا سوود لە لێهاتوویی و ئەزموونە کەڵەکەبووەکانی نەوەی پێشوو وەربگرێت، ئەمانیش کۆمەڵێکی باش لە لێهاتوویی و ئەزموونی دەوڵەمەندتر بەجێ بهێڵن بۆ نەوەی دوای خۆیان و بەجێیان نەهێڵن کە ببنە تاڵانی و قوربانیی گۆڕانکاری و زەمانە، یان ببنە نێچیری گومان و حەز و ئارەزوو و تەماعکارییەکان، یان ببنە قوربانیی کەمزانی و کارنەزانی بە شێوەیەکی باش.

ئەوەی کە ئاواتەخوازم بۆ خۆم هەروەها بۆ منداڵەکەم و منداڵی ئەوانی تریش، ئەوەیە کە هەموومان هەوڵ بدەین کە چەند خونچەیەک پێبگەیەنین لە کێڵگەی کارێکی پێشکەوتوودا. لە کاتێکدا کە ئەوەی پێویستە؛ ئەنجامی دەدەین لە گرنگیدان و ڕێنماییکردن بۆ منداڵەکانمان، دەبینین لە قۆناغی منداڵییەوە دەچنە قۆناغی گەنجێتی و پڕچەک دەبن بەوەی پێویستە لە ئیمان و زانیاری و بەئاگایی و زیرەکی، پاشان خول و خێوەتگە هاوینییەکانمان میوانداریيان دەکەن کە هەموو هاوینێک

بەڕێوەی دەبەین و سەرپەرشتیی دەکەین، لەوێ دەرفەتی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری و ئاگایی و پێگەیشتنی زیاتریان بۆ دروست دەکەین، سبەی ئەوان ئالآکە هەڵدەگرن بە بەرزی و شەکاوەیی، بەها ئیمانی و ڕێگە ڕاستەکەمان بەمیراتی دەمێنێتەوە، خزمەت بە دینەکەیان و کۆمەڵگەکەیان و خۆیان لەپێش هەموو کەس دەکەن. چەند جوانە نەوەکان لەسەر ڕێگەی هیدایەت بمێننەوە، خێزانەکان نەوە بە نەوە کۆ ببنەوە لەژێر خێمەی کاری ئیسلامی، چونکە بەڕاستی نیعمەتی پابەندی و هیدایەتی خێزان؛ لە نیعمەتە گەورەکانی ژیانە.

لە کاربەجێییە؛ سووربوون لەسەر هاوسەنگی لەنێوان ئەرکەکانی کاری بەکۆمەڵ بۆ خزمەتی گەل و ئەرکەکانی خێزاندا، چونکە پێویستە لەسەر مسوڵمان کە ئەرکە خێزانییەکان پشتگوێ نەخات و بەرژەوەندییەکانی خێزان نەخاتە مەترسییەوە، چونکە خێزانەکانیش مافی خۆیان هەیە کە پێویستە بخرێنە خانەی کارە لەپێشینەییەکانەوە، هەر شتە و مافی خۆی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگیی پێویست ڕابگیرێت لەنێوان پێداویستییەکانی خێزان و کارەکانی دەرەوەی ماڵ.

لێرەدا بیرخستنەوە بەو ڕۆڵەی کە باوک و دایکان دەیبینن سوودبەخشە، بەتایبەت لە دروستکردنی کەسایەتیی کوڕ هەر لە منداڵییەوە، چونکە گەورەترین کاریگەرییان هەیە لە فێرکردن و پەروەردەکردندا، هەر ئەوانن کە کانزای ڕەسەنی تاکەکان بنیات دەنێن لە ڕەوشتە بنەڕەتییە تاکییەکانی وەک ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی و خۆشەویستی و داهێنان و متمانەبەخۆبوون و سەخێتی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و گەیاندنی ئەرکی خزمایەتی و... هتد، بۆیە نابێ ئەوەمان

لەبیر بچێت کە بنەما کەسایەتییە سەرەکییەکانی مسوڵمان ئەوانەن کە باوک و دایکان لە منداڵەکانیاندا بنیاتیان ناوە هەر لە منداڵییەوە.

لەو بابەتە زۆر گرنگانەی کە جێگەی خۆیەتی لەبیر نەکرێت، بریتییە لە پێدانی گرنگییەکی زۆر و بەدواداچوون و ڕێنمایی تەواو بە خێزانەکەی خۆت، چونکە لەبیرکردنیان یەکێکە لە بەڵاکانی کاری ئیسلامی، چونکە ئەم خێزانە شوێنێکی بەپیتە بۆ کاری مسوڵمان، دەکرێت نموونەیەکی جوانیان نیشان بدات وەک گەورەیماڵەکە، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە داهاتوودا وەک ئەو؛ نموونەیەکی چاک و چاکەخواز بن و پاڵنەر بن بۆ خزمەتی پەیامی خودایی، لەبەر خاتری خودا بەو شێوەیەی کە خودا پێی ڕازییە.

# کڕنووشبەر لەپێش دروستکردنی شوێنی کڕنووش
# (الساجد قبل المساجد)

**بنیاتنانی کڕنووشبەر بۆ خودا، پێداویستیی سەرەکییە لەپێش دروستکردنی شوێنی کڕنووشبردن. بنیاتنانی مرۆڤی مسوڵمان لە بنیاتنانی عەقڵ و دەروون و لاشەیان، پێش گرنگیدان بە دروستکردنی دار و بەرد و بەرزکردنەوەی منارەکانە.**

لە ئەرکە لەپێشینەییەکانی مسوڵمان ئەوەیە کە هەست بە ئامانجەکان بکات کە دەیەوێت جێبەجێیان بکات لە ڕێگەی کارە خۆبەشەکانیەوە، جەخت بکاتەوە لەسەر ئامانجە گرنگەکانی بۆ کاری ئیسلامی، ئەو ئامانجانەی کە مسوڵمان لەنێوان هەردوو چاوەکانیدا دایدەنێت و هەموو ڕێکارە دوورودرێژەکان بەرەو ئەو ئامانجە دەخاتە گەڕ.

پێویستە لەسەر مسوڵمان کە ئامانجی خۆی دیاری بکات لە بوونی لەم ژیانەدا و کار بکات لەسەر گەیشتن پێیان، ئەمە بۆ مرۆڤی مسوڵمان گرنگە کە تێگەیشتوو بێت لەو بارەوە، بۆ ئەوەی هەست بەو دووڕیان شیو و دۆڵانەی ڕێگای بکات و دەرک بە قورسی و ناڕەحەتیی هەنگاوەکانی بکات، ڕێکار و پێداویستیی پێویست بگرێتە بەر بۆ گەیشتن

پێیان بە هەموو ئەو بەرپرسیارێتی و قوربانیدانانەی کە پێویستیەتی تا بەو ئەو ئامانجە ڕەوایەی بگات.

پێداویستیی سەرەکی ئەوەیە کە کەسی کڕنووشبەر بۆ خودا بنیات بنێین پێش بنیاتنانی شوێنی کڕنووشبردن (مزگەوت)، بنیاتنانی مرۆڤی مسولمان لە ڕووی عەقڵ و دەروونییەوە، هەروەها لە ڕووی جەستەییشەوە، لەپێش گرنگیدانمانە بە دروستکردنی بەرد و دار و بەرزکردنەوەی منارەکان، چونکە ئەو کەسەی خزمەت بە کاری بەکۆمەڵ بکات، ئەوە مسولمانێکی تێگەیشتووە و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات. لێرەدا گرنگیی جەختکردنەوە لەسەر ئامادەکرنی تاکی مرۆڤ و بنیاتنانی عەقڵ و دەروونەکانیانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، گرنگیی بنیاتنانی کەسایەتییەکی تەواوی مرۆڤی مسولمانمان بۆ دەردەکەوێت کە لەپێش هەموو شتەکان و پێداویستییەکانەوەن.

# هۆکار (الوسائل)ە خۆبەخشییەکان

**دەرگاکـــانی خێـــر و بەخشـــین زۆرن، پێویســـــتە لەســــەر مسوڵمان لە هەموویان بدات بە هەموو جۆرەکانیەوە.**

وتــاری هــەینی لەپێشــینەی کــارە خێرییــە کاریگــەرەکانن، خــاوەنی کاریگــەریی ڕاســتەوخۆن لەســەر زۆرینــەی مســوڵمانان، هــەر بۆیــە سـوودێکی گـەورە هەیـە لـە کردنـی بـە سـەنتەرێک کـە چەنـدین چـالاکیی جیاجیـای تـر لـەدەوری کـۆ ببنـەوە، بـۆ ئـەوەی ببێتـە قوتابخانەیـەکی ڕاسـتەقینەی گـەنجان، چەنـدین بابـەتی گرنگـی جیاجیـای پەیوەسـت بـە دینەکەیان و ژینگەکەیانی لێوە فێر ببن.

لەتەنیشت گرنگیدان بە ڕۆشنبیریی ئایینی و قووڵبوونـەوە لـە زانسـتە ئیسلامییەکان، پێویستە گرنگی بدەین بە پسپۆڕی زانستی و بەهێزکردنی ئــەم مەســـەلەیە لای مســـوڵمانان، تایبەتمەنـدیی زانســتیی خـــەڵکانێکی ئەکادیمیمان بۆ دەخوڵقێنن کە دەتوانن زۆر شت ببەخشن بە گەل، قسـە و بۆچوونەکانی ئەوان کاریگـەرییان زیـاترە لـەسـەر دڵـی خـەڵک، چونکـە دەرگاکانی خێر و بەخشین لە پێنـاو ئیسـلامدا زۆرن و لـە ژمـارە نایـەن، پێویستە ئێمەی مسوڵمان لە هەموویان بدەین بە هـەموو جۆرەکانیانـەوە

و بەپێی توانا هەوڵ بدەین بۆ جۆراوجۆرکردنی هۆکارەکانی کاری خۆبەخشی و جۆراوجۆرکردنیان.

پێویستە چالاکییە بانگەوازییەکان بنێردرێنە دەرەوەی هۆڵەکانی وانەوتنەوە و شوێنی پەرستشەکان، لە دەرەوەی ئەو ژینگانەشدا گرنگی پێ بدەین و لە کەشوهەوایەکی کراوەتردا بەرجەستەی بکەین، لەجیاتیی ئەوەی بەبێهوودە قەتیسی بکەین و بیخنکێنین لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا. هەروەها پێویستە ئەم چالاکییانە وا لێ بکەین کە هەمووان بگرێتەوە و لەگەڵ هەمووان‌دا کاریگەر بێت، مسوڵمانان هەوڵ بدەن لە ڕێگەیەوە کەلێنەکان پڕ بکەنەوە و کەموکوڕییەکان تەواو بکەن و زیانەکان لا ببەن لەسەری، سوود و قازانجی بۆ فەراهەم بهێنن.

لە ڕاستیدا بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی ڕاستەقینەی مزگەوتەکان و بەرهەمدارکردنیان، بەوە دەبێت کە ڕۆڵیان لە گۆمەڵگاکاندا وەگەڕ بخەین، نەک بە ئاوەدانکردنەوەی ماددی و ڕووپۆشکردنی.

# له بارەی میتۆد (منهج)ەوە

**دیـــــدگای ورد و ڕەچـــــاوکردنی میـانگیری، لـه گرنگتـرین بنـەماکانی کـــاری خۆبەخشـــیی ئیســــلامیی سەرکەوتووە.**

سەرکەوتن ڕێگای خۆی هەیە، پێویستە مسـولْمانان هەنگاوبەهـەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ لە ڕێگەی جێبەجێکردنی میتۆدێکی پلانبۆداڕێژراو بۆ کاری بانگەواز لەسەری برۆن، بە شێوە گشتییەکەی بۆ کاری بەکۆمەڵ بۆ خزمەتی مسولْمانان، پێویستە ئەم میتۆدە لەسەر ڕوونییەکی تەواو بۆ دیدگا و ئامانجەکان ڕاوەستابێت کە دەمانەوێت پێی بگەین، پاشان بەدواداچوونی ئەو ڕێکارانەی کە گیراونەتە بەر بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتییان، هەروەها پێویستە دڵنیا بین لە هەڵبژاردنەکانمان بۆ ئەو کەسانەی کە کار دەکەن لەسەر جێبەجێکردنی کارەکە بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنیان، بە شێوەیەک کە دەبێت ئەوانە هەڵبژاردە بن و لێهاتوویی پێویستیان هەبێت، لەدوای ئەمانە دەچین بۆ گرنگیدان بە گەڕان بەدوای وردەکاری و داهێناندا. ئەمانەی باسمان کرد، بەپلەبەندی دێن لە مێتۆدی پلاندا.

بەڵام لە میتۆدی کارەکە و جێبەجێکردنیدا، ئەوەی لەدوای دیاریکردنی ئامانجەکان بە وردی و ڕوونی پێویستە ئەوەیە کە بگەڕێین بەدوای هۆکار و پێداویستییە گونجاوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە، لەگەڵ کۆشش و هەوڵدانی تەواو بۆ سوودوەرگرتن لەو شتانەی لەبەر دەستماندایە، ئەو توانایەی کە دەتوانین فەراهەمی بهێنین.

لێرەدا دوو پایەی گرنگ هەن بۆ کاری بانگەواز، ئەوانیش: دیدگای ورد و ڕوون لەگەڵ میانڕەوی، ئەم دووانە بەبێ تێپەڕاندن و کەمتەرخەمی؛ لە گرنگترین بنەماکانی کاری بانگەوازی سەرکەوتوون، پایەی سێیەمیش بریتییە لە پشتبەستن بە ڕوانینێکی گشتگیرانە بۆ ژیان، بەوەی کە دەبێت بڕوامان وا بێت کە ئیمان هیچ لایەک لە لایەکانی ژیان فەرامۆش ناکات.

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە لەسەرمان کە دیدی ئیسلام بەو شێوە فراوانییەوە بگەیەنین بە خەڵک، بەو تێگەیشتنە فراوانەوە کە خودا مەبەستیەتی تێیبگەین، هەندێک لە دەقەکانیان پێ لەبەر بکەین لە ڕووی تێگەیشتن لێیان و زانینیان و پاشان بەرجەستەکردنیان، هەروەها زۆر گرنگە کە ئەو تێڕوانینە گشتگیرانە و تەواوکارییەی ئیسلام  بۆ کەسانی بەرامبەر کە ڕێنماییان دەکەین؛ فەراهەم بهێنین، بە شێوەیەک کە لەگەڵ گرنگیدانەکانی بەرامبەردا گونجاو بێت.

ئەرکی ئێمە ئەوەیە کار بکەین لەسەر ئەوەی کە مانای مسوڵمانبوون لە براکانمان بگەیەنین، ئەوانیش کار بکەن لەسەر بانگکرنی کەسە ناسراو و نزیکەکانیان لە مسوڵمانە ناپابەندەکان، بۆ ئەوەی هەست بە ئارامیی ئیمان بکەن، ئەمەش وا پێویست دەکات کە زۆر بە ڕوونی و شەفافیەت باس لە تەواوی بنەما و لقوپۆپەکان بکەین لە قسەکردنمان

لەگەڵیاندا. هەروەها پێویستە ئەو گوتارەی هەمانە؛ بۆیان یەک شێوە بێت بەبێ هەڵوەشاندنەوە و دژبەیەکی تیایدا، هەروەها نابێت شتێکمان لا بێت بیشارینەوە لە هیچ کەس.

لە هەموو کات و شوێنە جیاکاندا پێویستە گوتارەکانمان گوتاری قەڵەم و نووسراوەکان بێت، واتە ئەو بابەتانە بێت کە بەتەواوی لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردووە نەک سەرپێییانەی خێرا بێت، بۆ ئەوەی گوتارەکەمان هاوشان بێت لەگەڵ جموجۆڵ و هەڵسوکەوتەکانمان و ڕوونی و شەفافیمان لەبەردەم هەمووواندا.

کاری خۆبەخشی ئەمڕۆ پشت دەبەستێت بە تێڕوانینی گشتگیرانە و تەواوکاری بۆ ئیسلام، ئەو دیدە گشتییەی کە دەست بە هەموو بەشەکانی ژیانەوە دەگرێت، هیچیان فەرامۆش ناکات و پەیوەندییەکانیان لەنێو یەکتردا دەرک پێ دەکات، هاوکێشەی گونجاوی لەنێوان ئەم بەشانەدا دەخاتە ڕوو لە بازنەیەکی تەواوکارییانەدا، ئەوەی کە شایستەی پێشخستن و لەپێشترینە شەرعییەکانە؛ پێشی دەخات، بەپێی فیقهێکی هاوچەرخ کە هەموو گۆڕانکارییەکانی ژیان لەبەرچاو دەگرێت، چونکە ئیمان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ژیانەوە و پێویستە سوور بین لەسەر لەسەر ڕاگرتنی ئەم پەیوەندییە، ئەمەش بەوە دەبێت کە لە سەرەتاوە کار بکەین لەسەر پەروەردەکردنی مسوڵمان لەسەر بنەما ڕاستەکان بۆ ئیمان و جێبەجێکردنی، ئەمەش لە ڕێی وابەستەکردنی ئیمان بە ژیانەوە.

نابێت هەرگیز لەبیرمان بچێت کە خوێندن و فێرکردن و پسپۆڕی وەرگرتن؛ چەند گرنگی و سوودی هەیە لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی

ئامـادەکردنی ئیمانـدار، زانیـاری و پسـپۆڕییەکانی چەنـدە کاردانـەوەی ئەرێنییان لەسەر کارە خۆبەخشییەکانی هەیە.

لێـرەدا جێگـەی بیرخسـتنەوەیە کـە گوتـاری خۆبەخشـی گرنگییـەکی تایبەتی هەیە، پێویستە پایەی گوتاری کـاری خۆبەخشـی بـەرز بکرێتـەوە و دەوڵەمەند بکرێت، ئەم گوتارە گوتاری بنەما سـەرەکییەکان و ئامانجـە بەرزەکانە، گرنگی دەدات بـە بناغـەکان و نائالێت بـە لقوپۆپەکانـەوە، پاڵ بەلای بابەتـە گشـتییەکانەوە دەدات و بابەتـە بچـووک و وردەکـان بـەجێ دێڵێـت، زۆر سوودبەخشیشـە ئـەم گوتـارە پشـت ببەسـتێت بـە میتـۆدی ئاسانکاری لە پەیوندیبەستنی مسوڵمان لەگەڵ ئەوانی تـردا، چونکـە وەک دەزانـین ئـایین؛ ئاسـان و ئاسـانکارە، ئاسـانکاریی مسـوڵمانیش لەگـەڵ دەسـتگرتن و گرنگیـدان بـە بنـەما و بابەتـە گشـتییەکانەوە ئـەو ئامانجانـە دەپێکێت کە مسوڵمان کاری بۆ دەکات. هەموو بانگخوازێک کـە بانگـەواز دەکـات بـۆ کـاری چاکـە، کـاری لەسـەر دەکـات. دەبـا گوتـاری مسـوڵمان هاوسەنگ بێت بە بابەتە بنەمایی و و بنەڕەتییەکانەوە، بازنەدراو بێت و دەوڵەمەند بێت بە زانیاری و لەسەر ئاسانکاری ڕابوەستێت.

# لە بارەی ڕێزگرتن لە یاسا فەرمییەکانەوە

**مـــامەڵەکردن لەگەڵ سیســـتم و یاســـا فەرمییەکانـدا؛ ڕێگرییەکـان لەبەردەم کـاری خۆبەخشـیدا لا دەبـات، هێـزی گەیشـتن بە ئامانجەکانی پێ دەبەخشێت.**

سیستم بابەتێکی سەرەکییە لە مانەوە و بەردەوامیی ژیاندا، هەر بۆیە پێویستە هیچ کارێک ئەنجام نەدەین بەبێ ڕەزامەندیی فەرمی، چونکە ڕێزگرتن لە یاسا فەرمییەکان لە کارکردندا لە خزمەتی مسوڵماناندا؛ بابەتێکی زیندوو و گرنگە، هۆکارێکیشە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن، چونکە کاری بەکۆمەڵ وا دەخوازێت کە پابەند بین بە یاسا و بنەما ڕێکخستنیە گشتییەکان، هیچ پاساوێک نییە بۆ پابەندنەبوون بە یاسا و سیستمە فەرمییەکانەوە کە جووڵەی کۆمەڵگا ڕێک دەخات، بەتایبەت لەو ژینگە دیموکراتییانەدا کە ئازادی بەرقەرارە تیایاندا و ئازادییەکان دەپارێزێن و پێشێلیان ناکەن، دوور دەکەونەوە لە خۆسەپاندن و زوڵم و زۆری، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ سیستم و یاسا فەرمییەکان؛ ڕێگرییەکان لەبەردەم کاری خۆبەخشیدا لا دەبات، هێزی گەیشتن بە ئامانجەکانی پێ دەبەخشێت.

لـەم بابەتـەدا ئـەنجامێکی زۆر گرنـگ بەدەسـت دێـت، کـە خـۆی دەبینێتـەوە لـە مەترسـیی پەیوەنـدیی نێـوان کـاری بانگـەوازی و کـاری سیاسی، ئەم مەترسییەش خۆی دەبینێتەوە لە پچڕانی کاری بانگەواز لەگەڵ سیاسـەتی دەوڵـەتان، تەنانـەت جاری وا هەیـە ئـەم پچڕانـە سـەر دەکێشێت بۆ لەدەستدانی هەموو کاری بانگەواز و کارە خۆبەخشییەکان و عەزیـەت گەیانـدن بەوانـەی کـە پێـی هەڵدەسـتن، هـەر بۆیـە پێویسـتە لەسـەرمان وشـیار بـین، بەگرنگییـەوە بڕوانینـە دروسـتکردنی پـردی پەیوەندی و مامەڵـەکردن لەگـەڵ دامودەزگا فەرمییـەکان و دروسـتکرنی پەیوەندیی باش لەگەڵ هەمووان، ئەمەش لـە سـۆنگەی باوەڕبوونمـان بـە بنـەمای گفتوگۆ و دوورکەوتنـەوە لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئـەوانی تردا.

# بۆنەکان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا

**مسـولمانان هەڵەیـەکی توند دەکـەن بـە ڕەتکردنەوەی بەشداری و ئامادەیی لە بۆنە کۆمەڵایـەتی و جەژنـە نەتەوەییـەکان لــە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا کە تیایدا دەژین.**

ژیان لەگەڵ کۆمەڵگا نائیسلامییەکان، واتە ژیان لەگەڵیاندا لە ڕێی ئەو کەسـایەتی و ئاکـارە ئیسـلامییانەوە کـە هەمانـە، بـە سـوودوەرگرتن لـە هەموو ئەو خێروبێرانەی کە لەناو ئەو کۆمەڵگایانـەدا هـەن، بۆ بـرەودان بـەو کەسـایەتییە ئیسـلامییەمان و پێشخسـتنیان بـە شـێوەیەک کـە تێک نـەگیرێت لەگـەڵ جێگیرییـەکانی ئـایین و لـەژێر ڕۆشـنایی کـارکردن بـەو ڕیوایەتـە بەجێیـەدا بێـت کـە لـە ئیمـامی عومـەرەوە گێڕدراوەتـەوە کـە فەرموویـەتی "الحکمـة ضـالة المـؤمن، وهـو أولـی النـاس بهـا"، واتـە: کاربـەجێیی و زانیـاریی سـوودبەخش ئـەو شـتەیە کـە لـە مسـوڵمان ون بـووە، لـە هـەر شـوێنێک دۆزییـەوە؛ ئـەو لـە هـەموو کـەس لەپێشـترە وەریبگرێت و کاری پێ بکـات. بـەڵام بە شـێوەیەک کـە ئـەم پێکەوەژیانـە یارمەتیدانی کەمینە مسوڵمانەکانمان لەبیر نەباتـەوە، چونکـە یارمـەتیدانی کەمینە مسوڵمانەکان لەو وڵاتە نائیسلامییانەدا بەوەی کە لە توانامانـدایە؛ گرنگییـەکی تایبـەتی خـۆی هەیـە بۆ مانـەوەیان بـە پەیوەسـتبوونیان بـە

ئیسلام و مسولمانانەوە لە جیهاندا، ئەم یارمەتیدانەش دەچێتە چوارچێوەی بنیاتنانی کەسایەتییەکی کۆمەڵگاییانەی ئیسلامیی کارکەر کە دەتوانێت وڵاتەکەی بە زانست و ئیمان بەیەکەوە بەڕێوە بەرێت.

گرنگیی بنیاتنانی کەسایەتیی ئیسلامیی سەرکردە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئیسلام خاوەنی چارەسەرە گشتگیرەکانە بۆ گەلانی مسوڵمان و هەموو گەلانی جیهان، ئەمەش پاڵنەرێکی قووڵە لە دەروونی مسوڵماناندا بۆ گەڕان بەدوای چارەسەری بەجێ بۆ هەموو کێشەکان و داڕشتنی پڕۆژەیەکی هاوچەرخی هەستانەوە بە مرۆڤ لە دیدێکی ئیسلامییانەی ژیارییەوە، هەر ئەمەشە کە مسوڵمانانی ڕۆژئاوا ڕێگە بە خۆیان دەدەن کە بەشدار بن لە چارەسەرکردنی ئەو ئاریشانەی لەو کۆمەڵگایانەی کە تیایدا دەژین؛ بوونیان هەیە.

پێویستە سوود لە بۆنە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان وەربگرین، بۆ ئەوەی خەڵکی ڕۆشنبیر بکەین لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا. لە هەڵە کوشندەکانە؛ ڕەتکردنەوەی بەشداربوون لە بۆنە و جەژنە نەتەوەییەکاندا لە ڕۆژئاوا، پێویستە چاو بخشێنینەوە بەو ڕەتکردنەوەیە، بە تێڕوانین بە حاڵەتی هەر وڵاتێک بەجیا، هەر ژینگەیە و بەجیا، بە لێکدانەوەی لایەنە ئەرێنی و لایەنە نەرێنییەکان و مەبەستە شەرعییە هەمووەکی و گشتییەکان و ئەنجامی کۆتایی ئەم هەڵوێستە [١].

---

[١] ئەم وتانەی نووسەر لە سۆنگەی دڵسۆزییەتی بۆ کاری ئیسلامی و بانگەواز لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا، هەرگیز مەبەستی وڵاتی مسوڵمانان نییە، وەک خۆیشی ئاماژەی پێ داوە. (وەرگێڕ)

# ڕوونی و زەڵالی (الشفافية والوضوح)

ڕوونـی و زەڵالـی لە کـاری خۆبەخشـیدا، هەردووکیـان خـاڵی تەرکیزکـردنن کە دەروونەکان ئاسوودە دەکات و ڕێگەکـان ملکەچ دەکات لەبەردەم سەرکەوتندا.

کـاری خۆبەخشـی کـارێکی نهێنـی نییـە، بـەڵکوو ڕێـک و ڕەوان نابێت تـەنها بـە زەڵاڵـی و ئاشـکرایی نـەبێت. ڕوونـی و ئاشـکرایی؛ بەهایـەکی ئیمـانیی جێگیـرە، پێوستیشـە لـە بـەها باڵاکـان بێت لـە کـاری ئیسـلامیدا. شەفافیەت لە کاری پیشەیی و زانستیدا، واتە هیچ دەرگایەک لەسەر هیچ پەیپەر و پڕۆژەیەک دانەخرێت، بەڵکوو شەفافیەت لە کاری ئیسلامیدا بریتییە لەوەی کە هەموو داتا و فایلەکان لەبەر دەستدا بن، هەموو شتەکان لەم کارەدا دەبێت شەفاف و ڕوون بێت، بە بابەتە ئەرێنی و نەرێنییەکانیشەوە وەک ڕوونیی ڕۆژ، واتە پێویستە پرسیار و پرسینەوە لەسەر بنەمای شوێنکەوتنی هەڵسوکەوتە ڕێکوپێکەکان بێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەنجامەکان هەر چییەک دەبێت، هەروەها شەفافیەت ڕەچاوی کات و شوێن دەکات، چونکە پێویستە ئەوە بزانین کە هەموو کات و شوێنێک؛ بارودۆخی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆی هەیە.

پێویستە لەسەرمان گرنگیی شەفافیەت پشتگوێ نەخەین لە کاری گشتیدا، چونکە شەفافیەت خاڵی تەرکیزکردنە، کە دەروونەکان ئاسوودە دەکات و ڕێگەکان ملکەچ دەکات لەبەردەم سەرکەوتندا، هەروەها شەفافیەتی تەواو لە دامەزراوەکانی کاری ئیسلامیدا؛ زللەیەکی بەهێزە دەدرێت لەوانەی ڕقیان لێیەتی و فێڵ و داوی بۆ دادەنێن، ئێمە هەموو کات داوای شەفافیەت دەکەین لە کارکردندا لە هەموو دامەزراوە ئیسلامییەکاندا.

# لەنێوان هزر و جێبەجێکردنیدا

**گرنگیی کۆکردنەوە لەنێوان کاری هزری و کاری مەیدانیدا لەوەدایە کە دەبێ بزانین کە هەریەکەیان وەک باڵێکی باڵندە وان، هیچ کامێکێکیان دەستبەرداری ئەوی تریان نابێت.**

ڕێگای داهاتوو لەبەردەم مسوڵماندا درێژ دەبێتەوە، چەندە وا دیار بێت کە دووورودرێژە، بەڵام باڵەکانی دەەکاتەوە و بانگی دەکات بۆ گەشبینی و کرانەوەی دەروون، بۆ ئەوەی هەڵبستێت و بە هەردوو پێی هزر لەگەڵ کارکردن هەنگاو بنێت، تەنها بە یەک پێ پێش ناکەوێت، بەبێ هەماهەنگی و بەیەکەوەبوونی هەردوو پێیەکان؛ ناتوانرێت ڕۆیشتن بەڕێکی ئەنجام بدرێت، بۆیە پێویستە لەسەر مسوڵمان بیر بکاتەوە لە ڕێی خوێندنەوە و نووسینەوە و بەهاکانی وەحی بخوێنێتەوە لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا، زانیاریی تەواو وەربگرێت لەسەر ڕۆحی ئیسلام و بناغە و بنەماکانی و لەسەر بابەتە نوێیەکانی پێشکەوتنە زانستییەکان خۆی پڕ زانیاری بکات، لە هەمان کاتیشدا پوختەی هەڵێنجراوی بیرکردنەوە و بیرۆکەکانی بنووسێت بە شێوازی تایبەتیی خۆی، لەدوای ئەوەی بەتەواوی ئەوەی خوێندوویەتەوە؛ هەزمی دەکات و لە خۆیدا بەرجەستەی دەکات، بە شێوەیەک دوای ئەوە هەر چی دەینووسێت،

شێوازی تایبەتیی خۆی پێوە دیار بێت، هەروەها دەبێت زۆر جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی کە بیرۆکەکانی ڕاست و دروست بن و نەشاز نەبن، تا بتوانێت ڕێڕەوێکی فیکریی ڕاست و دروست بۆ گەل بنیات بنێت، چونکە ڕێڕەوی فیکری ڕاست؛ شەرعیەتی فیکری بە گەلی مسوڵمانان دەدات، شەرعیەتێک کە خاڵییە لە پێچوپەنا و گرێوگۆڵ و هەڵتۆقانی فیکری نەشاز و ئایدۆلۆجیا لادەر و بەهەڵەبەرەکان.

پێویستە ئەم بەرهەمە هزرییە هاوشان بێت لەگەڵ جێبەجێکردنی کرداری بۆی، نەک وەک هزر بمێنێتەوە و هزر بێت لە پێناوی هزر، بەڵکوو دەبێت هزر بێت لە پێناوی جێبەجێکردنیدا، چونکە کۆکردنەوە لەنێوان کاری هزری و کاری مەیدانی؛ بابەتێکی زەرووریيە، گرنگیی کۆکردنەوە لەنێوانیان وەک گرنگیی هەردوو باڵی باڵندە وایە، هیچ باڵێکیان بێنیاز نییە لە باڵەکەی تر، هەردووکیان تەواوکەری یەکترن.

تەواوکاری (التكامل) لەنێوان هەردوو لایەنی هزری و کرداری، واتە لایەکیان بەسەر لایەکەی تردا سەر نەخەین، ئەگەرچی هزر و بیرکردنەوە میتۆدێکی گرنگە لە کاری بەکۆمەڵی مسوڵماناندا، بەڵام نابێت بە ناوی هزرەوە ستەم بکەین لە لایەنی کرداری، گومانی تێدا نییە کە لایەنە کرداریيەکەش پێویستی بە ڕێژیەکی باش لە بیرکردنەوە و وەگەڕخستنی هزر هەیە، هەر لە ڕێکخستن و پلاندانان و بەرنامەڕێژی لە ڕووی کات و شوێن و... هتد، هەر بۆیە کاری دامەزراوەیی پێویستی بە خۆتەرخانکردن و وردبوونەوەی زۆر و ڕێنمایی و هەڵسەنگاندن هەیە.

کاری لێکۆڵینەوە هزرییەکان لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە یارمەتیی دارایی هەیە، پێویستی بە سەربەخۆییش هەیە، بۆیە زۆر پێویستە گونجاندنی تەواو لەنێوان سەربەخۆیی و یارمەتیدانی داراییدا بکەین، چونکە پێویستە یارمەیدانی دارایی زامنی سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەکان بێت، لێکۆڵینەوەکان ملکەچی هیچ سەرچاوە و تاقمێک نەبن، تاکە ئامانج لێیان؛ بێلایەنی و بابەتیبوون و پابەندبوون بە میتۆدی زانستییانە بیت، بۆ گەیشتن بەو دەرئەنجامانەی کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت. نابێت دابینکرنی یارمەتیدانی دارایی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە فیکرییەکان بۆ هیچ ئامانجێک بێت، بێجگە لە پاراستنی سەربەخۆیی و بەدوورگرتنی لە لایەنگیری و لادان لە ڕاستیی دەرەنجامەکان. کەواتە دەکرێت بڵێین یارمەتیدانی دارایی، لە یەک کاتدا خاڵی بەهێزیشە و خاڵی لاوازیشە.

بە تێڕوانین بۆ گرنگیی سەربەخۆیی دارایی، ڕەنگە پرسیار بکرێت: لەکوێ دەکرێت سەرچاوەی دارایی سەربەخۆ دابین بکەین لە کاتێکدا کە بمانەوێت لێکۆڵینەوەکانمان دوور بن لە لاینگیری و لادان لە دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوە زانستی و بابەتییەکان، نەک ئەو دەرئەنجامانەی کە بە حەز و مەبەستی لایەنێکە؟ وەڵامەکەی زۆر ئاسان و کاریگەرە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت ئەو لێکۆڵینەوە سەربەخۆیانە لە پارەی مسوڵمان پشکیان هەبێت، بە شێوەیەک سندووقێکی بۆ تەرخان بکرێت یان پرۆژەیەکی لەسەر وەقف بکرێت یان بە هەر شێوەیەکی تر کە کەس نەتوانێت ئەو بێلایەنییەی لێ تێک بدات و لێکۆڵینەوەکان لە ڕێڕەوی خۆی لا بدات.

بە تێڕوانینیش بۆ گرنگیی بوونی دامەزراوەی فیکری کە کار لەسەر لایەنە فیکرییەکان بکات، پێویستە کەسە نوخبەوییەکانیش ئاشنا

بکەین بە سروشتی کاری فیکری و پەروەردەی فیکری، چونکە کاری فیکری کارێکی قورس و خاوە و کاریگەرییەکانی بەخێرایی نایەنە دی و وەک کاری کرداری (عملي) نییە.

ئەم جۆرە دامەزراوانە دەکرێت ڕێگا بۆ هزری ئیسلامی ڕۆشن بکەنەوە، کاری چاکسازی ڕینمایی بکەن و دەستی ڕۆڵەکانی بگرن، هەوڵ بدەن دیدگای داهاتوو دابڕێژن و دەلاقە لەسەر چارەسەرە گونجاوەکان بۆ کێشە ئیسلامییەکان بکەنەوە.

باشە ئامانجەکانی میتۆدی هزری بۆ ئیسلام چییە؟ بەو پێیەی کە ئیسلام نەوەکانی پەروەردە دەکات و دەروونیان پاک دەکاتەوە لە دەمارگیری و چەقبەستوویی، ناکرێت ئەم پەروەردەکردنە ببێتە بەڵگە و نیشانەی جیاکەرەوە بۆ مسوڵمانان و نامسوڵمانانیش، تاوەکوو نەگەینە قەناعەتی هزری لە تەواوی بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا، ئەمەش دروست نابێت تەنها لە ڕێی گفتوگۆ و قەناعەتهێنانەوە نەبێت. ﴿وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (النحل: ١٢٥)، واتە: گفتوگۆیان لەگەڵ بکە بە باشترین و نەرمونیانترین شێوە. فیکری ئیسلامی بۆخۆیشی هۆکارە بۆ قەناعەتپێکردن، پێویستە هەموو ڕایەک جێگەی شیکردنەوە و بەڵگە بۆ هێنانەوە بێت، بۆ ئەوەی جێگەی قەناعەتکردن بێت.

مەبەستمان لە شیکردنەوە و بەڵگە بۆ هێنانەوە، جێبەجێکردنی هزری ئیسلامییە لەسەر بابەتە زانستییە هەستپێکراوە ڕوون و دیارەکان، کە بابەتی ڕۆژانەی واقعی و بەرجەستەن لەم کۆمەڵگایەدا یان لە هەر کۆمەڵگایەکی تر، بەپێی کێشە و بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگاکان، بەم شێوەیە گواستنەوە دێتە دی لە

قۆناغی هزرەوە بۆ قۆناغی پیادەکردنی فیکر، ئەوکات فیکر دابڕاو نابێت لە واقیع، بەڵکوو ئاوێتە دەبێت لەگەڵیدا و دەبێتە بەڵگە بۆی. کەواتە پێداویستی وا دەکات کە ڕاوبۆچوون و هزر و بیرۆکەکان و تێز و توێژینەوەکان بێنە دەرەوە لە دووتوێی کتێب و نووسراوەکان، لە شوێنە تەسکەکانی ناو کاغەزەکان بۆ کەشی بەربلاوی فراوانی واقع و ناو کۆمەڵگا، واتە بۆ ئاسۆکانی ژیان و جێبەجێکردنی کرداری.

ئاساییە کە خەڵک بپرسێت لە چۆنێتیی هەڵبژاردنی ئەو بیرمەندانەی کە شان دەخەنە بەر هەڵگرتنی ئەم کارە گرنگە و دەزانن چەند بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە، پرسیار بکەن لە تایبەتمەندیی ئەو کەسانەی ئەم ئالایە هەڵدەگرن و کار دەکەن لەژێر ئەم بەیداغەدا و پابەند دەبن بە سەرگە (مبادئ) و هێنانەکایەی ئامانجەکان، چونکە ئاسان نییە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا خەڵکانێک هەڵبکەون کە بیرمەند بن و شارەزا بن لە زانستە ئیسلامییەکانیان و لە هەمان کاتدا شارەزای زانستە هاوچەرخەکانیشیان بن، واتە بیرمەندانێک بن کەلەپووری مرۆڤایەتییان بەتەواوی شەنوکەو کردبێت و بەرجەستەیان کردبێت، بۆ ئەوەی لە ئاست بەرپرسیارێتیی ئەو کارە گرنگانەدا بن کە بەسەر شانیاندا دراوە، کە کارە گرنگەکانی پێشخستن و گەشەسەندن و بەرپاکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگاکانیاندا یەکەم جار، بێجگە لەو کارە بانگخوازی و خۆبەخشییانەی کە ئەنجامی دەدەن لە کۆمەڵگا نامسوڵمانەکانی تر.

بەم شێوەیە هەست بە گەورەیی ئەو بەرپرسیارێتییە دەکەین کە بیرمەند و نووسەرە ئیسلامییەکان هەڵیدەگرن، قورسیی بەرهەمهێنانی

بیرمەند و نووسەرە سەرکەوتووەکانمان لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بۆ دەردەکەویت.

لە ڕووی مەیدانییەوە تا ئێستاش کۆمەڵگا ئیسلامییەکان پێویستیان بە توێژینەوەی زانستی هەیە کە شەرعزانان و نوێگەرانی شارەزا لە زانستە هاوچەرخەکان پێی هەڵبستن، بۆ ئەوەی ئەو کەلێنانە پڕ بکەنەوە کە ئەم کۆمەڵگایانە لە کۆمەڵگاکانی جیهانی ڕۆژئاوا جیا دەکاتەوە کە پێشکەوتوون لە ڕووی زانستە تەکنەلۆجییە نوێیەکانەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی کاری هزری ئیسلامی چەندین هەنگاو بەرەوپێش بەرن.

مەبەست لە زانستەکانی چەرخ، ئەو لقوپۆپە زانستییە تازانەن کە پسپۆڕییەکانیان بە شێوەیەکی بەربڵاو چەندین جۆرە، تەنها ئەو بواری زانستە تەجریبیانە نین کە تەنها پشت بە تاقیکردنەوە دەبەستن، بەڵکوو بوارەکانی زانستی مرۆڤناسییشن کە جۆراوجۆر و بەربڵاون، کە وای لێ هاتووە پێویست دەکات لەسەر هزری ئیسلامی کۆششی زۆر و چەند هێندە بکات بۆ ئەوەی شەنوکەویان بکات و تێیانبگات و بەکاریان بێنێت، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ مەبەستە جوانەکانیدا بگونجێت، لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانیدا بێتەوە کە لە کۆتاییدا دەڕژێنە خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتییەوە. لێرەوە گرنگیی دانانی فیکری ئیسلامی لەناو زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکاندا هەست پێ دەکەین، تا دەرئەنجام و دەرچەی ئەم زانستانەمان بۆ ڕوون بێتەوە، بزانین چەندە گونجاوە لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا.

گرنگیدانی مسوڵمانان هەر لە کۆنەوە بە زانست، ڕوونە. هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە مسوڵمانەکانی سەرەتا هەستیان بە گرنگیی زانست کردووە، چەندین داهێنان و دەستکەوتیان پێشکەش بە مروڤایەتی

کردووه، چەندین لەئاوەزبەدەر (معجزات خارقة)ی زانستییان دروست کردووه کە شوێنەوارەکانی ماونەتەوە هەتا ئێستا، بەکار دەهێنرێن لە فێرکردن وانەوتنەوەدا لە دامەزراوە و پەیمانگا زانستییە هاوچەرخەکاندا، بەتایبەت لە بوارەکانی پزیشکی و ئەندازیاریدا، باشترین بەڵگەش بەکارهێنانی بنەماکانی زانستییە خوارزمییەکانە لە کۆمپیوتەر و بەرنامە ژمارەییەکان. شتێکی بەدیهییە کە بڵێین زانایانی مسوڵمان چەندین خزمەتی گەورەیان بە مرۆڤایەتی کردووە، لەسەروو هەمووشیانەوە میتۆدی زانستیی تەجریبی (المنهج العلمي التجريبي)، بەدەر لەو هەموو ئەو زانیاری و زانستانەی کە لە هەموو بوارەکانی زانست و زانیندا پێشکەشیان کردووە.

ئەم بۆ دواوە گەڕانەوەی زانایانی موسڵمان لە کەمبوونەوەی داهێنانیان و دەستگرتنیان بەناچاری بەوەی کە هزری زانستیی ڕۆژئاوایی لەم ڕۆژگارەدا بەرهەمی دەهێنێت، وامان لێ دەکات کە ناوەرۆکی چەمکی چاکسازیی هزری ئیسلامی ئاشکرا بکەین و ڕاییگەیەنین: چاکسازیی هزری ئیسلامی؛ چاکسازی لە قورئان و فەرموودەکاندا ناگرێتەوە، چونکە ئەمانە پێویستیان بە چاکسازی نییە، بەڵکوو چاکسازی لە خوێندنەوەمان و تێگەیشتنی مرۆڤانەمان بۆ ئەو دەقانە بەپێی سەردەمان پێویستە. لە کاتێکدا کە هەموو دەقێک مەبەستێک و ئامانجێکی هەبێت کە پێویستە بکات بە کەسی مەبەست، ئەمە وا دەکات پێویست بێت تێگەیشتنمان لە دەقەکان ڕێک بخەین، بە شێوەیەک کە کەسی وەرگر لە تێگەیشتنی بۆ دەقەکە بگات بە ڕۆحی دەقەکە و ئامانجەکانی، دوور نەڕوات و چۆن حەز بکات شیکاریی بۆ بکات. هەروەها لە کاتێکدا کە بیسەر بە گوێیەکانی شتێک دەبیستێت،

ئەوکات پێویستی بە عەقڵێک هەیە کە ئەو شتە تێبگات بەبێ توندڕەوی و پەڕگیری، ئەمەش ئەوەیە کە مەبەستمانە لە نوێگەری لە تێگەیشتن لە دەقە ئیسلامییەکاندا، واتە سووربوون و توندبوون لەسەر گرنگیی سوودوەرگرتن لە زانین و زانیارییە مرۆییە هاوچەرخەکان بۆ دووبارە چاوخشاندنەوە بە دەقە ئیسلامییەکان، لەگەڵ پاراستنی بنەماکانی، بەپێی تێگەیشتنی هاوەڵان بۆی و خوێندنەوەیان لەژێر ڕۆشنایی ئەو بابەتە زانستییە تازە هاوچەرخانەی کە پەیدا بوون.

# لێکۆڵینەوە لە ئەزموونەکانی پێشوو

**چەند جوانە مرۆڤ بژیەت لەگەڵ ئەزموونێک کە لە چرکەساتێکدا ڕابردووە، بەڵام کاریگەرییەکەی بەڕوونی لە ژیانی خەڵکدا ماوەتەوە.**

ئامانج لە لێکۆڵینەوە لە هەر ئەزموونێک، وەرگرتنی ئەو وانانەن کە وەردەگیرێت لێی. هەر ئەزموونێکیش؛ تایبەتمەندی و بارودۆخ و سیاقی مێژوویی و جوگرافیی خۆی هەیە (کاتی و شوێنی)، ئەمەش ئەوەیە کە مەبەستمانە لە دەستەواژەی تایبەتمەندی لە ئەزموونەکاندا، بە هەموو ئەو شتانە کە ئەم تایبەتمەندییە هەیەتی لە گۆڕانکاری بە هۆی کەس و کات و شوێنەکانەوە، کە وا دەکات هەر ئەزموونێک جیا بێت لەوی تر، هیچ یەکێکیان لەم ئەزموونانە تەواو وەک یەک نین، چەندە لێک بچن یان نزیک ببنەوە لە یەکتر.

کاتێک دەرک بەم تایبەتمەندییە دەکەین، ئاسان دەبێت هەڵێنجانی ئەو وانانەی کە لێیان وەردەگیرێن، بەپێی ئەو بارودۆخانەی کە دێنە پێش، یان ئەو کەسایەتییانەی کە کارەکە ئەنجام دەدەن، لێرەوە ڕۆڵی گرنگی ژیان لەگەڵ ئەزموونەکان دێتە کایەوە. چەند جوانە مرۆڤ بژیەت لەگەڵ ئەزموونێک کە لە چرکەساتێکی کاتیدا ڕابردووە، بەڵام

کاریگەرییەکەی بەڕوونی لە ژیانی خەڵکدا ماوەتەوە، لەم کاتەدا داهاتوو لە ڕابردوودا دەتویێتەوە و هەردووکیان دەڕژێنە دەلاقەی داهاتووەوە کە ئێمە دەمانەوێت و مەبەستمانە بۆ کاری ئیسلامی.

با نموونەی تورکیا وەربگرین، تورکەکان دەیانوت ئیسلام بەرجەستە دەکەین لە دەروونماندا، بەرجەستەی دەکەین لە ژیانماندا بەپێی توانا، ئەوەی کە کۆمەڵگاش قبووڵی دەکات با جێبەجێی بکات، کارێکی باشیان کرد بەوەی هونەری ئەوەی لە توانادایە (فن الممکن)یان ڕەچاویان کرد، بەمەش نموونەیەکی باش و کاریگەر و شەفاف و بێنیازیان پێشکەش بە گەلەکەیان کرد، خۆشیان بەدوور گرت لە هەموو جۆرەکانی گەندەڵی و فەساد.

ئەگەر سەیری ژاپۆن بکەین، ئەزموونی ئەوان وەربگرین وەک نموونە بۆ وەرگرتنی وانە لێی، دەبینین گەشەسەندن و هەستانەوەی ژاپۆن پێویستە بابەتێکی جێگەی توێژینەوە و گفتوگۆ بێت، وانەیەک بێت گەلانی مسوڵمان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان سوودی لێ وەربگرن، بۆ زانینی ئەوەی چۆن مرۆڤی ژاپۆنی توانیی بازێکی گەورە بدات تا بتوانێت دەوڵەتەکەی بکاتە دووەم ئابووریی گەورەی جیهانی لەدوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەگەڵ ئەو هەموو شەڕ و کاولکارییانەی کە بینییان، لەگەڵ ئەو هەموو ئاستەنگانەی کە هەیانە لە ڕووی کەشوهەوا و بەرز و نزمیی خاک و کەمیی بەرهەمە سروشتییەکان، لەگەڵ ئەو هەموو زەمینلەرزە و لافاوانەی ڕوو لەم وڵاتە دەکات. گومانی تێدا نییە لێکۆڵینەوە لە ئەزموونی وڵاتی ژاپۆن لە پێشکەوتنیان لە زانستە هاوچەرخەکان، سوودێکی زۆر دەگەیەنێت بە گەلانی مسوڵمان، وانەیەکی گەورەشە بۆمان کە چاوی لێ بکەین. لەگەڵ

ئەوەی کە ئەزموونی میسرِی لەپێش ئەزموونی ژاپۆنییەوە بوو، چونکە محەمەد عەلی پاشا کە والیی میسرٍ بوو، خەڵکێکی زۆری نارد بۆ ئەورووپا بۆ خوێندن و وەرگرتنی ئەزموونی پێشکەوتنی ئەو گەلانە، پێش ئەوەی کە ئیمپڕاتۆری ژاپۆن نێردەکانی بنێرێت بۆ ئەورووپا و هەڵوێستە لەسەر ئەو زانستانەی کە هەن لەویَ؛ بکات. بەڕاستی لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەی کە ئەزموونی ژاپۆنی وا لیَ کرد کە سەرکەوتوو بێت؛ بابەتێکی گرنگ و سوودبەخشە بۆ مسوڵمانان، تا هەست بکەن بە شکستهێنانی ئەزموونی میسرِی و بتوانن لێی دوور بکەونەوە لە ئەزموونەکانی داهاتوویاندا.

# شارەزاییەکان (الخبرات) لە نەوەوە بۆ نەوە

**لە کاری دامەزراوەییدا ڕۆڵێکی کاریگەر هەیە کە شـــارەزاییەکان بـــەمیرات بـــەجێ بێڵـــین، کـــە پـــەروەردەی نـــەوەکان دەوڵەمەنـــدتر دەکـــات و لێهاتوویی و شارەزایی زیاتریان پێ دەبەخشێت.**

پێویستە لەسەرمان هەموو تواناکانمـان بکـەین بـە قوربـانی لەبـەردەم مسوڵمانانی ئەو وڵاتـەی کـاری تێدا دەکـەین، بەبـەر چاویانـەوە و بەبـەر بیستنیانەوە ئەم کارە بکەین، هەنگاو بنێین لەگەڵیاندا، هەنگاوبەهەنگاو، تا ئـەو کاتـەی کـاتی شـیرلێبڕینەوەیان دێت خۆیـان تونـد دەکـەن، ئـەوکات سـەرکردایەتیی بەرپرسـیارێتییەکانیان دەدەینـێ، ئێمـەش بـەرەو ئاسـۆ نوێکـان و دۆزینـەوە نوێیـەکان لـە کێڵگـەکانی تـردا دەڕۆیـن، ئەمـە پێـی دەوترێت میراتگرتنی دامەزراوەیی، ئەوەی کە ئەگـەر نـەما یان ڕاوەسـتا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، ئەوا گەلانی مسوڵمان زۆر زیانی لێ دەبینن.

نەگواســـتنەوەی لێهاتوویيـــەکان و شـــارەزاییەکان بـــە شـــێوەیەکی دامەزراوەییانە؛ کارێکی ترسناکە، چەنـد بـوون ئـەو چاکسـازە گەورانـەی کـە کاریگەرییـەکانیان ڕاوەسـتان لـە چرکـەکاتێکی دیـاریکراودا، پاشـان جێدەستەکانیشیان وردە وردە بە شێوەیەکی کرداری نـەما، وەک ئـەوەی هـەر نـەبوون. چەنـد جێگـەی پەژارەیـە کاتێـک چـاو دەخشـێنینەوە بـە

مێژوودا، دەبینین کە زۆربەی کۆششەکانیان بەفیڕۆ چووە بە هۆی نەبوونی کرداری میراتگرتنی دامەزراوییانە (عملية التوريث المؤسسى).

بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی سوودوەرگرتن لە کەسانی بەئەزموون و شارەزا بۆ گواستنەوەی ئەو شارەزایی و لیهاتووییەیان بۆ نەوە هەڵکشاوەکانی تر، پێویستە چەند وردبوونەوەیەک بخەینە ڕوو بۆ چۆنیەتیی سوودوەرگرتن بە شێوەیەک لە شێوەکان لێیان، بەبێ ئەوەی کە ئەمە ببێتە ڕێگر لەبەردەم گەنجان.

لەم نێوەندەدا کاری بەکۆمەڵی دامەزراوەیی ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە گواستنەوەی شارەزایی و لێهاتووییەکان، کە مەبەست لێی پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتووە و پێدانی شارەزایی زیاترە پێیان. بۆ هێنانەدیی ئەمەش، پێویستە بگەڕێین بەدوای بەرنامە پەروەردەییەکان و یارمەتیدەرە مەعریفییەکان کە دەکرێ یارمەتیی ئەم نەوەیە بدەن، لە ڕێی کاری دامەزراوەییەوە هەوڵە تاکەکەسییەکان هەنگاو دەبڕن بۆ کاری بەکۆمەڵ و میتۆدییانە، سوود لە ئەزموونەکانی پێشوو وەردەگرن لە کاتێکدا کە دەڕوانرێتە ئاسۆکانی داهاتوو.

لە نێوەندی گەڕان بەدوای پێداویستییەکانی بەمیراتگرتنی کاری بەکۆمەڵ، وا دەبینین کە لەو ئەرکە گرنگانەی دەکەوێتە سەرشانی هەموو خاوەن کارێک و هەموو بەشداربوویەک لەو کارەدا، ئەوەیە کە چاو بخشێنێتەوە بە هەموو ئەو دەرئەنجامانەی لە هەر ئەزموونێک لە ئەزموونەکاندا پێیدا تێپەڕیوە یان کەسانی تر پێیدا تێپەڕیون، بۆ ئەوەی شیی بکاتەوە و هەڵوێستە بکات لەسەر کارتێکەرە بەهێز و لاوازەکان تیایدا، لەسەر هۆکارەکانی سەرکەوتن یان شکستهێنان تیایدا.

# لەنێوان گەورەکان و گەنجانەوە

**وەرگرتن و سپاردنی سەرکردایەتیی کاری ئیسلامی؛ خۆی لە خۆیدا هونەرێکی سەربەخۆیە، کردارێکە پێویستە بە لەسەرخۆییەکی تەواو و ڕێکوپێک و لیکتێگەیشتنەوە ئەنجام بدرێت، بۆ دوورخستنەوەی هەر دۆسیەیەک و هەر مەسەلەیەک و هەر بڕیارێک.**

هەموو ئەو بابەتانەی کە لە پێشدا باسمان کردن، ڕاماندەکێشن بۆ لێکۆڵینەوە لە گرنگیی پەیوەندیی لەنێوان گەورەکان و نەژادی گەنجان و تازەپێگەیشتووان لە کاری بەکۆمەڵدا. یەکەم بنەمای ئەم پەیوەندییەش بریتییە لە ڕێزگرتن و بەئەمەکی، واتە بەئەمەکبوون بۆ نەوەکانی پێشوو و گەورەکانی کاروانەکە، گەنجەکان پێویستە ڕێز لە پیرەکان بگرن و بە شێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵ بکەن کە شایستەیە بەوان، ئەمەش نایەتە دی بەوە نەبێت کە بەتەواوی لە هزریان تێبگەین و لایەن و شوێنە بەهێز و لاوازەکانی دیاری بکەین، بەمەش نەوەی گەنجان و داهاتوو دەتوانن هێز و یارمەتی لە نەوەی پیران و پێش خۆیان وەربگرن، ڕەچاوی ئەوپەڕی ڕێز بکەن لە بەرامبەریان.

بەڵام لە ڕاستیدا چەندین بابەتی خەتەرناک هەن کە هەڕەشە لە گەلی مسوڵمان دەکەن، کە ئەوانەش لە تێگەیشتنمان بۆ مانای بە میراتگرتنی

سەرکردایەتی و پشتکردنە ئامانجە گەورەکانەوە پەیدا دەبن، کە دەکرێت تێگەیشتنمان بۆ بەمیراتگرتنی خۆبەخشانە بە پێچەوانەی مانا ڕاستەقینەکەی خۆی وەربگرین. کاتێک سەرکردایەتیکردن بەراورد دەکەین بە دەسەڵات، کە تەنها مەبەست مومارەسەکردنی دەسەڵاتە بەتەنها، خاڵی دەکرێتەوە لە هەموو ئەو ئامانج و مەبەستانەی گرنگن بۆ چاکسازیی حاڵ و دۆخی مسوڵمانان و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی تواناکانیان و بەرەوپێشبردیان. بۆیە بیرۆکەی بەمیراتگرتنی سەرکردایەتی لە کاری ئیسلامیدا نابێت ماناکانی سەرکردایەتیکردن زاڵ بێت بەسەریدا، میراتگرتنی دەسەڵات بۆخۆی نەخۆشییەکی کوشندەیە، بێجگە لە بەڵای زۆر بەملاوە؛ هیچ سوودێکی نییە بۆ گەلانی مسوڵمان، تەنها سەر دەکێشێت بۆ چەقبەستوویی، گەلی موسڵمانان بێبەش دەکات لە نوێگەری و گۆڕانکاری.

هەر بۆیە پێویستە کاری بەکۆمەڵ بپارێزین لەم نەخۆشییە کە بەبەردەوامی و بە درێژایی مێژوو گەلی مسوڵمانی تووشی بەڵا کردووە، هەردەم لاڕێی کردوون لە ئامانجەکانیان و ئەوەی بنیاتیان ناوە؛ ناوکۆڵی کردووە بە ململانێ لە پێناوی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات، بێبەشی کردوون لە فەزیلەتی نوێکردنەوەی هزرەکانیان. بۆ ئەوەی زامنی ئەم نوێگەرییە بین کە گەلی مسوڵمانان بەرەو باشترین ڕێگاکانی پێشکەوتن دەبات، پێویستە بیرۆکەی بەمیراتگرتنی دەسەڵات وەلا بنێین و بیگۆڕین، ئەویش لە ڕێی بەهێزکردنی ڕۆشنبیریی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە، ئەگەرنا ئەوا بەردەوامبوون لە دەستگرتن بە سەرکردایەتیکردنەوە و داگیرکردنی بەرپرسیاێتییە گەورەکانی؛ مانای کوشتنی وزەکانی سەرکردایەتیکردن لەلای نەوەی

داهاتوو دەگەیەنێت، ڕەنگە چەند نەوەیەکیش. لێرەوە پێویستە ئەوانەی کە کار دەکەن لە بواری بانگەوازدا، تێبگەن لە ڕۆشنبیریی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، دەستاودەستکردنی سەرکردایەتیکردنی کاریش سوننەتێکی گەردوونییە، ئەمەش نایەتە دی تەنها مەگەر کۆکردنەوە بکرێت لەنێوان هزر و کرداردا، ئەو کۆکردنەوەیەش مەرج و پێوانەی بنچینەییە کە پێویستە بەرجەستە بێت لە سەرکردەکاندا، بناغەی سەرەکییە کە سەرکردایەتی لەسەری وەستاوە. بەم مانا و بیرکردنەوەیە دەکرێت لە کاری گشتی بڕوانین، بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە سوننەتە خوداییەکان لە دروستکراوەکانیدا، واتە مرۆڤ ئەوکات توانای نوێگەری و دۆزینەوەی شتە نوێیەکانی هەیە، چەقبەستوویی لە شوێنێکدا بەجێ دەهێڵێت بۆ شوێنەکانی تر و لە یەک شوێن نامێنێتەوە، بەڵکوو دەبێتە کەسێکی نوێ و گونجاو لەگەڵ شێوازێکی نوێ لە ژیانیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاگاداری پچڕانی پەیوەندی بین لەنێوان هەردوو تاقمەکەدا -نەوەکانی پێشوو و نەوەکانی تازەپێگەیشتوو-، یەکێک لەو هەڵانەی کە دامەزراوە ئیسلامییەکان تێی دەکەون؛ پچڕانی پەیوەندیی سەرکردەکانی پێشووە بە سەرکردەکانی دوای خۆیان، هەر لە کاتی ئاڵوگۆڕکردنەوە، چونکە وەرگرتن و تەسلیمکردنی سەرکردایەتیی کاری ئیسلامی؛ خۆی لە خۆیدا هونەرێکی تایبەت و سەربەخۆی پێویستە، کردارێکە پێویستە بە لەسەرخۆییەکی تەواو و ڕێکوپێکی و لێکتێگەیشتن ئەنجام بدرێت، بۆ دوورخستنەوەی هەر دۆسیەیەک و هەر مەسەلەیەک و هەر بڕیارێک، گرنگترین شت لەم بابەتەدا ئەوەیە هەمیشە پێویستە سەرکردە بەئەزموونەکان هانی سەرکردە گەنجەکان بدەن کە بە هیچ جۆرێک بەرکەوتەی نەرێنییان نەبێت لەگەڵ مامۆستا و زانا ئایینییە

ناوچەییەکاندا، چونکە هەر چەندە هەندێکیان هۆکارن بۆ چەقبەستوویی هزر و بیری خەڵک، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر ئەوان بوون پارێزگارییان کردووە لە ناو و بوونی ئیسلام لەناو گەلەکانیاندا هەتا ئەمڕۆ، لەجیاتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیان، پێویستە دڵیان ڕابکێشین بۆ لای خۆمان بۆ ئەوەی دەرگامان بۆ واڵا بکەن لەبەردەم کاری گشتی بۆ ئیسلامی ڕاست و دروست بەبێ پەرتکردنی تواناکان.

## ئەزموونی نەوەی یەکەم:

لەم نێوەندەدا ئاماژە دەکەین بەوەی کە پێویستە جیاکاری بکەین لەنێوان ئەو خاوەن دەسەڵاتانەی کە دەسەڵاتیان بەمیراتی بۆ ماوەتەوە، کە هەڕەشەی چەقبەستوویی لە گەلانی مسوڵمان دەکەن و لەنێوان ئەو گەورەپیاوانەی کە ئەزموون و لێهاتوویی و زانینیان کەڵەکە بووە بەسەر یەکدا، نەوە بە نەوە لە یەکترەوە بەمیرات وەریانگرتووە، واتە لەنێوان بەهاکانی کەلەپوور و ترسناکیی بەمیراتگرتنی دەسەڵات و کەلەپوور، هەروەها پێویستە ئەمەش هەرگیز ئەوەمان لەبیر نەباتەوە کە دەبێت سوور بین لەسەر گواستنەوەی دەسەڵات بۆ گەنجان لەبەر گرنگیی خوێنبەبەرداکردنی نوێ بە دەسەڵاتدارانی گەلانی مسوڵمان و کاری خۆبەخشانە، سووربوون لەسەر سوودوەرگرتن تا ئەوپەری سنوور لە خاوەن ئەزموونەکان، بەڵام بەو مەرجەی کە نەبنە بەردی بەرپێ لەبەردەم گەنجان و سەرکردایەتیکردنەکەیان، دەبێ تەنها سوود لە ئەزموونەکانیان وەربگیرێت و بە لێکتێگەیشتن و وردکردنەوەی بڕیارەکان بە لەسەرخۆیی و دەستگرتن بە بنەمای "خير الأمور الوسط": باشترین شت لە کارەکاندا، ناوەندگیرییە.

# سەرکردە هەڵکشاوەکان

**با هەموو دەم ڕەوشتمان وا بێت ڕێگە فراوان بکەین لەبەردەم گەنجاندا، دەرفەتەکانیان بۆ فەراهەم بێنین بۆ بەرزبوونەوەیان و هاتنەپێش بەرەو سەرکردایەتی.**

گەنجان بەهایەکی گەورەیان هەیە لە کاری ئیسلامیدا. یەکێک لە ئامانجەکانی کاری ئیسلامی؛ گرنگیدانە بە گەنجان و پاراستنیانە لە ڕامالینیان بەدوای گومان و ئارەزووەکاندا. لە کاتێکدا کە گەنجان پابەند دەبن بە ئیسلامەوە و بەرپرسیارێتییەکان و ئەمانەتەکانی هەڵدەگرن، ئەوکات دەبنە بانگخوازی خۆشەویست لە دڵی خەڵکدا و بەدوای ڕەزامەندیی پاداشت و ڕەزامەندیی خوداوە دەبن.

پێویستە یارمەتیی گەنجان بدەین و کار بکەین لەسەر پاڵنانیان بەرەو سەرکردایەتیکردن، هاوکاریان بین بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی کارکردن تەواو بکەن و ئەزموون پەیدا بکەن. با دروشممان بریتی بێت لە "گەشەپێکردنی گەنجان بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی".

پێشکەشکردنی یارمەتیی پێویست بۆ گەنجان، پاڵیان دەنێت بۆ پەیوەندیبەستنیان لەگەڵ گەنجانی تر لە شار و گوندەکاندا. پەیوەست و پەیوەندبوون لەگەڵیان و تێگەیشتن لە کێشەکانیان و کارکردن لەسەر

چارەسەرکردنیان، دەیانکاتە خاوەن نەختینە (رصید) لەناو خەڵکدا، بەم شێوەیەش پاڵیان دەنێن بەرەو سەرکردەیی، تا خاوەن ئەو هەڵوێستە مەردانانە بن کە گەل پێویستی پێیەتی.

گەشە بە گەنجان نادرێت و یارمەتی نادرێن و پاڵ نانرێن بەرەو سەرکردایەتیکردن، تەنها بە ڕاهێنان نەبێت لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییە سەرکردەییەکان و ڕێگەخۆشکردن لەبەردەمیان بۆ چوونە پێش. بۆ ئەوەی کاری ئیسلامی سەرکردەی نوێی هەبێت، پێویستە کار لەسەر گەنجان بکەین، چونکە گەنجانی ئەمڕۆ سەرکردەکانی سبەینێن و ترپەی دڵی هەموو کارێکی ئیسلامین.

# ئەركی پێشەنگ (القدوة)

**پێشەنگ یاخود نموونەی باڵا، ئەو قیبلەنمایەیە كە گەنجان هەردەم پێویستیانە بۆ ئەوەی ڕووگەی ڕاستی خۆیانیان لە هەڵسوكەوتەكانیاندا پێ بدۆزنەوە.**

زانستە هاوچەرخەكان، بەتایبەت زانستی دەروونناسیی كۆمەڵایەتی، ئەوەیان سەلماندووە كە مرۆڤەكان لە هەڵسوكەوتەكانیاندا و ڕەنگە لە هەموو ژیانیشیاندا شوێنپێی نموونەیەكی باڵا هەڵبگرن و حەز بكەن وەك ئەو مامەڵە و هەڵسوكەوت بكەن، هەر چەندە لە هەندێك قۆناغ یان هەندێك هەڵسوكەوتدا ئەمە قابیلی گۆڕانە و تەنانەت گۆڕینی نموونە باڵاكەش بە هەمان شێوەیە، ئەویش بەپێی گۆڕان لە قەناعەت و بیركردنەوەی مرۆڤەكان و پێگەیشتنیان، بەڵام بوونی پێشەنگ و نموونەی باڵا لە ژیاندا بۆ هاوسەنگیی مرۆڤ و پاراستنی لە هەڵخلیسكان و فەوتان؛ گرنگییەكی جێگیری هەیە. هەروەها ئەم زانستانەش سەلماندوویانە كە پێشەنگ و نموونە باڵاكان؛ مرۆڤەكان پێش خۆیان دەدەن لە شێوازی هەڵسوكەوت و مامەڵەكردنیان، بەتایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەكانی تەمەندا، جاری واش هەیە لەگەڵ مرۆڤدا دەمێنێتەوە لە هەموو قۆناغەكانی ژیاندا.

ئەگەر جەوهەری دین بریتی بێت لە مامەڵەكردن [1]، ئەوە جەوهەری مامەڵەش بریتییە لە هەڵسوكەوت كە گەنجی مسوڵمان پێویستیەتی.

---

[1] ئەم قسەیە لەو پەندەوە سەرچاوەی گرتووە كە دەڵێت "الدين المعاملة". (وەرگێڕ)

کەواتە پێشەنگ یان نموونەی باڵا ئەو قیبلەنمایەیە کە گەنجان هەردەم پێویستیانە بۆ ئەوەی ڕوگەی ڕاستی خۆیانیان لە هەڵسوکەوتەکانیاندا پێ بدۆزنەوە، گەنجانیش بەڵکوو هەموو خەڵکیش پێویستیان بە پێشەنگە، هەمووان تینوون بە نموونە مرۆڤایەتییە جوانەکان تا شوێنپێیان هەڵبگرن، کاریگەر بن پێیانەوە و هەڵسوکەتەکانیان لەسەر شێوەی ئەوان بهۆننەوە.

هەروەک چۆن مسوڵمان پێویستی بە پێشەنگ هەیە، پێویستیشە لەسەری ئەویش ببێتە پێشەنگ و پێشین بۆ خەڵکانی تر لە زانست و کردار و ڕەوشتدا، نموونەیەکی جوان بێت خەڵک سەیری بکەن و شوێنپێی هەڵبگرن. لێرەوە گرنگیی ئامادەکردنی پێشەنگمان بۆ دەردەکەوێت، ئەم ئامادەکردنە بەوە دەبێت کە دەست بەو هەڵسوکەوتانەوە بگرین کە ئیسلام وەسێتی پێ کردوون، مسوڵمانە پیاوچاکەکانی پێشین بەرجەستەیان کردوون لە خۆیاندا، هەموو جووڵە و هەڵسوکەوتێکیان بە ئیسلام بووە، بانگەوازیان کردووە بە کاربەجێیی و ئامۆژگاریی چاک، دەتوانی ئەمە ناو بنێیت "السنة"، سوننەتیش دوو جۆری هەیە: سوننەتی وتەیی (القولي)، سوننەتی کرداری (العملي)، دیارە کە نموونەکانی سوننەتی کردارییش کاریگەرترە لە نموونەکانی سوننەتی وتەیی. بەڵام نابێت کەمتەرخەمی بکەین لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی و کاری پیشەیی بۆ پێشەنگبوون، چونکە ئەگەر بەناو خەڵکدا بڕۆین، بانگیان بکەین بۆ چاکسازی بەبێ بوونی ئەو هێزە ئەکادیمییە یان کارە پیشەییە، ڕەنگە مسداقیەتمان بەهێز نەبێت لە لایان، هەر بۆیە مسداقیەتیش مەرجێکی گرنگە بۆ بوون بە پێشەنگ.

# هەڵوێست بەرامبەر نەیارەکانمان

**نەرمونیانی و گفتوگۆی هێمنانە؛ کۆڵەکەی پەیوەندیبەستنن لەگەڵ نەیارەکانمان، دەبێت ئەوەش بزانین کە بوونی نەیار و ناحەز؛ سوننەتێکی گەردوونییە.**

کاری بانگەوازی ئیسلامی ڕووبەڕووی ناڕازییان دەبێتەوە، بەڵکوو ڕووبەڕووی نەیارانیش دەبێتەوە. بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمانەدا، هەڵگرانی کاری ئیسلامی "ڕوون و ڕەوانی" بەکار دێنن، چونکە ئەمە باشترین چەکە دژ بە نەیاران و ئەوانەی حەز بە سەرکەوتنی ئەم کاروانە ناکەن. ئەم ڕوون و ڕەوانییە واتە مسوڵمان هیچی نییە بیشارێتەوە و لێی بترسێت لە ئاشکرابوونی، تا دەرگاکانی بە ڕوودا دابخات. کەواتە ڕوون و ڕەوانی، نەک ڕووبەڕووبوونەوە. دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاجیاوازان و نەیاران؛ کارێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی دوور نەکەونەوە و کەنارگیر نەبن و نەبن بە دوژمنی کاری بانگەواز، تاوەکوو بانگخواز دووبارە پەیوەندیبەستنەوە لەگەڵیان لەدەست نەدات.

نـەرمونیانی و گفتوگـۆی هێمنانـە، کۆڵەکـەی پەیوەندیبەسـتنن لەگـەڵ نەیارەکانمان. دەبێت ئەوەش بزانین کە بوونی نەیار و ناحەز سوننەتێکی گەردوونییە، هـەرگیز نابێتـە هـۆی لاوازیـی هیممـەت، چونکـە هـەموومان دەزانـین کـە ڕێگـای کـارکردن پـڕە لـە بەربەسـت و ناڕەحـەتی، ڕەنگـە خـەڵکانێک بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان ببنـە هۆکـاری ئەزیـەت جـا بەئەنقەست بێت و هەستی پێ بکەن، یان بەنەزانی و نائەنقەست.

بەهـەرحاڵ، مـرۆڤ ناتوانێـت هـەموو کـەس لـە خـۆی ڕازی بکـات، ناحـەزان هـەر ڕووبـەڕووی دەوەسـتنەوە، شـاعیر "ئیـبن وەردی" زۆر بەجوانی گوزارشتی کردووە لەم حاڵەتە و دەڵێت:

**لیس يخلوا المرء عن ضد ولو**

**حاول العزلة في رأس الجبل**

واتە: حاڵی مرۆڤ خاڵی نابێت لە بوونی نەیار، ئەگـەر هـەوڵیش بدات خۆی پەناگیر بکات لەسەر لوتکەی شاخێکیش.

مـرۆڤ وەک ئـەوەی زانـراوە هەمیشـە لـە ژیانیـدا تووشـی بـەڵا و ناڕەحـەتی هـەر دێت، کەواتـە پێویسـتە هـیچ شـتێک ڕێـی پـێ نـەگرێت لـە گەیشـتنی بـە ئامانجەکـەی، لەسـەروو ئەمەشـەوە پێشـەکییەکان هەمیشـە سەر دەکێشن بۆ چەند دەرئەنجامێک کە بەڕوونی ئەو پێشـەکییانە تیایدا ڕەنگ دەدەنـەوە، دەرهاویشـتەکانیش (مخرجـات) هەمیشـە کاریگـەرن بـە داخڵکراوەکان (مدخلات).

# ئامۆژگاری و ڕاوێژکردن

**ڕاوێژکردن ڕێگای سەرکەوتن و پێکانە لە کارەکاندا، یەکێکە لە بنەماکانی هاوکاری و سازان و پاشان سەرکەوتن.**

ڕاوێـژ بنەمایـەکی سـەرەکییە لـە کـاری ئیسـلامیدا، ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ (الشـوری: ٣٨)، واتـە: کاروباریـان هـەردەم بـە مەشـورەت و ڕاپرسـی و ڕاوێژکارییە، ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ (آل عمران: ١٥٩)، واتـە: لـە کار و پێشـهاتدا پرسـوڕایان پێ بکـە، چونکـە ڕاوێژکـردن کـار دەکـات لەسـەر بـەکارهێنانی بەدیلی گونجاو بۆ بڕیارەکان و ئازادیی تـەواو دەدات بە بەشداربووان لە بڕیاردا، بۆ دەربڕینی ئەو ڕایـەی بـە گونجاوی دەزانێت، بـەبێ سـەپاندن و ئیحراجکـردن، بـەبێ پـەنابردن بـۆ زۆرلێکـردن لـە کەسـێک کـە هەسـتێت بـە کـارێکی دیاریکراو یان جێبەجێکردنی فـەرمانێک. ئەو داواکردنانەی کە لە ڕێـی ڕاوێژکردنـەوە دێنـە کایـەوە، لـە سـنووری ئامۆژگاریـدان و دەرنـاچن، بـەڕاوێژەوە مـرۆڤ لەگـەڵ گرنگیـی کارکردنـدا دەژیەت، پـەروەردە دەبێـت لەسـەر ڕێزگرتن لەو کارەی کە دەیکات و ڕۆڵی کارکردن لـە ژیانـدا بەهەند وەردەگرێت.

ڕاوێژکـردن لـە کارەکانـدا ڕێگـای سـەرکەوتن و پێکانـە، یەکێکـە لـە بنەماکانی هاوکاری و سازان و پاشان سەرکەوتن، لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەری و سوودی زۆری هەیە بۆ ئەوانەی کار دەکەن، مایەی خێر و بەرەکەتـە و مایـەی پاککردنـەوەی دەروونـە لـە ڕاپەسـەندیی خـۆت، ئـەو کەلێنانە دەگرێت کە خۆسەپاندن بۆ ناو کار لێوەی دزە دەکات.

# خۆبەڕێوەبردن (إدارة الذات)

**مسـولمان چـاكە لەگەڵ هەمـوو كەسـدا دەكـات: لەگەڵ ئەوانەی كە شايستەن و لەگەڵ ئەوانەش كە شايستە نين. ئەگەر ڕێی كەوت لە كەسی شايستە و چاكەی لەگەڵ كرد، ئەوە ديـارە ئەو كەسـە شايسـتەيە بـۆ ئەو چـاكە لەگەڵ كردنە. ئەگەر شايستە نەبوو بۆ چاكە لەگەڵ كردن، خـۆ بۆخۆی شايستەی ئەوەيە چاكە بكات و ئەهلی چاكە بێت.**

ڕاوێژكردن لە دەروونەوە دەست پێ دەكات، چونكە دەروون پەيژەی سەركەوتنە: لە خۆتەوە دەست پێ بكە و خۆت بەڕێوەبـەرە يەكـەم جار، هـەوڵ بدە هـەموو وزەت سـەرف بكـە لـە بەخشـيندا، بـۆ ئـەوەی توانـات زياتر بێت لەسـەر داهێنـان و پشتبەسـتن بـە خـۆت. مسـوڵمانی ئـەرێنی و گەشبين پەيامێكی پێيە كە بريتييە لەوەی كە وا هەست دەكات ئەمانـەتی ئيسلامی هەڵگرتووە و خەڵك ئاگادار دەكاتـەوە لـە ئـارەزووە خراپـەكانی دەروون، يەكــەمين ئــارەزووی خــراپيش؛ ئــارەزووی خۆدەرخســتن و پلەوپايـە و نـاوداری و دەركـەوتنی مـن منێتيـە، چونكـە ئـەم سـيفەتە لـە فەوتێنەرەكانی مسوڵمانە و دەبێت خۆی لێ داماڵێت.

لـە سـوود و كاربـەجێيی و عاقڵييـە كـە هەسـتی سـووربوون لەسـەر پارێزگاريكردن لە شتومەكەكان لـەلامان دروسـت ببێـت، خۆمـان ڕابێنـين لەسەر بەئاگايی، نقومبوون لـە خـەودا نەكـەين بـە پيشـە، بـەڵكوو ڕابێـين

لەسەر بەئاگایی لەگەڵ بیستنی هەر دەنگێک یان جووڵەیەک، بۆ ئەوەی ئامادەییەکی عەقڵی و هەستەوەریی هەمیشەیی بەدەست بێنین، کە دەستمان دەگرێت بۆ بنیاتنانی دەرهاویشتەی نوێ لە کەسایەتییەکانماندا، ڕۆژبەڕۆژ ئەو دەستکەوت و دەرهاویشتانە کەڵەکە دەبن و دەوڵەمەند دەبن.

هەروەها پێویستە مسوڵمان گرنگی بدات بە ڕێکخستنی کاتەکانی و دیاریکردنی کارە لەپێشینەکانی، خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕێکخستنی کات و سەرفکردنی کۆششەکانی، بە ڕەچاوکردنی لەپێشخستنی گرنگترینی هەر بابەتێک. لە ڕووی بنەڕەتییشەوە دەتوانین بڵێین مادەم مسوڵمان هەیە، کەواتە دەبێت چالاکی و وزە هەبێت کە سەرف بکرێت، گۆڕانکارییەکی دەروونی و هزری بەرەو ڕووناکی و ڕوونیی دید هەیە، دووبارە خوێندنەوەی خود جار لەدوای جار بەرجەستەیە، بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و هەوڵدان بە گەیشتن بە چاکترین دەرەنجامی گونجاو.

مسوڵمان چاکە لەگەڵ هەموو کەسدا دەکات: لەگەڵ ئەوانەی کە شایستەن و لەگەڵ ئەوانەش کە شایستە نین. ئەگەر ڕێی کەوت لە کەسی شایستە و چاکەی لەگەڵ کرد، ئەوە دیارە ئەو کەسە شایستەیە بۆ ئەو چاکە لەگەڵ کردنە، ئەگەر شایستە نەبوو بۆ چاکە لەگەڵ کردن، خۆ بۆخۆی شایستەی ئەوەیە کە چاکە بکات و ئەهلی چاکە بێت.

لە گرنگترین ئەو وەسێتانەی کە مسوڵمان ڕێنمایی لێ وەردەگرێت بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێکخستی خود: ئەوەیە کە پێویستە بەدوای چارەسەردا بگەڕێت بۆ هەموو گرفتێک، هەروەها مرۆڤەکان بارمتەی زەمانیانن، هەروەها بابەتی ئەمانەتپارێزی جێگەی مشتومڕ نییە، هەروەها حیکمەت و کاربەجێیی ئەو شتەیە کە لە مسوڵمان ون بووە و بەدوایدا

دەگەڕێت بۆ ئەوەی تێبگات و بەکاری بهێنێت لە ژیانیدا و سوودی لێ وەربگرێت پاشان سوودی بە کۆمەڵگاکەی پێ بگەیەنێت، بەڵکوو سوودی پێ بگەیەنێت بە هەموو مرۆڤایەتی بەگشتی. هەروەها دەبێت هەمیشە وا بزانێت کە ئامانجەکەی نزیکە لێوەی، نابێت وەک ئەوانە بێت کە بێبەشن لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان لەگەڵ ئەوەی کە ئامانجەکانیان زۆر نزیکە لێیانەوە و لەبەر پێیایاندایە.

خۆبنیاتنان لە ڕووی زمانەوە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ مسوڵمان، چونکە پێویستە زمانی ئەو گەلە بزانێت کە پەیوەندییان پێوە دەبەستێت. هەروەها لەبەر درێژەدان بە ڕووباری فراوانی زانست و مەعریفە؛ زانینی زمانەکان پێویستن، هەروەها پێویستە لێهاتوویی خوێندنەوەی خێرا فێر ببێت کە کاتێکی زۆری بۆ دەگێڕێتەوە، هەروەها پێویستە لەسەری بەڕێکوپێکی و وردەکارییانە هەموو کارەکانی ئەنجام بدات، ئەگەرنا کارەکەی پەرت دەبێت و ئەو کارە بەکەڵک نایەت، کارێکی نارێک و پەرت؛ شتی سوودبەخش بەرهەم ناهێنێت، بۆیە لەسەر هەموو مسوڵمانان پێویستە کە ببنە کادری بەتوانا لەسەر کارکردن و بەخشین و بەرهەمهێنان چەندە بتوانن، نابێت ببنە کەسانێک تەنها هەر سەیر بکەن.

# بۆ قوتابیانی زانست

**کـــاری خێـــری و خۆبەخشـــی؛ گـــەنجان و خوێندکاران دەپارێزێت لـە ڕاکێشـانیان بـەرەو هەڵـدێرەکانی دەمـارگیری و تونـدڕەوی و ڕای خەڵک بە کەم زانین بە هەموو شێوەکانیەوە.**

ئەو کارە گرنگانـەی کـە پێویسـتە خوازیـارانی زانسـت و خوێنـدکاران جێبەجێی بکـەن، چەنـدین نـاوی بەسـەردا سـەپێنراوە، لەوانـە: ئەرکـەکان، فەرزەکان، پێداویستییەکان... هتد، ئەمانەش لە هەموو حاڵەتێکدا فەرمانن، ئـەرکن، فـەرزن، دەبێـت لـە کـاتی دیـاریکراوی خۆیانـدا ئـەنجام بـدرێن، چەندە پابەندبوون بەو کاتەوە زیـاتر بێت، ئەوەنـدە کرداری فێربوون و فێرکردن چـاکتر دەبێت، بـە هـۆی باشـیی کەڵەکـەبوونی زانیارییـەکان و کارلێککردنیـان لەگـەڵ یـەکتری بـەپێی بنـەمای "گـۆڕانی چەنـدێتی بـۆ چـۆنێتی"، هـەروەها بـەپێی بەرزبوونـەوەی هـزری خوێنـدکار لـە شـتە سـادەکانەوە بۆ شـتە لێکـدراو و ئاڵۆزەکـان، ئـەوە چەنـدە کەڵەکـەبوونی زانیارییان خێراتر بێت، ئەوا ئاوێتەبوون و کارلێک (تفاعل) باشتر دەبێت، بە مەرجێک کۆکردنەوەی ئەم زانیارییانە لە ڕێی لەبەرکردن و دەرخی و بەبەغاییانـە نـەبێت، بـەڵکوو بـە تێگەیشـتن و هەزمکردنـەوە بێـت، ئـەو شـێوازەی کـە پشـت دەبەسـتێت بـە فێربـوون لـە ڕێـی لەبـەرکردن و

دەرخکردنی بێ تێگەیشتن، زۆرێک لە توانای گەشەسەندنی بەهرە جیاوازەکان بەفیڕۆ دەدات و پێشخستنی توانای داهێنان لاواز دەکات، هەر بۆیە پێویستە خوێندکار لە ڕاهاتنی فێربوونی داخراو دەربچێت بۆ ئاسۆکانی فێربوونێکی ڕەهای فراوان لە زانست و زانیاری، ئەمەش نایەتە دی تەنها لە ڕێی ڕاهێنانی خوێندکار نەبێت بۆ بەگەڕخستنی لێهاتوویی بیرکرنەوەی داهێنانانە (مهارات التفكير الإبداعي)، چونکە ئامانجی گەورە و چاک بۆ فێربوونی فێرخواز؛ گەشەپێکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوە و داهێنانیەتی، هەر بۆیە پێویستە خوێندکاران ڕابهێنرێن لەسەر بیرکردنەوە و شیکردنەوە و دەرهێنانی مەبەست و ئامانجەکان و هەڵێنجان و ڕادۆزی، بۆ ئەوەی لێهاتوویی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی داهێنەرانەیان لا دروست ببێت.

ئەگەرچی چەندین ئامۆژگاریی گرنگ هەن کە بدرێن بە خوێندکاران و خوازیارانی زانست، بەڵام ئامۆژگاریی یەکەم ئەوەیە کە ئەرک و فەرمانەکانیان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکەن و دوای نەخەن بۆ کاتێکی دواتر، بەڵکوو پێویستە لە کەمترین کاتی دیاریکراودا جێبەجێی بکەن.

سەرکەوتوویی و لە ڕیزی پێشەوە بوونی خوێندکاران؛ گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەمە بانگەوازکردنە لە ڕێی پێشەنگییەوە. تۆ کاتێک سەرکەوتوو دەبیت لە خوێندندا بەوەی باڵاترین نمرە بەدەست دەهێنیت، هەروەها کاتێک داهێنان دەکەیت لە بوارەکەی خۆتدا کە پسپۆڕیت تیایدا هەیە، ئەوکات تۆ نموونەیەکی ئیسلامیی سەرکەوتووت پێشکەش بە کۆمەڵگا کردووە بۆ ئەوەی خەڵک شوێنی بکەون، ئەمەش بانگەوازێکی کردارییە، بێنیازمان دەکات لە زۆرێک لە ئامۆژگاری بە قسە، ئەمە مانای

ئەوە نییە کە ئەوەندە بکەین و بەس، چونکە پێویستە بەشداری بکەن لە بنیاتنانی کۆمەڵگا و یارمەتیدانی ئەوانی تر، بڕوانامەی ئەکادیمی بەتەنها گوزارشت ناکات لە کەسایەتی بەقەد ئەوەی کە گوزارشت دەکات لە تاقیکردنەوەیەک کە هەندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و چەند ئەزموونێکی کەسییە، ڕاستێتیی توانای خوێندکار و قووڵی و وردەکارییەکەی نیشان دەدات.

لەم نێوەندەدا جەخت دەکەینەوە لەسەر گرنگیی ڕزگارکردنی گەنجانی مسوڵمان لە قۆناغەکانی خوێندندا لە چنگی هەڵخەڵەتێنەر و لەخشتەبردنە هاوچەرخەکان و لە کەوتنە داوەکانیانەوە، بەوەی کە هەوڵ بدەین بیانخەینە بواری کارکردنی گشتییەوە و خەمی کاروانی ئیسلامیی ئوممەتیان پێ هەڵبگرین. کاری گشتی و خۆبەخشی، گەنجانی خوێندکار دەپارێزێت لە ڕاکێشانیان بەرەو هەڵدێرەکانی دەمارگیری و توندڕەوی بە هەموو جۆرەکانیەوە وەک دەمارگیریی ئایینی و ڕەگەزی و زمانی.

پێویستە گەنج پارێزگاری لە ڕێڕەوە زانستییەکەی بکات وەک چۆن پارێزگاری لە ڕەوشت و پابەندییەکانی بە ئایین و ناسنامەکەی دەکات، هەروەها پێویستە پارێزگاری لە هاوسەنگی لەنێوان وەرگرتنی زانست و فێربوون لەگەڵ کاری مەیدانیدا بکات، واتە پێویستە هاوسەنگی لە وانە ئەکادیمییەکانیدا لەگەڵ کارە گشتی و کارە خێرییەکانی و پێداویستییەکانی خێزان بکات، کات و کۆششەکانی بە سەریاندا دابەش بکات، ئەمە بۆ ئەو کەسانەی خوێندنیشیان تەواو کردووە و کاری پیشەیی دەکەن؛ هەر پێویستە.

# بۆ ئەوانەی سەرپەرشتیی فێرکردن دەکەن

**ئەوانەی زانستە شەرعییەکان و زانستە مرۆیی و هاوچەرخەکانیان کۆ کردووەتەوە، شایستەترن بەوەی کە بەرپرسیارێتیی گەلی مسوڵمان تێبگەن بەتەواوی و پێی هەڵبستن.**

لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت وریا بین لەوەی کە گرنگیدان بە زانستە مرۆییەکان و زانستە شەرعییەکان؛ زەروورەتی خۆیان هەیە و ئەوان دەتوانن جارێکی تر عەقڵی ئوممەت دابڕێژنەوە لە ڕووی هزری تیۆرییەوە، بەڵام ئوممەتەکەمان پێویستییەکی زیاتریشی هەیە بە پێشکەوتن لە بواری پراکتیکییشەوە، لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە زانستییە نوێکان و بەشە تازەکانی، وەک زانستەکانی فەزا و ئەندازیاریی بۆماوەیی و زانستە ناوەکییەکان و نانۆ تەکنەلۆجیا و... هتد، لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کۆکردنەوە لەنێوان ڕەسەنایەتی و هاوچەرخیبوون (الأصالة والمعاصرة) لە فێربووندا چەندە پێویستە، ئەوانەی زانستە شەرعی و زانستە مرۆییەکان و هاوچەرخەکانیان کۆ کردووەتەوە، شایستەترن بەوەی کە بەرپرسیارێتیی گەلی مسوڵمان تێبگەن بەتەواوی و پێی هەڵبستن، چونکە ئەوان فراوانتر تێدەگەن لەوانەی کە لەو جۆرە کۆکردنەوەیان نییە لەنێوان زانستەکاندا.

ئەگەرچی دەرگای خوێندنی زانکۆیی کراوەیە بۆ کەسانی سەرکەوتوو لە بوارەکانی پزیشکی و ئەندازیاری، بەڵام ئەمە نابێت ببێتە ڕێگر لە بەردەمیاندا بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە لە زانستە مرۆیی و شەرعییەکاندا.

## له بارەی لێهاتوویی و وریایی سەرکردەوە

**سەرکردەی سەرکەوتوو لەدوای بەجێهێنانی کارەکانی؛ دەست بە پۆستەکەیەوە ناگرێت، بەڵکوو ئەوانی تر بانگ دەکات بۆ وەرگرتنی سەرکردایەتیکردن، بۆ ئەوەی ئەو واز بهێنێت و بچێت کاری تر ئەنجام بدات کە گرنگیی کەمتر نییە لە کارەکەی پێشووی.**

سەرکردایەتیکردن چەندین بەرپرسیارێتی و کاری گرنگن بۆ ئیشکردن و جێبەجێکردن، هەرگیز پۆستێکی تەشریفاتی و شوێنی خۆدەرخستن نییە، چونکە ئەم کارە ئەرکدارکردنی سەرکردەیە و هەرگیز تەشریف نییە بۆی، تەماعکردن لە وەرگرتنی سەرکردایەتیکردنی کارێک نابێت مەبەست لێی داواکارییەکی تاکەکەسییانە بێت بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگادا دیار بێت و بەرز ڕابگیرێت، بەڵکوو دەبێت بۆ هاندان بێت لەسەر کارکردن و بەخشین و خزمەتکردن.

سەرکردایەتیکردن هەم زانستە هەم هونەرە، نا، بەڵکوو زۆر زیاتریشە، زانستێکی سەربەخۆ هەیە بەجیا کە زانستی سەرکردایەتیکردنە، چونکە چەندین ڕوو و تایبەتمەندی و سیفەتی پەیوەست پێوەی هەیە، هەروەها چەندین بنەما و یاسا و ڕێسای خۆی هەیە پێویستە ڕەچاو بکرێن. کەواتە پێویستە لە سەرکردەدا چەند مەرجێکی دیاریکراو هەبن، وەک توانای هەڵگرتنی بەرپرسارێتی و توانای بڕیاردان، ئەزموون لە کاری ئیسلامی... هتد، هەروەها پێویستە کۆمەڵێک سیفەتی دیاریکراوی تێدا بێت وەک زیرەکی و زانست و ڕەوشتی بەرز، چونکە ئەگەر خاوەن زانست نەبێت و

تەنها خاوەن ڕەوشت و بێفیز و ملکەچ بێت، بەڵام ڕۆشنبیریی کەم بێت، ئەوا چۆن دەتوانێت پەیوەندی بە نەوەکانی ئوممەتەوە بکات و تێبگات لە ئاسۆ و ڕەهەندەکانی کارەکانیان! چۆن دەتوانێت تێبگات لە ڕێگرییەکانیان و چۆن زاڵ دەبێت بەسەر کێشەکانی پەیوندیکردن لەگەڵ ئەوانی تر و پێهەڵخلیسکانەکان! لێرەوە لە گرنگیی ئاستی پیشەیی سەرکردایەتیکردن تێدەگەین، چونکە ئاستی پیشەیی و زانستیی ئەوانەی کار دەکەن لە کێڵگەی کاری ئیسلامی، کاریگەریی خۆی هەیە لە سەرکەوتن لە هەر پڕۆژەیەکدا.

ڕوون بوویەوە کە ئەمانەتپارێزیی سەرکردەی مسوڵمان و ئاشنابوون بەو بارودۆخەی کە لە چواردەوریەتی؛ لە گرنگترین ئەو سیفەتانەن کە پێویستن هەبن تیایدا، ئەمە بێجگە لە ئاستی زانستی و مەعریفی و ئەو سیفەتە ڕەوشتییانەی کە دەبێت لە سەرکردەدا بوونی هەبێت. سیفەتێکی جوانی تریش هەیە کە دەبێت ڕەچاو بکرێت لەلایەن سەرکردە سەرکەوتووەکانەوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە سەرکردەی سەرکەوتوو دەست بە پۆستەکەیەوە ناگرێت لەدوای بەجێهێنانی کارەکانی، بەڵکوو ئەوانی تر بانگ دەکات بۆ وەرگرتنی سەرکدایەتیکردن، بۆ ئەوەی ئەو واز بهێنێت و بچێت کاری تر ئەنجام بدات کە گرنگیی کەمتر نییە لە کارەکەی پێشووی، مادەم کاری خۆبەخشی و مرۆڤدۆستی سنووری نییە. سەرکردەی سەرکەوتوو لە وەرگرتنی گەورایەتیدا خۆنەویستە، لای ئەو خۆشەویستیی کارەکە زاڵترە نەک خۆشەویستیی خۆسەپاندن و خۆدەرخستن.

خاوەن ئەزموون و شارەزایان سیفەتەکانی سەرکردە باس دەکەن و پێیان وایە کە پێویستە بەهرەکانی و گرنگیپێدانەکانی جۆراوجۆر بن، لە هەمان کاتیشدا دەبێت لە دەروونیدا خۆی بە زل نەزانێت و خێرا

ئەرکـەکانی جێبـەجێ بکـات، ڕەخنـە بـە سـنگێکی فراوانـەوە وەربگرێـت، سـوور بێـت لـە گەیشـتن بـە دەرەنجامـەکان، حـەز بـە پێشـکەوتن و فراونبـوونی کارەکـەی بکـات، لـە چارەسـەرکردنەکانیدا داهێنـەر بێـت، وشـەکانی سـادە بـن، هەسـت بـە شـانازی بکـات نـەک بـە تەریقبوونـەوە کاتێک دەڵێت: ئەم شتە لە فلان کەسەوە فێر بووم. لە سیفەتە عەقڵییەکان بـۆ سـەرکردەی خۆبـەخش، قـووڵی و ڕێکـوپێکی لـە بیرکردنەوەکانیـدا. سـەرکردەی سـەرکەوتوو کتێـب بـەجێ ناهێڵێت لـە کـاتی خوێندنەوەیدا هەتا تەواوی نەکات، ڕا و بۆچوونەکان و پێشنیارەکانی پێشکەش ناکات تـا ڕێـک و تـەواو نـەبن و بیرۆکـەی جـوان و جیـاواز پێشـکەش نەکـەن، سـەرکردەی سـەرکەوتوو؛ دیـد و زانینـەکانی میتۆدیانـەن و چەمکـەکانی ڕوون و دیارن و ڕۆشنبیرییەکی فراوانی هەیە.

وا باشـە لـەو وڵاتانـەی کـە مسـوڵمانان کۆچیـان بـۆ کـردووە، مـرۆڤ ساڵێک تا دوو سـاڵ سـەرکردایەتیی کـاری خۆبەخشـی وەربگرێـت، ئـەوە ئامۆژگاریی خاوەن ئەزموونەکانە و لەوە زیـاتر بـا سـەرکردایەتیی کـارە جێبەجێکارییـەکان وەرنـەگرێت، بـۆ ئـەوەی هـەل بـۆ زۆرتـرین ژمـارە لـە برایان هەبێت تاوەکوو بەڕێوەبردن و کاروبـاری ئیـداری تـاقی بکەنـەوە، تا کەشوهەوایەک بخوڵقێت کـە بتوانرێت خـەڵکانێکی زۆر بەرهـەم بێنین کە سەرکردایەتیکردنی کاری ئیسلامییان تاقی کردووەتەوە و ئـەزموونی سەرکردایەتیی ئەو جۆرە کارانەیان پەیدا کـردووە، بەرپرسـیارێتییان بـە شێوەیەکی کرداری بینیوە، تـا کاتێک کـە گەڕانـەوە وڵاتـەکانیان؛ بتـوانن ئەو  جۆرە بەرپرسیارێتییانە وەربگرن و بەڕێوەی بەرن.

# ڕاهێنان و ئامادەکردنی سەرکردە

**پێویستە چەند کادرێک ئامادە بکەین کە توانای بیرکردنەوەیان لە داهاتووی مسوڵمانان هەبێت، بتوانن بیر بکەنەوە لە داهاتووی ئیسلام و کاری خۆبەخشی و خێرخوازانە لە هەموو شوێنەکانی جیهاندا.**

لە کاتێکدا کە سەرکردایەتیکردن بەرپرسیارییەتێکی گرنگە، بۆیە نابێت بەبێ ئامادەکردن و ڕاهێنان وەربگیرێت، تا زامنی دەرئەنجامی ئەرێنی و تەندروست بکەین و بەر بگرین لە ئەو ترس و زیانانەی کە پەیدا دەبن لە کەمیی ئەزموون. لە ڕاستییشدا پاڵپشتی ڕاهێنانیش بریتییە لە چاوخشاندن بە ئەزموونەکانی سەرکردە پێشووەکان و وردبوونەوە لە ڕووداو و ئەگەرەکانی داهاتوو. لەم جۆرە ڕاهێنانەدا سەرکردەی ئیماندار بەرهەم دێت، کە دەرک دەکات بە شتە نەخوازراوەکان پێش ڕوودانیان. ڕاهێنان لەسەر سەرکردایەتیکردن، واتە وردە وردە ڕاهاتن لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییە ئیداری و جێبەجێکارییەکان، ئەمانە واتای ئەوەیە کە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی بۆ ماوەیەک ڕاهێنانە لەسەر سەرکردایەتیکردن، بۆیە هەڵەیەکی کوشندەیە بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیکردن هەمووی لە دەستی یەک کەسدا یان چەند کەسێکی داخراودا بهێڵینەوە.

بوارەکـانی ئامـادەکردنی سـەرکردە زۆرن و هـەروەک بەشەکانیشـی زۆرن، ئەمـەش هـەموو حاڵەتـەکانی چانـدنی نەفسـبەرزی لـە دەروونـی سەرکردەکان و ڕاهێنانیان لەسەر هەستان بەو کارە گرنگانەی کە کاری گشتی و خزمەتکردنی خەڵکن؛ دەگرنـەوە، فێرکردنیـان بـە پێویسـتیەتی و گەشەسـەندنی توانـای پەیوەنـدیکردن بـە خەڵکـە گرنگەکانـەوە و توانایـان لەسەر جێبەجێکردنی خێرا بۆ کارەکان؛ بەشێکن لەو ڕاهێنانە.

لێرەدا دوو جۆر لـە سـەرکردە پێویسـتیان بـە ئامـادەکردن و ڕاهێنـان لەسـەر سـەرکردایەتیکردن هەیـە، چونکـە پێویسـتە جۆرێـک سـەرکردەی بانگخواز بەرهەم بێنین بۆ کـاری ئیسـلامی و کـاری خۆبەخشـیی خێـری کـە خۆشەویسـتی برێـژن بەسـەر خەڵکـدا، لـە هـەمان کاتـدا پێویسـتە جـۆرێکی تـر لـە سـەرکردە ئامـادە بکـەین کـار بکـەن بـۆ باشـکردنی بـارودۆخی کەمینـەی مسـوڵمان، واتـە پێویسـتە چەنـد کادرێـک بەرهـەم بێنین بتوانێت بیر لە داهـاتووی مسـوڵمانان و کـاری خۆبەخشـیی خێـری بکاتەوە لە تەواوی پارچەکانی ئەم جیهانـە، سـنوورەکانی چەقبەسـتوویی بیرکردنـــەوە و چاولێکـــەری لـــە بـــواری کردارییـــدا تێپـــەڕێنن بـــۆ چەنـــد ئاسـۆیەکی فراوانتـر، کـە ئیسـلام مەبەسـتیەتی جێدەسـتی خـۆی دابنێـت لەسەریان، واتە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤایەتی: هـزری و وکۆمەڵایـەتی و سیاسی و ئابووری.

لە بواری فێرکردندا با ئەو پەندە چینییە ببێتە درووشممان کە دەڵێت: "هەموو ڕۆژێک ماسییەک مـەدە بـە کوڕەکـەت، بـەڵکوو فێـری بکـە چـۆن ڕاوەماسی بکات". چونکە کاری خۆبەخشی ئـەو شـوێنەیە کـە دروسـت و پێویستە ئەم مێتۆد ومەشخەڵەی تێدا بەکار بهێنرێت.

# چاندنی خەمی کاری خۆبەخشی

**لە خۆت بپرسە: چ شوێنێک هەیە لەسەر نەخشەی جیهان، تۆ دەتوانیت خزمەتی بکەیت بە کۆششەکانت؟**

مسوڵمان دەبێت خەمی کاری خۆبەخش و چاکەکردن و یارمەتیدانی ئەوانی تر هەڵبگرێت، نەک بە مانای خەفەتخواردن لێیان بەتەنها، بەڵکوو بە مانای هەستکردن بەوەی کە ئەرکە لەسەری پەیامی مرۆڤدۆستانەی خۆی بگەیەنێت، بەم شێوە هەستکردنە و بەو مانایەی کە باسمان کرد، توانا و وزەبەخشین دەبێتە کارێکی چێژبەخش. دەبێت ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانمان دانراوە، لەبەر چاومانیدا دابنێین. هەموو کۆششەکانمان ببەخشین لە پێناوی پەیام و بانگەوازەکەماندا، هەموو ڕێگایەک بگرینە بەر کە ڕاست و دروستیی کارەکەمان و جوانیی چاک بەئەنجامگەیاندنەکەی زامن دەکات. بەڵام سەبارەت بە دەرئەنجامەکان، ئەوە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە ئەگەر کارەکانمان بەچاکی کردبێت، خودای باڵادەست پاداشتی ئەو کەسانە بەزایە نادات کە کرداری چاک دەکەن.

بەخشین و قوربانیدان چەندە جوانن، چەندە جوانە بەخشینەکانی مرۆڤ درێژ بێتەوە بەقەد درێژیی تەمەنی، هەستێت بە هەڵگرتنی قورسایی بەخشین و بەئەمەکی، کات و ماڵ و کۆشش و بیرکردنەوەکانی بۆ خودای گەورەی جیهانەکان بێت.

کاتێک دەڵێین لە کاری خۆبەخشیدا کاتمان نییە بۆ ئیسراحەت و تەنبەڵی و بێتاقەتبوون، چونکە ئەم جۆرە کارانە کارێکن پێویستیان بە جووڵەیەکی بەردەوام و زیندووییەکی کاریگەر هەیە، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم کارە پابەندە بە چەند یاسا و ڕێسا و ڕێکخستنێکی کۆنکرێتییانە، وەک سەربازیکردنێکی زۆرەملێ وایە، یاخود کارپێکردنێکی قورسی بەزۆرە، نەخێر وا نییە، چونکە لەم کارەدا هیچ هەست بە ماندووبوونێک نییە، بەڵکوو ئیسراحەت دەدات بە ناخ و دەروون، ڕازیبوونێکی ناواخن و هەستکردنێکی ئاسوودانەت بە کردنی کاری خێر پێ دەبەخشێت، دەبێتە هۆی جۆرێک لە دڵخۆشیی قووڵ کە لە دەروونمدا ئاسوودەییەکی خودی دەبەخشێت، بەدڵنیاییەوە هیچ کارێکی تر ناتوانێت ئەو هەستە دروست بکات، ئەو کارە ماندووکەر و قورس بێت یان نا، یاخود مرۆڤ بەبێ هیچ پاڵنەرێک ئەنجامی بدات.

چەندە پێویستە بۆ ئوممەت کە کاری خۆبەخشی تیایاندا ببێتە ڕۆشنبیری و هەمووان ئەنجامی بدەن، دڵی ئوممەت هەمووی بەیەکەوە بسازێت، بە شێوەیەک بە زمانی حاڵی باوەڕدارانە یەکانگیر بێت، لەنێو جیهاندا وەک سروودێکی خۆشەویستی بچێتە دڵی هەموانەوە و دەنگ بداتەوە. دوور نییە و نامۆ نابێت کە کاری خۆبەخشی و بانگخوازی بە هەموو هێزی، ڕێگەی خۆی داببڕێت بەرەو ئامانجە جوان و مەبەستە بەرزەکانی. تاقیی بکەرەوە و لە لاگیریی حەقدا لە لۆمەی لۆمەکەران مەترسە، لە شتی نوێ مەترسە، چوونە ناو تاقیکردنەوە هیچ کێشەیەکی نییە، با لە چەقی بازنەکەوە بچینە دەرەوەی بازنە و بگەینە چەندین ئاسۆی نوێ، پرسیار لە خۆت بکە چ شوێنێک هەیە لەسەر نەخشەی جیهان تۆ دەتوانیت بە کۆششەکانت خزمەتی بکەیت...

# فیقهی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا

**کاری بانگخوازی ڕاوەستاوە لەسەر تێگەیشتن لە کەرامەتی مرۆڤ، هەر چۆنێک بێت، هەژار بێت یان لاواز یان نەخۆش.**

لەسەر مسوڵمان پێویستە توانای مامەڵەکردنی هەبێت لەگەڵ هەموو جۆری مرۆڤەکان. توانای مامەڵەکردن و هەڵکردن لەگەڵ خەڵکدا، زانست و زانین و ئازایەتی و دادپەروەری و نەرمونیانی و توندی لە کاتی پێویستدا دەگرێتە خۆ، هەموو سیفەتە بەرزەکان ڕەچاو دەکات کە پێویستە مسوڵمان پێیانەوە پابەند بێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لە چنینی پەیوەندیی ئاشتییانە و خۆشەویستی لەگەڵ ئەوانی تردا. لە ئەوانی تردا تاقە کەسێک نییە ناوی بنێین دوژمن، هەموویان برامانن (هەر کەسێک گیانێک بکوژێت بەبێ بەرامبەر و هیچ هۆیەک، یان بە نانەوەی فەساد و خراپەکاری لە زەویدا، وەک ئەوە وایە هەموو خەڵکی کوشتبێت). ئەگەر "بەرز و بڵندی بۆ خودا بێت لە ئاسمانە بەرزەکاندا و ئاشتیی خودایی لەسەر زەوی بۆ مرۆڤەکان فەراهەم بێت"، ئەوە خۆشی و دڵخۆشی دەکەوێتە ناو خەڵکەوە، هەموو خەڵکی، هەموو کەسێک لایەنی ئەرێنی و لێهاتوویی خۆی هەیە، پێویستە تا ئەوپەڕی سنوور سوودی لێ وەربگرین، هەوڵی لەگەڵدا بدەین کە تا چەند دەکرێت خۆی

داماڵێت له لایەنه نەرێنییەکان، هەرگیز مەڵێ: بە خوا فڵان کەس باشە، "بەڵام"...، ئەم وشەی "بەڵام"ە لا ببە و لە ئەندێشەتدا بیسڕەوە.

کاتێک وا دەبێت یەکێک بیرۆکەیەک یان پڕۆژەیەک پێشکەش دەکات، سوور بە لەسەر ئەوەی کە بۆخۆی جێبەجێکاری پڕۆژەکە بێت، بەڕاستگۆیانە بەڵێنی پێ بدە کە دەستی یارمەتیی بۆ درێژ دەکەیت و ڕێگرییەکانی بۆ لا دەبەیت، بەم شێوەیە ئەویش وەک تۆ دەبێتە بانگخواز، لێرەدا چەند بنەما و یاسای زۆر سادە هەن کە دەکرێت ببنە بەڵگە و ڕێنیشاندەر بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت ببنە بانگخواز بۆ خێر و چاکسازی لە گەلەکەیاندا، لەوانەش: پێویستە گرنگی بە ئەوانی تر بدرێت و هەست بە ڕاستگۆییمان بکەن لەو یارمەتیدانەتدا، چونکە زانستی دەروونناسی گەیشتووەتە ئەو ڕاستییە کە هەر کەسێک کە لەدایک دەبێت؛ بە شێوەیەک لەدایک دەبێت کە لەناو چاوانی نووسراوە: "تکات لێ دەکەم دان بنێ بە گرنگیی مندا، وام لێ بکە کە هەست بکەم کە گرنگم لەلات". تەنانەت بەشێکی زانستی هەیە لە مەیدانی زانستە مرۆییە هاوچەرخەکاندا؛ بەشێکی سەربەخۆیە، ئەویش بەشی "سۆسیۆلۆجیای دانپێدانان"ە، جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە کەرامەتپارێزی شتێکی جیا نییە لەوەی باسمان کرد. هەر بۆیە وا مامەڵە بکە لەگەڵ هەر کەسێکدا کە وا هەست بکات لە هەموو کەس گرنگترە، بە شێوەیەک یارمەتیی کەسانێک بدە کە لەگەڵت دانیشتوون لە دانیشتنێکدا، کە کاتێک کە دەڕوات وا هەست بکات کە ئەو گرنگترین کەسە بەلاتەوە لەو دانیشتنەدا، تەنانەت ئەگەر دەتوانیت دەستەواژەکانی بەخێرهێنان فێر بیت بە هەموو زمانەکان، هەوڵ بدە فێری ببیت، چونکە ئەم کارە کلیلی دڵ و عەقڵەکانە.

پێویستە سەرکردە دیدێکی ئەرێنییانەی هەبێت، بۆیە هەوڵ بدە لایەنە ئەرێنییەکانی ئەوانی تر ئاشکرا بکەیت بە شێوەیەک کە بەڕاستگۆیانە بتوانیت ئەو لایەنەی بە چاکە بکەیت، بۆ ئەوەی ئەو لایەنەی خۆی لە دڵیدا گەورە بێت و دەستی پێوە بگرێت و کار بکات لە پێناویدا، چونکە کاری خۆبەخشی ڕاوەستاوە لەسەر تێگەیشتن لە کەرامەتی مرۆڤەکان، چەندە هەژار بێت یان لاواز بێت یان نەخۆش بێت یان لای خەڵک هیچ نەبێت، ئەوە ئەو لە دیدی ئیسلام و مسوڵمانان‌دا مرۆڤێکی ڕێزلێگیراوە بەسەر دروستکراوەکانی تردا.

# مسوڵمانان و سەروەت و سامان

**پێویستە کاری بانگخوازی نەبێت بە ئەرکێک بە پارە ئەنجام بدرێت، بەتایبەت ئەگەر مسوڵمان لە ئاستی سەرکردایەتیدا بوو.**

لە بنەمادا کاری ئیسلامی لەبەر خودایە و "حسبة"یە، مسوڵمان لە بەرامبەریدا هیچ کرێیەک وەرناگرێت، ڕەنگە لە سوودەکانی ئەمە ئەوە بێت کە بڕیارەکان سەربەخۆ دەبن لە سەرچاوەی داراییەکان، بە شێوەیەک مرۆڤ بە کارەکەی خۆبەخش دەبێت بۆ خودای گەورە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبێت دەربچێت لە دامەزراوەییبوون، ئەنجامدانی ئەرکی خۆبەخشی لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی کاری بێ پاداشتی دنیایی و خۆبەخشانەیە، نەک بە ڕەچاوکردنی ئەنجامدانی کاری وەزیفە و ئەرکی ناچاری. ئەمە مانای وایە کە کاری خۆبەخشانەی ئیسلامی لە بنەمادا: خۆبەخشانە و داواکردنی پاداشتە تەنها لە خودا. بۆیە پێویستە لەسەر هەموو کەسێک کە کار دەکات لە گۆڕەپانی کاری ئیسلامدا، خۆی وا پەروەردە بکات کە دوور بکەوێتەوە لە هەر شتێک کە گومانی ماڵیی تێدا بیت، هەوڵ بدات بەقەدەر ئەوەی کە دەتوانێت؛ کارەکەی و کۆششەکەی تەنها لەبەر خودا بێت و هیچ کرێیەکی لەسەر وەرنەگرێت، بەتایبەت ئەگەر لە ڕیزی سەرکردەدا بوو، واتە کاری خۆبەخشی پێویستە نەبێتە کارێکی وەزیفەیی و پێویستە کات و کۆششەکانت لە

بواری کاری خۆبەخشیدا تەنها لەبەر خودا بێت و داوای کرێ و پاداشت تەنها لە خودا بکەیت، ئەمە بەم شێوەیە شیرینییەکی هەیە هیچ شتێکی پێ ناگات، ئەویش شیرینیی ئیمان و داواکردنی پاداشتە تەنها لە خودای خۆت.

کاری خۆبەخشی پێویستی بە کەسانێکە کە باری کارەکە قورس ناکەن بە قورسایی ماددی، پێویستی بەو کەسانەیە کە لە کارە خۆبەخشەکانیاندا نییەتیان ساغ کردبێتەوە تەنها بۆ خودا، زۆر ترسناکە کە کاری بانگخوازیی خۆبەخشانە ببێتە کارێکی وەزیفی و نەخۆشیی خاوەن وەزیفەکان بگرێت و پاشان هەناردەی بکەنە ناو کاری بانگەوازەوە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو کەسانە نەبنە دیلی وەزیفەکانیان و هەتا دەمرن لە ژیانی کردارییاندا هەر بە وەزیفەداری بمێننەوە. کاری بێ پاداشتی ماددی، زۆر شەرەفمەندانەیە.

کێشە نییە مسوڵمان ژیانی بە وەزیفەیەک دەست پێ بکات، لێیەوە ئەزموون و زانیاری فێر ببێت، لێیەوە هەندێک پارەی دەست بکەوێت، پاشان دەربچێت بەرەو ئاسۆکانی کاری کراوە و سەربەخۆ، دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆی پێک بهێنێت، زیانی نییە کە کۆمپانیایەکی هاوبەش دروست بکات لەگەڵ کەسێکی تردا بۆ ئەوەی سوودەکەی گشتی بێت و یەکێکیان ئەوی تر تەواو بکات، بەڵام ئەمانە نابێت هیچی لەسەر کاری بانگخوازی و خۆبەخشی بێت.

# کاری خۆبەخشی و هاوکاریی ماڵی

**مـرۆڤ تـەنها بـە نـان نـاژیەت، بـەڵام ناشتوانێت بەبێ نان بژیەت.**

کـاری خۆبەخشـی؛ کـاری گـەورە لـەخۆ دەگرێـت، پێویسـتە لەسەر ئێمەش تەنها ئەو کارانە بکەین کە پێمـان دەکرێت، پڕۆژەکانمـان بخەینـە بـەر دەسـت لایەنـە بەرپرسـەکان یـان خێرخـوازان، ئەوانـەی کـە دەتوانن بەشداری بکەن لەم کارەدا یان لە کاری تـردا، بـەڵام ئـەم کارانـە لانی کەم پێویستی بە هەندێک پارە هەیە، پێویسـتی بـە پشـتیوانیی مـاڵی هەیە کە زۆر کات وەک پێویست بەردەست نابێت، ئەمەش دەبێتـە کێشـە لەبەردەم کاری خۆبەخشیدا. کەمیشـن ئەوانـەی خەفـەت نـاخۆن لـە کـاتی کەمیی پارە و ماڵدا.

یاسـای گشـتیی کـار وەهایـە کـە زۆربـەی چالاکییـەکان و کـارە گرنگەکان کە دەمانەوێت جێبەجێیان بکەین؛ پەکی دەکەوێت کاتێک کە پارەی تەرخانکراوی پێویست نییە بۆ هەموو چالاکییەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەمە کەسانەی کە بەهیممـەتن؛ دنیایـان لـێ نایەتـەوە یـەک و ئاسـۆ فراوانـەکانیان لـێ تەسک نابێتـەوە کاتێک کە پارەیان کـەم دەبێتـەوە بـۆ چالاکییـەکانیان، کـاری پەرجووئاسـا دەکـەن بـۆ تـەواوکردنی کـارە خۆبەخشەکانیان.

ئیسلامی ڕاست و دروست فێری کردووین کە ئەو پەیوەندییەی کە مرۆڤ بەرز دەکاتەوە؛ لەسەر ئەو ماڵ و سەروەتە نەوەستاوە کە دەیدەیت بە خەڵک، بەڵکوو لەسەر ئەوە بەندە کە چۆن مامەڵە دەکەیت لەگەڵ خەڵکدا، چۆن بەرامبەر وا لێ دەکەیت کە هەست بە ڕاستگۆیی خۆشەویستیت بکات بۆ ئەو، چۆن هەست بکات کە تۆ چاکەی ئەوت دەوێت، لەگەڵ ڕاستیی ئەو قسەیەی کە دەڵێت: "مرۆڤ تەنها بە نان ناژیەت، بەڵام مرۆڤ بەبێ نانیش ناژیەت". کەواتە مسوڵمان پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ ماڵدا بکات؟

لێرەدا چەند شتێکی لەپێشینەیی هەن لە بواری یارمەتیدانی دارایی، ئەگەر کۆکردنەوەی پارە کەمێک قورس بێت بۆ دروستکردنی مزگەوت، ئەوە بۆ پڕۆژە هزری و فێرخوازییەکان یان کۆڕ و کۆنفرانسە هزرییەکان قورسترە، ڕەنگە کۆکردنەوە لەنێوان بەخشین و هەڵگرتنی هەندێک لە سەروەتی کاری خۆبەخشی؛ بیرۆکەیەکی ڕاست بێت، ئەگەر بتوانین فراوانی بکەین بۆ وەبەرهێنان و قازانج و گەشەپێکردن بە ڕێگەیەکی دامەزراوەیی توندوتۆڵ. زۆر باشتر و گرنگترە ئەگەر چەندین ملیۆن خەرج بکەین لە دروستکردنی کارگەیەکی دەرمان، کە دەستی هاوکاری درێژ بکات بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیانە لەوەی کە هەموو ئەو پارانە لە نەخۆشەکاندا خەرج بکەین، پاشان بگەڕێین بەدوای خێر و خێرکەری تردا بۆ دروستکردنی کارگەی دەرمانەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لایەنی بازرگانی جیا بکەینەوە لە لایەنی بانگخوازی (هەر لایەکیان کەسی پسپۆڕی خۆی پێی هەڵبستێت). دەبێت ئەوەش بزانین کە سەرکەوتن لە بواری بازرگانیدا؛ دەرفەتێکی تری بانگخوازییە، ئەویش لەبەر ئەوەی سەرکەوتن و پیشەییبوون و

ڕەوشتبەرزی لە بازرگانیدا و پابەندبوون بە بەهاکانی ئیسلام تیایدا؛ لە ڕیزی گرنگترین جۆرەکانی بانگەوازی کردارین، کە زۆر پێویستیمان پێیەتی لەم ڕۆژگارانەدا. لە چاوەڕوانیی ئەم سەرکەوتنەشدا لە بواری بازرگانی و دەستەبەرکردنی داهات بۆ کاری خێرخوازی، ئەوەی تاکە ڕێگا دەمێنێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کەمیی داهات بۆ بانگەواز، بریتییە لە ئارامگرتن و بەردەوامی لە کارکردندا و نوێکردنەوەی شێوازەکانی، لەو نوێکردنەوانەش دانانی هەندێک بیروبۆچوونی سوودبەخش و کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە تەنگژەکان لە ڕێی چارەسەری ڕیشەییەوە نەک تەنها چارەسەری کاتییانە و ڕووکەش.

# وەقفی خێری و کاری خێرخوازی

**بۆ ئەوەی سەرچاوە داراییەکانی مسوڵمان هەڕەشەی لەسەر نەبێت، یان بارمتەی ئەو سەرچاوەیە نەبێت کە پاڵپشتیی دارایی کارەکانی دەکات؛ پڕۆژەی وەقفی ئیسلامی دەتوانێت هەستێت بە پارمەتیدانی و ئازادی و سەربەخۆیی بۆ دەستەبەر بکات.**

بیرۆکەی دامەزراوەکانی وەقف لە کەلەپووری ئیسلامیدا، لە سەرکەوتووترین هۆکارەکانن بۆ دروستکردنی شارستانیەت و ژیاری ئیسلامی. ئەو هەموو دەستکەوت و داهێنانە زۆرانە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، هەر لە بوارەکانی فێرکردن و تەندروستی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان هاتوونەتە کایەیەوە، لە پارەی ئەو وەقفانەوە هاتوونەتە کایەوە کە لە ڕێگەی خێرخوازانی ژن و پیاوەوە وەقفیان کردووە لەسەر ئەم جۆرە دامەزراوانە، نەک لە ڕێگەی دەوڵەتەکانەوە.

ئەگەر بچینەوە سەر باسی هاوکاریکردنی کاری خۆبەخشی کە نایەوێت لە بارمتەی هەندێک سەرچاوەی داراییدا بێت، کە ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت لەسەر بڕیار و سەربەخۆییبوونەکەیدا، ئەوکات هەست بە گرنگیی وەقف دەکەین، بۆ ئەوەی مسوڵمان هەڕەشەی لێ نەکرێت بە بڕینی ڕزقەکەی و نەبێتە بارمتەی سەرچاوە داراییەکان کە

پشـتیوانیی دارایـی کـارە گرنگـەکانیان دەکـەن، ئـەوا ئـەوقافی ئیسـلامی دەتوانێت هەستێت بە یارمەتیدانی مسوڵمان، ئازادیی تەواوی بۆ فەراهەم بێنێت، بـەو سـەربەخۆییە تـەواوەوە کە ئەوقافی ئیسلامی هەیەتی، بەو توانایـەی هەیـەتی لەسـەر پلانـدانان بـۆ داهـاتوو بـۆ جێبـەجێکردنی ئامانجـەکان و دوورکەوتنـەوە لـە ڕیسـک و کێشـە داراییـە لـەناکاوەکان، دوورکەوتنەوە لە لادانە هزرییەکان؛ دەتوانێت زامنی بەردەوامبوون بێت بـۆ کـارە خۆبەخشـییەکان، لەسـەروو ئەمەشـەوە موسـڵمان سـەربەرز دەکات بۆ ئـەوەی ئـەوە بڵێت کـە پێویسـتە بیڵێت لەبـەر خـودا؛ بەهێز و سوور بێت و لە کەس نەترسێت و لە داراییەکەی خۆی نەترسێت.

# کێشەکانی کاری خۆبەخشی

**مسوڵمان دەزانێت کە ڕێگەی چاکسازی گوڵڕێژ نەکراوە، هەروەها دەشزانێت قورساییەکان و ڕێگیرییەکان؛ کارەکان لەبار نابەن.**

تەنبەڵی و بەهانەهێنانەوە بۆ شکستەکان؛ دوو نەخۆشین تووشی کاری خۆبەخشی دەبن، زۆر ئاسانە لای زۆرێک کە بەدوای چەندین بەهانەدا بگەڕێن بۆ هەر هەڵەیەک، هەر کات شکستیان هێنا؛ بەهانە بۆ شکست بهێننەوە. خاوبوونەوە و تەنبەڵییان پێ باشترە وەک ئەوانەی کە لە ئەشکەوتەکانی تەنبەڵی و گەندەڵیدا دەلەوەڕێن، ترسناکیی ئەم دوو نەخۆشییە ئەوەیە کە دەبنە عادەت و ڕەنگە بگەنە سنووری ئالوودەبوونیش.

زۆر جار لەسەر ئەم کێشەیە یان ئەم ئاریشەیە ڕادەوەستین، باسی دەکەین و قسەی لەسەر دەکەین و شیکردنەوەی بۆ دەکەین، بەڵام ناچین بەدوای چارەسەرەکەیدا بگەڕێین و ڕێکاری پێویست و کاریگەری بۆ بگرینە بەر، تەنانەت جاری وا هەیە تەنبەڵی زۆر زیاد دەکات و ئاڵۆز دەبێت، بە شێوەیەک کە دەگاتە ئەوەی کە تەنبەڵی لە گەڕان بەدوای چارەسەریشدا دەکرێت، گەڕان بەدوای چارەسەرەکەی هەر دوا دەخرێت و خاوەخاوەی لێ دەکرێت بەنیازی ئەو چارەسەرەی کە هەرگیز نایەت و پەیدا نابێت! ئیتر قسەکردن لە کێشە زۆر دەبێت لە

ناوماندا، بەبێ ئەوەی کەس بگەڕێت بەدوای چارەسەردا و بەپراکتیکی کار لەسەر چارەسەرکردنەکەی بکات.

مسوڵمانی ئەرێنی جیا دەکرێتەوەی لە ئەوانی تر، ڕادەکات بۆ ئیسلاح و چاکسازی و ئامۆژگاریی باش. مسوڵمان دەزانێت ڕێگەی ئیسلاح و چاکسازی گوڵڕێژ نەکراوە، لە هەمان کاتیشدا دەزانێت کە قورساییەکان و ڕێگرییەکان کار لەبار نابەن و گەڕان بەدوای چارەسەری کێشەکان؛ هێز دەدات بەو کەسانەی کار دەکەن، لەم بوارەدا هێزیان دەداتێ بۆ زاڵبوون بەسەر قورسییەکان و شکاندنی ڕێگرییەکان.

نەخۆشییەکی تریش هەیە، نەک هەر نەخۆشی، بەڵکوو بەڵایەکە لە کاری گشتی دەدات، ئەویش حەسادەت و ئیرەییە. حەسوودی دزە دەکاتە نێو دڵی بەشێک لەو کەسانەی کاری ئیسلامی دەکەن، چونکە خۆ ئەوان بێگوناهـ نین، دڕکەکان لە قەدی گوڵ نابنەوە، ئەمەیە سروشتی ژیان، بەڵام چەندە پەروەردەیان زیاتر بێت، ئەوەندە دوور دەبن لەم گوناهە و لە کارە ناشرین و ڕەوشتە نەرێنییەکان.

کێشەیەکی تریش هەیە کە هەندێک لە دەوڵەتە ئیسلامییەکان پێوەی دەناڵێنن، لێرەدا بەباشی دەزانین ئاماژەی پێ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە سوودوەرگرتنیان لە بەتەمەنەکان لاوازە، ئەوپەڕی سوودوەرگرتن لە پرۆفیسۆر و خاوەن ئەزموونەکانیان لەدەست داوە، بەتایبەت کاتێک کە ئەوانە دەگەنە تەمەنەکانی شەستەکان و سەرووتر.

کەواتە چۆن دەتوانین خۆمان لەو کێشانە بپارێزین؟ زۆر پێویستە میتۆدی واقیعیبوون و ئەرێنیبوون و کرداریبوون ڕەچاو بکەین لە چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانە لە کاری خۆبەخشیدا لەگەڵ ئەو داهێنانانەی ئەم قۆناغە پێویستیەتی.

# هەندێ ڕێکاری داهێنەرانەی ناتەقلیدی

**پایەکانی پێشەنگی چاک، سیانن: شەفافیەت و ڕاوێژکردن و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە لەبەر خودا (الحسبة).**

لــە ســوودەکانی بەکارخســتنی خــەڵکی نامســوڵمانان لــە کــاری خۆبەخشــیدا، یــان لــە کــاری بازرگــانیی ناخۆبەخشــی، ئەوەیــە کــە شــایەتیدانی ئەمانــە لــە بــارەی ئێمــەوە؛ دیفاعکردنــە لــە ئێمــە لــەجیاتیی خۆمــان، لەبەرامبــەر ئــەو هێرشــە چەواشــەکارییە ڕقاوییانــەی کــە ڕووبــەڕوومان بوونەتــەوە. زۆر جــار بیســتوومانەتەوە کــە لــە شەهادەتەکانیاندا وتوویانە: "ئێمە کارمان لەگەڵ ئەمانە کردووە، پاکی و بێگـەردییان دەزانـین چۆنـە، شـایەتییان بـۆ دەدەیـن کـە ئەمانـە ڕێـز لـە سیستم و یاساکان دەگرن، لایەنگرییان هەیە بۆ دەوڵەت". ئێمە لە ڕووی کردارییەوە سەرکەوتوو بووین، نهێنیی ئـەم سەرکەوتنەشمان لە جوان دانبەخۆگرتنمانـدا و پەیوەندیبەسـتنی مرۆییانـەوە پەیـدا بـووە، ئەمـەش شتێکی سـەیر نییـە، چونکە پێشـەنگی جوان؛ نهێنیی سـەرکەوتنی کاری خۆبەخشانەیە، بۆیە بابەتێکی ئاساییە کە کار بکاتە سەر هەموو خەڵک.

لە بابەتەکانی پێشوودا ڕوونمان کردەوە کە پایەکانی پێشەنگی جوان سـیانن، ئـەوانیش: شــەفافیەت و ڕاوێژکــردن و فــەرمان بــە چاکــە و

بەرگریکردن لە خراپەیە لەبەر خودا. هەروەها گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتن، پەیوەندیبەستن و مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو نوخبەیەی کە بنەماکانی دڵسۆزییان ناسیوە و بەرجەستەیان کردووە، ئەگەرچی ئەوانە کەمیش بن، بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی یارمەتیدانی خودا بۆ مسوڵمان ئەوەیە کاتێک کە خەمی بانگەواز و ئوممەتی هەڵگرت و نییەتی یەکلا کردەوە بۆ خودا و کاری کرد بەوەی کە قەناعەتی پێیەتی و بەجوانی و بەوردی کاری کرد، ئەوە خودا لێی وەردەگرێت و بەرەکەت دەخاتە کارەکانیەوە.

هەروەها لە هۆکارەکانی سەرکەوتن؛ هەڵبژاردنی گڵ و کێڵگەیەکی بۆ خودا سوڵحاوە، سەرەتا دەیکێڵین و تۆی تێدا دەچێنین و ئاوی دەدەین و چاودێریی دەکەین و دەیپارێزین لە ئافات و نەخۆشی، هەتا کاتی چنینەوەی بەروبووم و حاسڵات دێت.

دەتوانین وەڵامی داخوازییەکانی گۆڕانکاری بدەینەوە، هەروەها گۆڕانکارییش بکەین بە ئیرادەی ئیماندارانە و بە هێزی بیروباوەڕ و بە پلاندانان و ڕێکوپێکی و پەروەردەکردنی دەروونەکان و پەرەپێدانی توانا و وزەکان دەتوانین گۆڕانکاری لە واقعدا بکەین بۆ چاکتر. لە کاتێکیشدا کە ویستمان گۆڕانکاری بکەین، ئەوکات پێویستە چالاک بین لە پیشاندانی ئەگەر و بەدیلە باشەکان، ئەسڵیش لە پێشکەشکردنی بەدیلدا ئەوەیە کە لەگەڵ بەها ئیسلامییەکانماندا بێتەوە و لەوێوە سەرچاوە بگرێت.

# کاره لەپێشینە خۆبەخشییەکان

**پێویستە ڕۆشنبیریی تێپەڕاندنی چاکەکردن یاخود زیاد لە ڕێژە بچەسپێنین، هەروەها لە پلەی چاکبوونەوە بچین بۆ پلەی چاکەکردن.**

دیاریکردنی کاری لەپێشینەیی؛ بابەتێکی پێویست و گرنگە، پێویستە کارە لەپێشینەکان دیاری بکەین بۆ ئەوەی لە نێویاندا هەڵبژێرین، یان دەبێ وزەکانمان تەرخان بکەین بۆ ڕوونکردنەوەی لادانی ئەوانەی ڕاجیان لەگەڵمان، لە بەرامبەردا بە شێوەیەکی ناشرین لە وەڵام؛ بەرپەرچمان بدرێتەوە، وزەکانمان لەم نێوەندەدا بەزایە بدەین، یاخود ئەوانە تێپەڕێنین بە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمان ئیسلامی ڕاست و دروست بەبی بەلاڕێدابردن و لادان لە حەق نیشان بدەین، هەروەها بەبێ تێپەڕاندن و کەمتەرخەمی، ئا بەم شێوەیە دەتوانین جێگرەوەی ڕاست نیشان بدەین و گۆڕەپانی ململانێ لەگەڵیان نەکەینەوە.

سەرگە (منطلق)ی دیاریکردنی کارە لەپێشینەکان لە کاری ئیسلامیدا؛ پەیوەستە بە لۆجیکی شەرعی و بەرژەوەندیی کاری خۆبەخشی و ئەو بابەتانەی کە واقع داوای دەکات، نەوەک بەوەی کە تاکەکان دەیانەوێت و حەزی پێ دەکەن لە ساتەوەختێکی مێژووییدا و بەپێی گۆڕانکارییە جیاجیاکان.

پێویسته لەسەرمان ڕۆشنبیریی تێپەڕاندن له چاکەکردندا یاخود چاکەکردنی زیاد له ڕێژه بچەسپێنین، هەروەها له پلەی چاکبوونەوه بچین بۆ پلەی چاکەکردن و له پلەی چاکبوونەوه بچین بۆ چاکسان، له پلەی کۆڵدان به چاککردنی خودی خۆمان بۆ پلەی داخوازیی چاککردنی خود و چاککردنی ئەوانی تر.

خێر و چاکەی کەموکورت و ڕۆشنبیریی کۆڵدان به چاککردنی خودی خۆمان به تەنها و یەکلابوونەوه بۆ چاککردنی نەفس و چاونووقاندن له چاککردنی کۆمەڵگای مسوڵمانان شایسته نییه به ئیمانداران، مسوڵمانانی چەرخه زێڕینەکانی ئیسلام لەو ڕۆژانەی که ئیسلامی ڕاست و دروستیان وەرگرت و لێی حاڵی بوون، هەرگیز بەم به ناو ڕۆشنبیرییه ئاشنا نەبوون.

هەر له فیقهی پێشخستنی کاره لەپێشینەکانه پێویستی و هاندان لەسەر پێشخستنی بەرژەوەندیی گشتی لەسەر بەرژەوەندیی تایبەته، با لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی تایبەتییش بێت، هەروەها پێویسته مسوڵمان تەنها خۆی به کاره گەورەکانەوه خەریک بکات و کاره بچووکەکان فەرامۆش بکات، له هەمان کاتیشدا نابێ تەرکیز بکاته سەر کاره بچووکەکان و کاره گەورەکان پشتگوێ بخات. هەروەها له فیقهی پێشخستنی کاره لەپێشینەکانه که تێبگەین له ئاستی ئەو مسوڵمانانەی که پەیوندییان لەگەڵ دەبەستین، چارەسەره لەپێشینەکان دیاری بکەین بەپێی ئاستی زانینی ئەوانەی که بانگیان دەکەین.

# کۆتاییەک سەبارەت بە میتۆد

لە کۆتایی ئـەم کتێبـەدا بە دەرفەتـی دەزانـم کـە پوختـەیـەکی کـورت و میتۆدیانە باس بکەم سەبارەت بە گرنگترین ئەو بیرۆکـە و ڕاسپاردانەی کە هاتوون تیایدا، لە سێ تەوەردا کۆم کردوونەتەوە:

**یەکـەم:** دەبێـت گرنگییـەکی ڕەهـا بـە کـاری دامـەزراوەیی کـراوەی بەکۆمـەڵی ڕێکخـراو بـدرێت، هـەروەها بـە پلاندارِشـتنی زانسـتییانە بـۆ بانگەواز، دوور لە بێسەروبەری و سەرەڕۆییانە، هەروەها بە بەدیهێنانی پێشەنگی جوان لە کاری خۆبەخشیدا.

**دووەم:** پێویسـتە نوێکردنـەوەی گوتـاری ئـایینی بـە شـێوەیەک بگونجێنرێـت لەگـەڵ سـەرگەی هاوچـەرخ و سروشـتی ئەوانـەی کـە گفتوگۆیـان لەگـەڵ دەکرێـت، هـەروەها پێوسـتیی سـوودوەرگرتن لـە تەکنـەلۆجیای پەیوەنـدیکردن لـە کـاری خۆبەخشـی و فێرکردنـدا و پێویستیی دانانی پردی پەیوەندیبەستن و بەدەستخستنی دڵەکان.

**سێیەم:** پێویستە ئەم ڕێکارانە بگرێتە بەر:

أ- شکاندنەوە بەلای بابەتە ئەرێنییەکان نەوەک نەرێنییەکان، چونکە لە هەر شوێنێک مۆمێک هەڵکرا، تاریکی نامێنێت و دەڕوات.

ب- هەموو دەم ئەوەمان لەبیر بێت کە کۆمەڵگای ئیماندار بنەماکـەی لەسەر ئیسلام بنیات ناوە، ئەو کۆمەڵگایەکی جیاوازە لە کۆمەڵگاکانی تر، خاوەنی بنەما و پرەنسیپی تەوحیدییە هەڵێنجینراوەکانە کە لە هـەردوو

سەرچاوەکەی خۆی: قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) وەرگیراوە.

ت- هەستکردن بەوەی کە گرنگیی کاری هەموو مسوڵمانێک لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە چەند دەتوانێت؛ پانتاییەکی بەپیت دابمەزرێنێت بۆ داهێنان و دەستکەوت، بۆ ئەوەی شتێکی تێدا دروست بکات و کاریگەری بخاتە سەر ئەوانی تر، هەروەها لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە چەند شایستە و گونجاوە بۆ ئەوەی کە ببێتە نموونەیەکی جوان لە مەیدانی خۆیدا و لەبەرامبەر جیهاندا.

**"تەواو بوو سوپاس بۆ خودا."**

# لەبارەی نووسەرەوە

- دکتۆر ئەحمەد تووتنچی، بیرمەند و سەرکردە لە کاری خێرخوازی لە جیهاندا.

- خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەندازیاریی نەوت لە زانکۆی ویلایەتی پەنسلڤانیا.

- بەشدار بووە لە دامەزراندنی دەستەی خێرخوازیی ئیسلامیی جیهانی لە کوێت.

- هەروەها بەشدار بووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی مسوڵمان لە بەریتانیا و ئەمەریکا.

- سەرۆکی دامەزرێنەری دامەزراوەی "الصفا" بۆ وەبەرهێنان لە ئەمەریکا.

- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی، لەگەڵ د. عەبدولحەمید ئەبو سلێمان و دکتۆر ئیسماعیل فارووقی و دکتۆر تەها جابر ئەلعەلوانی و دکتۆر هیشام تالیب و دکتۆر جەمال بەرزنجی و داتۆ سری ئەنوەر ئیبراهیم (جێگری سەرۆکوەزیرانی مالیزیا لە ڕابردوودا).

- دکتۆر ئەحمەد، کۆلێجی ئەندازیاریی نەوت و بەکانزاکردنی دامەزراندووە لە لیبیا.

- بەشی نەوتی دامەزراندووە لە زانکۆی شا سعوود لە شانشینی عەرەبیی سعوودی، بۆ ماوەی دە ساڵ سەرۆکی ئەو بەشە بووە.

# پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ک - ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

- فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.
- گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.
- چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێک دەگرێتەبەر لەوانەش:

- بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.
- هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.
- ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە. هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

### بوارەکانی کارکردن:

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.